# هەڵسەنگاندنی ئامۆژگای واشنتۆن بۆ ئایندەی هـ

## ئایندەی هەرێم ئومێد بەخشە و دەرفەتی بەرەوپێشـ

سەردانی شاندێکی ئامۆژگای واشنتۆن بۆ سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ هەرێمی کوردستان و هەڵبژاردنی دەستەبژێری دبلۆمات و تاییبەتمەند و شارەزا لەسەر باردۆخی سیاسی و ئابووری و حکومڕانی و ستراتیژی بۆ هەرێمی کوردستان، نیشانەی بایەخی دۆسێی هەرێمی کوردستانە لەبەرنامە و پلانی سیاسییەتی حکومەتی ئەمەریکا لە عێراق بەتایبەتی و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەگشتی.

هەروەها ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەنی سیاسی و ستراتیژی و ئابووری و هەڵسەنگاندنی بابەتییانەی چۆنییەتی حکومڕانی لە کوردستان و بڵاوکردنەوەی ئەم لێکۆڵینەوە هەمە لایەنەیە وەك لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی لە ئامۆژگایەکی وەك ئامۆژگای واشنتۆن تاییبەت بە لێکۆڵینەوە لەسەر سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دیسان ئاماژەیەکی دیکەی دڵخۆشکەرە بەو ئاراستەیەی کە دۆسێی هەرێمی کوردستان توخمی سەرەکی ئەو هاوکێشە سیاسییەیە کە ئەمەریکا بە تایبەتی لە عێراق و بەگشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پیادەی دەکات .

ئەم لێکۆڵینەوەیە کە بە ناونیشانی (The Future of the Iraqi Kurds) واتە ئایندەی کوردەکانی عێراق بڵاوکراوەتەوە، هەر لە ناونیشانەکەی هەست بە گۆڕانکارییەکە دەکرێت و ئاماژەیە بۆ ئایندەی هەرێمی کوردستان وەك کیانێك، ڕاستە ئەم کیانە ئێستا بەشێکە لە عێراق وئامانجیشی ئەوەیە لە چوارچێوەی عێراقدا بمێنێتەوە، بەڵام لە باردۆخی تاییبەتی عێراقدا، توانیویەتی بەبەراود لەگەڵ بەشەکانی دیکەی عێراق و دەوڵەتانی دراوسێی عێراقیش، نمونەیەکی جیاواز لە حکومڕانی باش و سەروەریی یاسا و ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادی ڕادەربرین و چالاکی سیاسی پیادەبکات .

هەربۆیە هەست دەکرێت بۆ یەکەمجارە بەمجۆرە لەسەر ئاستی ئەوپسپۆرانەی کە پێشتر لە سەر دۆسێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا کاریان کردووە، بە تێڕوانینێکی تاییبەتمەندانە سەیری هەرێمی کوردستان بکەن و سەردانی تاییبەت بەمەبەستی لێکۆلینەوەیەکی تایبەت ئەنجام بدەن و بیخەنە بەردەم بڕیارسازانی کۆشکی سپی و وەزارەتی دەرەوە و ناوەندەکانی توێژینەوەی دیکەی ئەمەریکا .

ئەمە خۆی لەخۆیدا ئاماژەیە بۆ هەڵکشان و بایەخی زیاتری سیاسەتی ئەمەریکا بە هەرێمی کوردستان لە عێراقدا .

بە دیوێکی دیکەدا ئەگەر ڕەهەندەکانی دیکەی ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ ڕای گشتی کوردستان بخوێنینەوە، هەست دەکەین لێکۆڵینەوەکە پشتی بە کۆمەڵێك داتا و پرانسیپی ستاندەری جیهانی بۆ هەڵسەنگاندنی حکومڕانی باش بەستووە، بۆیە کاتێك داڤید پۆلاك دەیەوێت باردۆخی هەرێمی کوردستان بە ڕای گشتی ئەمەریکا بناسێنێت، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە پێویست کۆمەڵێك لایەن لە بەرچاو بگیرێت و هەڵسەنگاندنەکە هەمەلایەن و سەرتاپاگیر بێت و دەبێت لە میانەی هەموو ئەو باردۆخەی کە هەرێمی کوردستان تیایدا دەژی دەبێت ئاستی حکومڕانی و باری گشتی ئەو هەرێمە هەڵبسەنگێرێت .، بۆئەمەش چەندین لایەنی گرنگی دیاریکردووە لەوانە: ( پێشکەوتنی باری ئابووری .، ئازادی سیاسی و ڕادەربڕین، ئاستی گەندەڵی لە هەرێمەکەدا، پەیوەندی هەرێم لەگەڵ ئەمەریکا، پەیوەندی هەرێم لەگەڵ بەشەکانی دیکەی عێراق و پەیوەندی هەرێم لەگەڵ حکومەتی بەغدا، ئاستی سەقامگیری و ئاسایش لە هەرێمی کوردستان، پەیوەندی هەرێم لەگەڵ دراوسێکانی خۆی ( تورکیا،سوریا، ئێران ) نەك دراوسێکانی عێراق .

ئەم وردەکارییەی لەم ڕاپۆرتەدا کراوە پێشتر لە دیراسەت ولێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکانی دیکە بەو ڕاشکاوییە هەستمان پێنەکردووە و تەنانەت ئەو کتێبەشی تایبەت لەسەر باردۆخی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٥ لە لایەن کۆمەڵێك پسپۆری ئەمەریکییەوە نوسرا



# ەرێمی کوردستان
# ـــەوەچوونی زیاتر هەیە

و باس لە ئایندەی هەرێمی کوردستان دەکات و ناونیشانەکەی ( ئایندەی کوردستانە لە عێراقدا )، بەڵام ئەم لێکۆڵینەوەیە تەنها باسی ئایندەی کوردەکانی عێراق دەکات و وەك کیانیك یان توخمێکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵدا دەکات و،. وەك کیانێکی سەربەخۆش بە داتا و ستاندەری جیهانی بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی حکومڕانی باش و پێشکەوتنی ئابووری و ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ هەڵدەسەنگێنێت، بەڵام ئەوەی لە هەموویان جێگەی بایەخ و سەرنجە و لێکۆڵینەوەکە دەخاتە قاڵبێکی واقیعییانە ئەوەیە، بە دیدێکی واقیعیانە باردۆخی کوردستانی هەڵسەنگاندووە، ڕاستە بەراوردکاری و هەڵسەنگاندنەکەی لەسەر بنەمایەکی ئەکادیمییە، بەڵام حکومدانی لەسەر ئاستی پێشکەوتن و ئەدای حکومڕانی و پێشکەوتنی ئابووری کوردستان، بەپێی باردۆخی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و، لەمەشدا زیرەکانە هەوڵیداوە واقیعی کوردستان وەك خۆی بە پێی ئەو ناوچە جوگرافییەی کە هەرێمی کوردستان بەشێکێتی بگوازێتەوە بۆ ڕای گشتی ئەمەریکا .

لەم ڕوانگەیەشەوە هەوڵیداوە لە ڕەهەندی بیرکردنەوە و بەرنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان تێبگات، هەربۆیە پێش ئەوەی سەردانی کوردستان بکات هەوڵیداوە تێڕوانی ئایندەیی سەرۆکی حکومەتی کوردستان بزانێت بۆئەمەش وەك لە لێکۆڵینەوەکە ئاماژەی پێکراوە ئەو دیمانەیەی پرۆفیسۆر براندن ئۆلیری بە هەند وەرگرتووە کە تیایدا سەرۆکی حکومەتی کوردستان گوتویەتی :( سیستەمی سیاسیمان، سیستەمی دادەوری و ژێرخانی ئابووریمان و سیستەمی خوێندنمان پێویستی بە نوێکردنەوە هەیە، ئەمەش بە هاوکاری دۆستەکانمان و بەهەوڵی خۆمان ئەنجامی دەدەین ) ئەمەش سەرچاوەکەیە("A Vision for the Future: Professor Brendan O'Leary Interviews Prime Minister Nechirvan Barzani." in The Kurdistan Region)

بۆ تێڕوانینی ئەمەریکاش بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان ئاماژەکان یان ئەو تێبینیانەی لەبەرچاوگرتووە کە دیك چینی جێگری سەرۆکی ئەمەریکا لە میانەی سەردانەکەیدا لەمانگی مارتی ڕابردوو ئاماژەی پێکردووە("Remarks by Vice President Cheney and Kurdish Regional Government President Barzan).

بۆ ئاستی هەڵسەنگاندنی هاوپەیمانییەتی نێوان کورد و ئەمەریکاش لایەنە نەیارەکانی دژی ئەم هاوپەیمانییەتییەی لەبەرچاو گرتووە، هەربۆیە وەك بەرپەرچدانەوەیەك بۆ ڕاپۆرتەکەی مایکل ڕۆبن ("Is Iraqi Kurdistan a Good Ally?") ئایا کوردستانی عێراق هاوپەیمانێکی باشە ؟ کە تیایدا هەمووو باردۆخی هەرێمی کوردستان و پەیوەندنی نێوان کورد و ئەمەریکای شێواندبوو ئەم ڕاپۆرتە بە شێوەیەکی ئەکادیمی و لە میانەی ڕاپرسییەکدا ناوەڕۆکی ئەو ڕاپۆرتەی بە درۆ خستۆتەوە، بەپێی ئەو ڕاپرسییەی لەم ڕاپۆرتەدا کراوە ٧٣٪ ی کورد پشتگیری لە سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا دەکات و خۆشحاڵە بە مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا، ئەمە بە بەراورد لەگەڵ ڕاپۆرتەکەی مایکل ڕۆبن کە تورکیا بە هاوپەیمانێکی باشتر بۆ ئەمەریکا دەزانێت، لە ئەنقەرەو ئەستەنبوڵ خۆپیشاندان دەکرا دژی هاتنی ئەمەریکا بۆ تورکیا، لەسەر ئاستی عێراقیش تەنها لە ٧٪ی عەرەبی سونە و ٢٨٪ی عەرەبی شیعە پشتیوانی لە سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا دەکەن، هەربۆیە خوێندنەوەی ڕەهەندەکانی نوسینی ڕاپۆرتەکە و شێوازی خستنە ڕووی واقیعی کوردستان بۆ ڕای گشتی ئەمەریکا جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردن و بایەخپێدانییەتی .

لەسەر هەڵوێستی کوردیش بۆ سەرکەوتنی سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا، لێکۆڵینەوەکە ئاماژە بە متمانەی هاووڵاتیانی کوردستان بە سەرکردایەتییە سیاسییەکەی و بڕوابوونی بەو سیاسەتەی لە چوارچێوەی عێراقدا پیادەی دەکات، ئاماژە بەوەدەکات کە لە ٥٢٪ ی خەڵکی کوردستان لەم قۆناخەدا سەربەخۆیی بەراست دەزانن، ئەم ڕێژەیە بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ٢٠٠٤-٢٠٠٥ زۆر جیاوازە و پێشتر ٩٨٪ ی خەڵکی کوردستان لەگەڵ ئەوەبوون باردۆخەکە لەبارە بۆ جاردانی سەربەخۆیی، بێگومان هاتنە خوارەوەی ئەم ڕێژەیە نیشانەی تێگەیشتنی شەقامی سیاسی کوردستانە لەو سیاسەت و ستراتیژیەتەی کە سەرکردایەتیەکەی پیادەی دەکات، هەربۆیە زۆر گرنگە سەرکردایەتی سیاسی لە وڵاتێکی وەکو عێراقدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هاووڵاتییانی لە واقعبینی سیاسەتەکەی نزیکببنەوە، ئەمەش دڵنیایەکی باشە بۆ بڕیارسازانی ئەمەریکا بۆ ئەوەی پەلە بکەن لە چارەسەری فیدرالی و هەوڵبدەن هاریکاری سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بن بۆ ئەوەی هاوڵاتیانی کوردستان لە دڵەراوکێ و ترسی حکومەتی ناوەند ڕزگاریان بێت و ئەو ڕێژەی ٣٥٪ ی ئێستا لەگەڵ چارەسەری فیدرالین بەرزبکەنەوە بۆ زیاتر لە ٥٠٪، هەر ئەمەش دەبێتە گەرەنتی بۆ مانەوەی عێراق بە یەکپارچەیی، بەرزکردنەوەی ئەم ڕێژەیەش ئەگەر هەوڵەکان بۆ سەرخستنی فیدرالیزم زیاتر و بەردەوام بێت کارێکی ئاسانەو قورس نییە و هۆکاری ئەم ڕێژە


کاروباری کوردستان
ئایندەی کوردی ئێراق

وەک بەرپەرچدانەوەیەک بۆ ڕاپۆرتەکەی مایکل ڕۆبن ("Is Iraqi Kurdistan a Good Ally?") ئایا کوردستانی عێراق هاوپەیمانێکی باشە ؟ کە تیایدا هەمووو باردۆخی هەرێمی کوردستان و پەیوەندنی نێوان کورد و ئەمەریکای شێواندبوو ئەم ڕاپۆرتە بە شێوەیەکی ئەکادیمی و لە میانەی ڕاپرسییەکدا ناوەڕۆکی ئەو ڕاپۆرتەی بە درۆ خستۆتەوە

تائێستا ئەمەریکا بڕی زیاتر لە ١٥ ملیار دۆلاری بۆ بونیادنانەوەی سوپای عێراق سەرفکردووە ،هەتا ئێستاش سوپای عێراق نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی ئاسایشی ناوەڕاست و باشوری عێراق دابین بکات، بەڵام لە هەرێمی کوردستان بەبێ هاوکاری حکومەتی بەغدا و هێزەکانی ئەمەریکا بەبێ تەرخانکردنی هیچ بودجەیەک، هێزی پێشمەرگە توانیویەتی ئاسایش و سەقامگیری بۆ هەرێمی کوردستان

نزمە نەبوونی متمانەی هاووڵاتیانی کوردستانە بە سەرکەوتنی چارەسەری فیدرالی .

## هەرێمی کوردستان بە کەموکورتییەکانیشیەوە چیرۆکی سەرکەوتنێکی گەورەیە

بەپێی ئەو ئامارانەی لەسەر پارەی خەرجکراو بەتەنیا لەلایەن ئەمەریکاوە بۆ بونیادنانەوەی سوپای عێراق خەرجکراوە، تائێستا ئەمەریکا بڕی زیاتر لە ١٥ ملیار دۆلاری بۆ بونیادنانەوەی سوپای عێراق سەرفکردووە ،هەتا ئێستاش سوپای عێراق نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی ئاسایشی ناوەڕاست و باشوری عێراق دابین بکات، بەڵام لە هەرێمی کوردستان بەبێ هاوکاری حکومەتی بەغدا و هێزەکانی ئەمەریکا بەبێ تەرخانکردنی هیچ بودجەیەك، هێزی پێشمەرگە توانیویەتی ئاسایش و سەقامگیری بۆ هەرێمی کوردستان بە هەولێر و سلێمانی و دهۆك و ئەو ناوچانەشی کێشەیان لەسەرە دابین بکات، تەنانەت حکومەتی عێراق هەتا ئێستاش لەسەر دابینکردنی موچەی پێشمەرگە وەك بەشێك لە سوپای عێراق رەزامەندی تەواوی پیشانننەداوە و، دەبێت هەمووو ساڵێك لە کاتی پەسەندکردنی بودجەی عێراقدا مەسەلەی بودجەی پێشمەرگە یەکێك لە کێشەکان بێت .

نووسەرانی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەم راستییە ئاگادارن هەربۆیە یەکێك لەو خاڵانەی ئاماژەی پێدەکەن مەسەلەی ئاسایش و سەقامگیری هەرێمی کوردستانە و ئەم باردۆخەش لای لە ٩٠٪ی خەڵکی کوردستان بەپەسەند دەزانرێت، ئەم ئاسایش و سەقامگیرییەش کلیلی بەرەو پێشەوە چوونی ئابووری و دیموکراسیە لە هەرێمەکەدا و، وایکردووە داهاتی تاکەس بە شێوەیەکی گشتی لە کوردستاندا بە ٣٥٠٠ دۆلار بخەمڵێنرێت، ئەم ئاستە لەگەڵ ئەوەی بۆ بونیادی دیموکراسیەتێکی ساخڵەم بەرز نییە و لە دەستپێکی لێکۆڵیەوەکەشدا ئاماژە بە واقعبینی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە، کەچەندین بوار پێویستی بە بونیادنانەوەو نۆژەنکردنەوەهەیە کە یەکێکیان بونیادنانەوە و رێکخستنەوەی ژێرخانی ئابووری کوردستانە، بەڵام ئەم رێژەی‌ەش بەو ئاستە نزم نییە کە نەتوانرێت هەنگاو بەرەو دیموکراسیەتێکی باش هەڵبگیرێت و لێکۆڵینەوەکەوە هانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەدات کە هەوڵبدات زیاتر پشت بە خۆی ببەستێت و کەمتر بۆ ئابووری کوردستان پشت بە بەغدا ببەستێت، تەنانەت رێنمایمان دەکات پشت بە سەرچاوەی داهاتی ئەو نەوتەش نەبەستین کە ئێستا لە کوردستاندا هەوڵ بۆ وەبەرهێنانی دەدرێت، لەبەرئەوەی ٨٣٪ی داهاتی ئەو نەوتەش بۆ عێراقە و ١٧٪ی بەر هەرێمی کوردستان دەکەوێت، هەربۆیە ئەم لێکۆلێنەوەیە ئەوە پیشانی رای گشتی ئەمەریکا دەدات، لەگەڵ ئەوەی داهاتی کوردستان بەشێکە لە داهاتی عێراق و ئەگەر مانگێك بەغدا پارە بۆ هەولێر نەنێرێت ناتوانن مووچەی فەرمانبەرەکانیان بدەن، بەڵام کە بەراوردی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەشەکانی دیکەی عێراق دەکەین دەبینین کە ئاستی داهاتی تاکەس لە کوردستان لە بەشەکانی دیکەی عێراق بەرزترە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو حکومڕانییەی لە کوردستاندا هەیە لە بەشەکانی دیکە و لە حکومەتی بەغداش سەرکەوتر بۆیە پێویستە ئەمەریکا پشتگیری ئەو سەرکەوتنانە بکات . بەڵام ئێمە وەك کورد کە ئەو لێکۆڵینەوەیە دەخوێنینەوە پێویستە سوودی دیکەی لێوەربگرین و بزانین چی بە ئێمە دەڵێت ؟ بیگومان لەگەڵ ئەوەی راشکاوانە رووی نەکردۆتە خەڵکی کوردستان، بەڵام لە گواستنەوەی ئەم واقیعە بۆ رای گشتی ئەمەریکا دەکرێت ئەم خاڵانە دەست نیشان بکەین:

١-ئەم دیراسەتە پێمان دەڵێت:(( ئێوە ناتوانن نمونەیەکی سەرکەوتووی حکومڕانی باش و دیموکراسییەکی باش بێنە بەرهەم، ئەگەر پشت بە خۆتان نەبەستن بۆ بونیادی ئایندەی خۆتان)) .

٢-پێمان دەڵێت: ئێوە لەبەرئەوەی ئامانجتان بونیادی دیموکراسی و ئایندەیەکی خۆشگوزەرانییە بۆ هاووڵاتیانی خۆتان، دەبێت ئەو راستییەتان لەبەر چاو بێت، ئێوە لە هەر ناوچەیەکی دیکە زیاتر پێویستان بە دۆستایەتی دراوسێکانتان و پاراستنی سەقامگیری کوردستان و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ بە غدا بە رێگە چارەی ئاشتییانەو دیالۆگ هەیە .

٣-پێمان دەڵێت باشترین رێگە بۆ ئەوەی جیهان زیاتر پێشوازیتان لێبکات، کەمکردنەوە و چارەسەرکردنی ئەو کەموکورتییانەیە کە ئێستا هەتانە، بۆیە گرنگە لەبری بەکارهێنانی ئەم کەموکورتییانە بۆ تێکشکاندن، هەوڵبدەن چارەسەری بۆ بدۆزنەوە و ئایندە بونیاد بنێن.

٤-ئەم لێکۆلینەوە ئاماژە بەوە دەکات کە سەروەریی یاسا لە هەرێم نەك هەر لەعێراق باشترە بەڵکو لە هەندێك وڵاتی هاوپەیمانی ئەمەریکاش باشترە، بەڵام ئێمە دەبێت لەم پەیامە تێبگەین و دەبێت بزانین ئەم هەڵسەنگاندنە بۆ ئەو ئومێدەی ئێمە هیوای بۆ دەخوازین ئاستێکی باش نییە و دەبێت زیاتر لەسەر ئەم لایەنە هەڵوەستە بکەین زیاتر بەرەو پێشەوەی ببەین، ئەگەر لەم قۆناخەدا بمێنینەوە و زیاتر پێشنەکەوین، ئەوا ئاستی بەرەو پیشەوە چوونی ئابووریمان و ئاستی بەرەوپێشەوەچوونی دیموکراتییەکەمان هاوشێوە یان تۆزێك باشتر لەو دەوڵەتانە دەبێت کە لێکۆڵینەوەکە ئاماژەی پێکردووە، لە کاتێکدا ئامانج و خۆزگەکانی ئێمە زۆر لەوە زیاترە و دەبێت ئەو راستیە لە بەرچاوی خۆمان دابنێن ئەگەر بە تەواوەتی یاسا سەروەر نەبێت، ئەوا ناتوانین ئومێد بۆ سەرکەوتنی دیموکراسی و بەرەپێشەوە چوونی ئابووری و حکومڕانی باش بونیاد بنێن .

بۆ زیاتر بەدواداچوونی ئەم راپۆرتە گرنگە گوڵان وای بەباش زانی دەقی لێکۆڵینەوەکە کە لە رۆژنامەی خەبات و ویب سایتی گوڵان و میدیاکانی کوردی بڵاوکراوەتەوە، بۆیە گوڵان ئەمجارە بەباشتری زانی وەك کارێکی پرۆفیشناڵانە بە دیوێکی دیکە و بە ئاراستەیەکی دیکە کە سوودی زیاتری بۆ خوێنەرانی کورد هەبێ ئەم راپۆرتە بخوێنێتەوە و هەوڵبدات ئەم راپۆرتە چی بە خۆمان دەڵێت بۆ خوینەرانی بڵاو بکاتەوە، نەك ئەو پەیامەی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئاراستەی رای گشتی ئەمەریکا و جیهانی کردووە، هەر بۆ ئەم مەبەستەش پەیوەندی بە بەڕێز داڤید پۆلاك کردوو ناوەرۆکی ئەم راپۆرتە و تێروانی ئەوان بۆ خەڵکی کوردستانی لەگەڵ موناقەشەکرد و، ئەمەش دەقی تێڕوانینی بەڕێز پۆلاکە وەك یەکێك لە نوسەرانی ئەو لێکۆڵینەوەیە بۆ رای گشتی کوردستان.

●●●

**لێکۆڵینەوەکەوە هانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەدات کە هەوڵبدات زیاتر پشت بە خۆی ببەستێت و کەمتر بۆ ئابووری کوردستان پشت بە بەغدا ببەستێت**

●●●

●●●

**ناتوانن نمونەیەکی سەرکەوتووی حکومڕانی باش و دیموکراسییەکی باش بێنە بەرهەم، ئەگەر پشت بە خۆتان نەبەستن بۆ بونیادی ئایندەی خۆتان**

●●●

●●●

**بەراوردی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەشەکانی دیکەی عێراق دەکەین دەبینین کە ئاستی داهاتی لە کوردستان لە بەشەکانی دیکەی عێراق بەرزترە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو حکومڕانییەی لە کوردستاندا هەیە لە بەشەکانی دیکە و لە حکومەتی بەغداش سەرکەوتر**

●●●

**دێڤید پۆلاک**
**نووسەری لێکۆڵینەوەی ئایندەی کوردی عێراق بۆ گوڵان:**

# گرنگترین سەرکەوتنی کورد ئەوەیە کە بڕیاریانداوە یەکبگرن و بەئاشتی لەگەڵ دراوسێکان مامەڵە بکەن



**کوردەکان هەوڵ و کۆششێکی سەختیان کردووە و سەرکەوتوانە هەڵساون بە حکومڕانێتی کردن لەسەر بنەمای کۆدەنگی (ئیجماع)، واتە هەوڵیانداوە بگەنە رێککەوتن لە گەڵ یەکدا لە بری ئەوەی شەڕی یەکتر بکەن، یاخود کێشە و گیروگرفت لە گەڵ شوێنەکانی دیکەدا دروست بکەن. ئەگەر درێژە بەم رەوتی کارکردنە بدەن، ئەوا وردە وردە بەرەپێشچوون لە سەر ئاستەکانی سیاسی، ئابووری، ئەمنی و سیاسەتی دەرەوەدا دێتەدی**

**دوای سەردانی شـــاندی ئامۆژگای واشـــنتۆن بۆ سیاسەتی رۆژهەڵاتـــی نزیك لە مانگـــی شـــوباتی ٢٠٠٨ بۆ هەرێمی کوردستان بەمەبەستی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی سیاسی و ستراتیژی و ئابووری بەشێوەیەکی مەیدانی و بە پشت بەستن بە و زانیاری و داتایانەی لە بەردەستیان بوو لەگەڵ ئەو کۆمەڵە راپرسییەی لە کوردستان ئەنجامیاندا، لە مانگی ئابی رابردوو، ئەم لێکۆڵینەوەیە وەك یەکێك لە لێکۆڵینەوە گرنگەکانی ئامۆژگای ناوبراو بڵاوکرایـــەوە، پوختەی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە میدیاکانی کوردستان بڵاو کرایەوە و تارادەیەکی زۆریش جۆرێك لە واقعبینی پێوە دیارە، جێگە خۆشحاڵییە کۆمەڵێك تایبەتمەند و پسپۆڕ واقیعی کوردستان وەك خۆی بگوازنەوە بۆ رای گشتی جیهان و ئەمەریکا، بەڵام گواســـتنەوەی رای ئەو پسپۆڕانە بۆ خەڵکی کوردستان کە دیوێکی گرنگی ئەو سەردانە پێکدەهێنێت لە لێکۆڵینەوەکەدا بوونی نییە، هەربۆیە ئەم سەرنجەی کە لامان دروست بوو، وایکرد لە بەر دوو هۆکار بە دیوێکی دیکە لەگەڵ ئەم راپۆرتە گرنگە مامەڵە بکەین:**

١. پەیامی ئەو پسپۆر و تایبەتمەندانە بۆ خەڵکی کوردستان.
٢. نەبوونی ئەم بەشـــە لە ناو لێکۆڵینەوەکە و بەســـتنەوەی ئەم راپۆرتە بە گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییەی عێراقەوە.

گوڵان بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندی بە دێڤید پۆلاك کرد بۆ ئەوەی موناقەشەی ئەو راپۆرتەی لەگەڵ بکات و لەگەڵیشیدا هەندێك پرســـیاری تازە بوروژێنێت کە پەیوەندی بە دوای نووسینی ئەو راپۆرتەوە هەیە و دەستنیشـــانکردنی بەڕێز پۆلاکیش لە نێو هەر چواریانەدا بۆ ئـــەو تایبەتمەندیانە دەگەڕێتەوە کە بەڕێز پۆلاك هەیەتی و دەکرێت بە چەند خاڵێك ئاماژەی پێبکەین :

أ- ئەو بەشـــە گرنگەی راپۆرتەکە کە پەیوەندی بە بارودۆخی ناوخۆی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، ئەو نووسیویەتی .

ب- بەرێز پۆلاك لە ساڵی ١٩٩٦-٢٠٠١ لە پۆستەکانی ئۆلبرایت و کۆڵن پاوڵدا راوێژکاری سیاســـی بووە لـــە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا و، تایبەتمەند بووە لەســـەر سیاســـەتی ئەمەریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشووری ئاسیا.

ت- ماوەی ٤ ساڵ ئەندامی ستاڤی پلاندانانی سیاسی بووە لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا.

ث- پێشتریش ســـەرۆکی بەشـــی رۆژهەڵاتی نزیك و ئاسیا و ئەفریقیا بووە لە ئاژانسی زانیاری ئەمەریکا.

ج- بەردەوام لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەنووسێت و یەکێکە لە تایبەتمەندە دیارەکانی ئەمەریکا و جیهان لەسەر باردۆخی عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

هەربۆیە بەگرنگمان زانی کە راســـتەوخۆ لەســـەر ئەم پرســـە گرنگە بەرێزی رای خۆی بۆ گوڵان دەرببڕێت و ئەمەش دەقی بۆچوونەکانی بەڕێز پۆلاکە بۆ گوڵان :

## دەبێت کورد بۆ مامەڵەی لەگەڵ بەغدا ئەولەوییەت بدات بە دۆزینەوەی چارەسەرێکی مام ناوەندی

*** لـــە مانگی ئابی رابردوو لێکۆڵینەوەیەکتان بە ناوی ئایندەی**



The Kurdish Regional Government in Iraq:
An Inside Story

David Pollock

A TRIP TO THE KRG—composed of the Irbil, Dahuk, and Sulaymaniya provinces in northern Iraq, with a mostly Kurdish population of approximately 4 million—is a study in political relativism. Compared to the rest of Iraq, or indeed, to some other countries in the area, this autonomous region is more stable, more prosperous, and more secure. At the same time, the KRG is not free of factionalism, repression, corruption, or economic deficiencies; like the rest of Iraq, it is still a work in progress. As the KRG's prime minister, Nechirvan Barzani, put it in a recent interview,

that have generated the greatest controversy in recent times,[3] starting with the latest debates over human rights in that part of Iraq and moving on to broader political, social, and economic topics and trends: party politics and "consensual government," corruption and good governance issues, civil society, public opinion, economic policy and conditions, and Islamist currents.

**Human Rights: Half Empty or Half Full?**

One of the most common judgments heard in discussions with informed local observers in the KRG,

**کوردی**
**عێراق لە ئامۆژگای**
**واشنتۆن بۆ سیاسەتی رۆژهەڵاتی**
**نزیك بڵاوکردەوە، دەمانەوێت پرسیاری ئەوەت لێ بکەین، چۆن ئایندەی کوردی عێراق هەڵدەسەنگێنن؟ ئایا بەرای تۆ ئایندەیەکی ئومێد بەخشە یان نە؟**

- بە تیرۆانینی من ئایندە ئومێدبەخشە، بەڵام چەند کێشە و ناکۆکییەك هەیە، لەبەر ئەوەی لە چەند مانگی رابردوودا چەند گیروگرفت و گرژییەك لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقیدا سەریان هەڵدا لەسەر هەندێ کێشەی دەستووری و ئەمنی. تێڕوانینی شەخسی من ئەوەیە چارەسەرکردنی ئەم جیاوازییانە لە لایەن کوردەکانی عێراقەوە لەگەڵ حکومەتی فیدراڵیدا زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی بێجگە لە رێکەوتن و چارەسەری ئاشتیانە، هیچ بەدیلێك باش نییە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ یەکتردا. من لەوە تێدەگەم کۆمەڵە کێشەیەکی سەخت هەن، وەك کێشەی کەرکوك و ئەو ناوچانەی دیکە کە ناکۆکییان لەسەرە، لەگەڵ کێشەی ئاوێتەکردنی هێزی پێشمەرگە لە هێزە چەکدارەکانی عێراقدا، بەڵام دەبێت ئەولەوییەت بدرێت بە دۆزینەوەی چارەسەرێکی مام ناوەندی، نەك رووبەڕووبوونەوە و خولْقاندنی ناکۆکی.

**کوردستان بێ کەموکوڕی نییە**
**بەڵام لە بارودۆخێکی ئومێد بەخشدایە**

*** لە لێکۆڵینەوەکەتاندا لە سەر چەند ئاستێك هەڵساون بە شیکردنەوەی هەلومەرجی کوردستان، وەك گەشەکردنی ئابووری، ئازادی رادەربڕین، گەندەڵی و پەیوەندییەکانی کورد بە دەوڵەتە دراوسێکانییەوە، ئایا پێت وایە هەلومەرجی کوردستان لە سەر ئاستی سیاسی بە ئیجابی هەڵدەسەنگێنیت؟**

- بە تێڕوانینی من لە بارودۆخێکی زۆر باشدایە، بێ کەموکوڕی نییە، هیچ لایەك بێ کەموکوڕی نییە، هەروەها دەرفەتی بەرەوپێشچوون و باشتربوونی هەیە. بەلەبەرچاوگرتنی مێژوو و ئەو تەحەددیانەی رووبەڕووی دەبنەوە، ئەوا لە بارودۆخێکی ئومێدبەخشدایە. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە ماوەی کەمتر لە دەیەیەکدا، کوردەکان هەوڵ و کۆششێکی سەختیان کردووە و سەرکەوتوانە هەڵساون بە حکومڕانیتی کردن لەسەر بنەمای کۆدەنگی (ئیجماع)، واتە هەوڵیانداوە بگەنە رێککەوتن لە گەڵ یەکدا لە بری ئەوەی شەڕی یەکتر بکەن، یاخود کێشە و گیروگرفت لە گەڵ شوێنەکانی دیکەدا دروست بکەن. ئەگەر درێژە بەم رەوتی کارکردنە بدەن، ئەوا وردە وردە بەرەپێشچوون لە سەر ئاستەکانی سیاسی، ئابووری، ئەمنی و سیاسەتی دەرەوەدا دێتەدی. بەڵام ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ هەڵوێست و تێڕوانینی رابردوو کە کەمتر ئامادەی سازشکردن بن، کەمتر هەوڵی هێنانەدی کۆدەنگی بدەن لە نێو خۆیاندا، ئەوا بە داخەوە ئەگەری ئەوە هەیە، هەرچەندە من ئومێدەوارم ئەمە روونەدات و لەو باوەڕەشدانیم رووبدات، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە بارودۆخی کوردستان بەرەو دواوە بگەڕێتەوە.

**سەرکردایەتی کوردستان توانیویەتی**
**بەباشی رووبەڕووی تەحەدییەکان ببنەوە**

*** لەم بارودۆخە ئاڵۆزەی عێراقدا، رۆڵی سەرکردایەتی کورد چۆن هەڵدەسەنگێنیت، بە تایبەتی سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان؟**

- هەلومەرجەکە هەروەك ئێوە ئاماژەتان پێکرد زۆر ئاڵۆزە و بە بەردەوامی دەگۆڕێت، ئەم ساتە وەختە وەك ئەزموون و تاقیکردنەوەیەك وایە بۆ سەرکردە کوردەکان، من پێم وایە لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی رابردوودا سەرکردە کوردەکان و سەرۆکی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بە باشی توانیویانە رووبەڕووی تەحەددیەکان ببنەوە، ئێمە ئومێدەوارین درێژە بەم رەوتی کارکردنە بدەن و من هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم.

**چارەسەری سەربازی**
**مایەی کارەساتە بۆ عێراقییەکان و ئەمەریکاش**

*** ئەمەریکا سەرقاڵە بە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەوە و رەنگە نەتوانێت بڕیاری جیددی بدات لەم ساتەوەختەدا، لە لایەکی دیکەوە سەرۆك وەزیرانی عێراق هەوڵی بنیاتنانی سوپایەکی بەهێز دەدات و حاڵی حازر بارگرژییەك لە نێوان سوپای عێراق و هێزەکانی پێشمەرگەدا هەیە، ئەگەر ئەم بارگرژییە هەڵکشا بۆ رووبەڕووبوونەوەیەکی سەربازی ئایا چ ئایندەیەك چاوەڕوانی عێراق دەکات؟**

- هەر رووبەڕووبونەوەیەکی سەربازی مایەی کارەساتە بۆ تێکڕای عێراقییەکان، بۆ کورد و بۆ عەرەبەکان و هەروەها بۆ دۆستەکانی عێراقیش لە نێویاندا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. زۆر زەحمەت دەبێت بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا مامەڵە لە گەڵ حاڵەتێکی لەم چەشنەدا بکات ئەگەر روویدا، ئەوە دەبێتە کابوسێك بۆ عێراقی و ئەمەریکییەکان، لەبەر ئەوە من ئومێدەوارم شەڕێکی کراوە و بەربڵاو روونەدات لە نێوان هێزە ئەمنییە کوردییەکان هێزە ئەمنییەکانی عەرەبدا. من پێم وایە ئەتوانین

هەر رووبەڕووبونەوەیەکی سەربازی مایەی کارەساتە بۆ تێکڕای عێراقییەکان، بۆ کورد و بۆ عەرەبەکان و هەروەها بۆ دۆستەکانی عێراقیش لە نێویاندا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا

بــە تەواوەتی خۆمان لە ڕوودانی ئەم حاڵەتە لابدەین، پێویســتە هەردوولا ڕێگەبگرن لەوەی بارودۆخەکە بۆ ئەو ئاستە هەڵکشێت و هەوڵی سازشکردن و دۆزینەوەی چارەسەری سیاسی بدەن.

**دەبێت دەستوور باڵاترین یاسا بێت و پێویستە جێبەجێ بکرێت**

*** کورد پەرۆشی جێبەجێکردنی دەستووری عێراقن، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەتوانرێت دەستوور جێبەجێ بکرێت؟**

- ئەوە پرســیارێکی قورســە، دەبێت دەستوور باڵاترین یاسا بێت و پێویســتە جێبەجــێ بکرێت، بەڵام بۆ ئەوەی بە شــێوەیەکی ســەرکەوتووانە جێبەجێ بکرێت، دەبێت پشتگیرییەکی فراوان لە پرۆسەی جێبەجێکردنەکەی بکرێت، نەک تەنها لە نێو کوردەکاندا، بەڵکــو لە نێو لایەنەکانی دیکــەی عێراقیدا. ئەوەی دەتوانرێت بەدەســت بهێنرێت ئەوەیە هەموو پێکهاتەکان، کورد و عەرەب و تورکمانە لەسەر شــێواز و ڕێگاکانی جێبەجێکردنی دەستووری بگەنە ڕێککەوتنێك لەو بارەیەوە.

**ئەمەریکا کورد بە هاوپەیمانێکی باش دەزانێت**

*** کوردەکان خۆیان بە دۆســت و هاوپەیمانی ئەمەریکا دەزانن، هەروەهــا پێیان وایە وڵاتە یەکگرتووەکانــی ئەمەریکا عێراقی ڕزگارکردووە و ئەمەریکییەکان بە داگیرکار نازانن، ئایا سەنگ و پێگەی کوردەکان چییە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکادا؟**

- من پێم وایە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش هەمان تێڕوانینی هەیە و کوردەکان بە هاوپەیمانێکی باش دەزانێت و ئەو ڕاستییەی لەبەرچاوە کــە کوردەکانی هاوکاری ئەمەریکا و عێراقیان کرد، بــۆ بەدی هێنانی بەرەوپێشــچوون و بنیاتنانــی حکومەتێکی دیموکراتی و گرتنەبەری ڕەوتێکی نوێ لە سیاســەتی دەرەوەدا، ئەمەش لە بەرژەوەندی عێراق و لە بەرژەوەندی جیهانیشدایە. من پێشبینی درێژەپێدانی ئەم سیاسەتە دەکەم لە لایەن ئەمەریکاوە، بە چاوپۆشین لەوەی چ پاڵێوراوێك سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکانی ئەمەریکادا. بەدەستهێنانی ئەم ئامانجانەش نەک تەنها پێویســتی بە هــاوکاری نێوان کورد و ئەمەریکا هەیە، بەڵکو پێویستییەکی لە ڕادەبەدەری بە هاوکاری نێوان کورد و حکومەتی مەرکەزی هەیە.

*** لە ساڵی ٢٠٠٣دا کورد هاوکاری ئەمەریکایان کرد لە شەڕی عێراقــدا و تا ئەم ســاتەوەختەش یەك ســەربازی ئەمەریکا لە کوردستاندا نەکوژراوە، ئایا کورد دەتوانێت پێشبینی هەمان ئاستی هاوکاری لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بکات، بەتایبەتی لە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراقیدا؟ یاخود تا چ ڕادەیەك کوردەکان دەتوانن پشت بە ئەمەریکا ببەستن؟**

- من پێم وایە کوردەکان دەتوانن لەو خاڵەدا پشــت بە ئەمەریکا ببەســتن کە ببێتە دۆست و پشــتیوانێك بۆ ئەوان، بەڵام ئەمە پشــتگیرییەکی کوێرانە نابێت، مەبەســتم ئەوەیە، واقیعەکە بەو شــێوەیە کە ئەمەریکا دۆســت و هاوپەیمانی دیکەی هەیە لە عێراقدا، وەك حکومەتــی عێراق و هەروەها لە ناوچەکەدا، وەك حکومەتــی تورکیا. لەبەر ئەوە لە کاتێکدا کە کوردەکان دەتوانن پشــت بە دۆستایەتی ئەمەریکا ببەســتن، ئەوا لە هەمان کاتدا دەبێت ئەو ڕاســتییەیان لا ڕوون بێت کە کلیلی پاراســتنی ئەو دۆستایەتییە بریتییە لە یەکلاکردنەوەی جیاوازییەکانیان لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکاندا بە شێوەیەکی ئاشتییانە.

**دەبێت کورد هەوڵبدات پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەغداش لە ئاستێکی باشدا بێت**

*** ئێمــە وەك کــورد ئــەو بڕیارەیــان داوە کــە دەمانەوێت لە چوارچێوەی عێراقدا بژین، بەڵام حکومەتی عێراقی لەم ڕووەوە پارمەتیدەرە نییە بۆ چەسپاندنی واقیعی پێکەوەژیان، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە کێشەی کەرکوکەوە هەبێت، لەم هاوکێشەیەدا ئێران پشــتگیری لە حکومەتەکەی مالیکــی دەکات و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش هەڵوێســتی بێدەنگی هەڵبژاردووە، ئایا چ ڕاسپاردەیەکت هەیە بۆ کوردەکان، بە تێڕوانینی ئێوە دەبێت چۆن ڕەفتار بکەن لەم هەلومەرجەدا؟**

- من پێم وایە بڕیاری ســەرکردایەتی کورد بــە پابەندبوونیان بــە مانەوەیان لە چوارچێوەی عێراقدا یا بوونیان بە بەشــێك لە عێــراق، بڕیارێکی ژیرانە و بوێرانەیە و دەبێت پێوەی پابەندبن. دەبێــت لە ئاینــدەی نزیکدا، کــوردەکان هەوڵ بــدەن لە ڕێی گفتوگۆ و دۆزینەوەی ڕێگاچارەی مام ناوەندییەوە کێشەکانیان لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیدا چارەســەر بکــەن، نەك لە ڕێی ڕووبەڕووبونەوەوە. ئێوە ئاماژە بە پشتیوانیکردنی ئێران دەکەن لە حکومەتی مالیکی، بەڵام دەبێت ڕەچاوی ئەو ڕاستییە بکەن کە ئەمەریکاش پاڵپشتی لە حکومەتەکەی مالیکی دەکات، کەواتە نابێت مەســەلەکە بۆ کوردەکان ئەوەبێت، کە لە نێوان ئەمەریکا و حکومەتــی عێراقیدا لایەك هەڵبژێرن، نابێــت کوردەکان بەو شــێوەیە بیر بکەنەوە کە دەتوانن کەســبی هەڵوێستی ئەمەریکا بکەن بۆ بەرژەوەندی خۆیان لە دژی ئێران و لە ســەر حســابی حکومەتەکەی مالیکی، من لەو باوەڕەدانیم ئەمە ڕووبدات.

*** بە حوکمی ئەوەی ئێوە پێشــتر لە کوردســتان بوونە، ئایا شــتێك دەبێتە هۆی ئەوەی گەشــبینتان بکات بە ئایندەی کوردســتان، بە پێچەوانەوە چ شــتێك ڕەشــبینتان دەکات بە ئایندەی کوردستان؟**

- لە بنەڕەتدا من گەشــبینم، لەبەر ئەوەی من چەند جارێك دەرفەتی ئەوەم بۆ هەڵکەوتووە ســەردانی ئەو ناوچەیە بکەم و لە نزیکەوە ئەو بەرەوپێشــچوونە ببینم کە بەدی هاتووە، بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کوردەکان پابەندبوونێکی تۆکمەیان هەیە بە شەڕنەکردن لە دژی یەکتری و بە شەڕنەکردن لە دژی دراوسێکانیان، ئەوان دەتوانن بە شێوەیەکی ئاشتییانە داکۆکی لــە ماف و ئازادییەکانی خۆیــان بکەن و بەرگری لە خۆیان بکەن دژی تیرۆریستان و دەستدرێژکاران، بەڵام ئەوان شتێکی زیاتریان لەمە نەکردووە، ئەمە وای لە من کردووە گەشبین بم. لەبەر ئەوەی بەداخەوە لە ڕابردوودا کوردەکان لە دژی یەك و لە دژی دراوســێکان شەڕیان کردووە و دەرئەنجامەکەشی مایەی کارەســات بووە. ڕەنگە لە ڕابردوودا هەستیان بەوە کردبێت کە ڕێگاچارەیەکــی دیکەیان لەبەردەمدا نییە، بەڵام ئێســتا ئەو ڕێگاچارەیــە هەیە کــە بریتییە لە گرتنەبــەری ڕێگایەکی جیاواز و ئاشتییانە، ئەوەش مایەی ئومێدە بۆ ئایندەی دووری کوردەکان لە عێراقدا.

●●●

**لە بنەڕەتدا من گەشبینم، لەبەر ئەوەی من چەند جارێک دەرفەتی ئەوەم بۆ هەڵکەوتووە سەردانی ئەو ناوچەیە بکەم و لە نزیکەوە ئەو بەرەوپێشچوونە ببینم کە بەدی هاتووە، بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کوردەکان پابەندبوونێکی تۆکمەیان هەیە بە شەڕنەکردن لە دژی یەکتری و بە شەڕنەکردن لە دژی دراوسێکانیان**

●●●



### قوڵبوونەوەی ناکۆکی و جیاوازییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا..

# پێویستی بە دیالۆگی بونیاتنەرانە و گەڕانەوەی متمانە هەیە

**نەفەسی شیعەگەری و هەژموونی سوپاسالاری مارگەستنێکی دیکە بۆ سبەینێی سیاسیی عێراق**

لەگەڵ ئەوەی هەلومەرجی سەقامگیری و بارودۆخی ئاسایش لەعێراق بەرەو باشی دەچێ، بەڵام لەسەر ئاستی سیاسیی بارودۆخی عێراق رۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەو گرژی و ئاڵۆزی زیاتر مل دەنێت و پێکهاتە سیاسییەکان لەیەکتری دادەبڕێن. بەتایبەتی لەسەر ئاستی نێوان هەرێم و حکوومەتی ناوەندی تا دێت ناکۆکی و جیاوازییەکانی هەولێر و بەغدا زەقتر و فراوانتر دەبنەوە، ئەمە لەجیاتی ئەوەی ئەو ناکۆکییانە لەڕێی دیالۆگ و دانوستان بچووکتر ببنەوە.

بە بۆچوونی هەندێ لە چاودێرانی سیاسیی قوڵبوونەوەی ئەو جیاوازی و ناکۆکییانە پتر بۆ عینادی سیاسیی و نەبوونی متمانە دەگەڕێتەوە. هەندێکی دیکە لە شارەزایان پێیانوایە ناکۆکییەکان لە دەرەوەی ئیرادەی بەغدا سەرهەڵدەدەن و پتر ڕەهەندێکی ئیقلیمی و نێودەوڵەتییان هەیە و هەندێ جار مەرجەعیەتی ئایینی تەحەکومی پێدەکات و لەهەندێ باریشدا

ڕەنگدانەوەی ململانێی وڵاتانی دراوسێی بەسەرەوەیە. هەندێ لەشرۆڤەگەرانی سیاسیش وای دەبینن کە دوای سەرکەوتنە ئەمنییەکانی حکوومەتی مالیکی تووشی لووتبەرزی و بێباکی بووە و بە سروشتی خۆی حەز لە سەرکێشیی و ماجەڕاخوازی دەکات و دەیەوێ بەرەو تاکڕەوی زۆرینە و میلیتاریزم و شمولییەت مل بنێت. لەبەرئەوە حکوومەتی مالیکی پتر بە نەفەسێکی تائیفی و شیعەگەری کاردەکات. ئەمریکاش ناتوانێ شەڕی حکوومەتێك بکاتە کە لەڕێی هەڵبژاردنەوە هاتۆتە سەر دەسەڵات. ئەمە جگە لەو تێڕوانینەی کە پێیوایە ئەمریکا خۆی هەوڵدەدات وردە وردە پێگە و شکۆی حکوومەتی ناوەندی بەهێز بکات و لەجیاتی فراوانکردنی دەسەڵاتی هەرێمەکان هەوڵی پێکهێنانی فیدرالیزمی پارێزگاکان دەدات. لەبەرئەوەی دەرکردنی قانوونی پارێزگاکانی ڕێکنەخراو لە هەرێم لەلایەن پەرلەمانی عێراق و قەبووڵکردنی قانوونەکە لەلایەن ئەنجومەنی سەرۆکایەتی و هەوڵدان بۆ دەرکردنی قانوونی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لەپەرلەمانی عێراق و سازدانی ئەو هەڵبژاردنە لەمانگی تشرینی یەکەمی ئەمساڵ یان دواتر، عێراق (جگە لەهەرێمی کوردستان) بەرەو سیستمی هەڵبژاردنی پارێزگاکان مل دەنێت، چونکە قانوونی پارێزگاکانی ڕێکنەخراو لە هەرێم بە پراکتیك جێگەی قانوونی پێکهێنانی هەرێمەکان دەگرێتەوە و بەبێ ناڕەزایی جێبەجێ دەکرێت، ئەگەر بەوردی سەرنج بدەینە قانوونی پارێزگاکان، دەبینین ئەو قانوونە دەسەڵاتێکی فراوانی تەشریعی و تەنفیزی و موراقەبەی بە ئەنجومەنی پارێزگاکان بەخشیوە لەسەر بنەمای نامەرکەزی و ڕاستەوخۆ لەژێر چاودێری پەرلەمانی عێراق دەبێت و بودجەی پارێزگاکانیش لە بودجەی فیدراڵی و ڕاستەوخۆ لە وەزارەتی دارایی وەردەگیرێت لەدوای دەرکردنی خەرجییە ستراتیژییەکان. ئەمەش وا دەکات هەر پارێزگایەك وەك هەرێمێکی فیدراڵی دەسەڵاتی فراوانی هەبێت، بەمەش زەمینەی ئەوە خۆش دەبێت کە فیدراڵیزمی پارێزگاکان جێگە بە فیدراڵیزمی هەرێمەکان لێژ بکات، هەروەك پێشتر لەسەردەمی پۆڵ بریمەر حاکمی مەدەنی ئەمریکا لەعێراق زۆر پێداگری لەسەر دەکرا. بۆیە چاودێرانی سیاسیی پێیانوایە دوای شکستهێنانی هەوڵەکانی هەندێ لایەنی شیعی بۆ پێکهێنانی هەرێمی فیدراڵی باشوور و فوراتی ناوەڕاست، بەهۆی گوشاری وڵاتانی دراوسێ نەبادا ئەو بیرۆکەیە سەربکێشێت بۆ ئەو وڵاتانەی کە کەمینەی شیعەیان تێدایە. ئێستا خەریکە بە کردەیی فیدرالیزمی پارێزگاکان جێگەی فیدرالیزمی هەرێمەکان دەگەرێتەوە. لەبەرئەوە هیچ گومانی تێدا نییە کە هەڵبژاردنی پارێزگاکان سیمای عێراقی ئایندە دیاری دەکات و ڕەنگە نەخشەی سیاسی عێراق بگۆڕێت، بەڵام هەندێ هێز و لایەنی سیاسیی لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان دەترسن و دەیانەوێ پرۆسەکە بۆ کاتێکی نادیار دوابخرێت بۆ ئەوەی دەسکەوتەکانی ئێستایان لەدەست نەدەن. هەر بۆیە پسپۆڕانی سیاسیی پێیانوایە لەم قۆناخەدا کێشە و ئاڵۆزییەکانی نێوان بەغدا و هەولێر و ڕێککەوتننامەی ستراتیژی نێوان حکوومەتی ئەمریکا و عێراق بە هەڵواسراوەیی دەمێنێتەوە، لەبەرئەوە ئەمریکا نایەوێ تا پرۆسەی هەڵبژاردن ئەنجام نەدرێ بارودۆخەکە لەوە زیاتر نەورووژێنێت.

## حکوومەتی مالیکی ڕووداو و گۆڕانکارییەکان وەک تاکتیک قەبووڵ دەکات

سەرەڕای ئەوەی هەردوولایەنی سیاسی لەهەرێم و بەغدا ڕایانگەیاند کە لەمەڕ کێشەی خانەقین گەیشتوونەتە ڕێککەوتنێك بۆ مانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لەو شارە. بەڵام هەندێ لایەن پێیانوایە ڕێککەوتنی نێوان حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی ناوەندی لەمەڕ مەسەلەی خانەقین چارەسەرێکی کاتییە، بەو پێیەی تەنیا دەتوانێت بۆ ماوەیەکی کاتی دۆخەکە هێور بکاتەوە، نەك چارەسەری بکات لەبەرئەوەی حکوومەتی بەغدا ئیرادەیەکی سیاسیی جیددی نییە بۆ خاوکردنەوەی یەکجارەکی کێشەکان و پتر ئاڵوگۆڕەکان وەك تاکتیك وەردەگرێت نەك وەك ستراتیژ. لەبەرئەوە بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن دزەیان کردووە، لەکارنامەی حکوومەتی مالیکیدا هەیە گرفتێکی دیکەی هاوشێوە لەهەردوو شاری کەرکووك و موسڵ بۆ کورد بنێتەوە و هێزە کوردییەکان لەو شارە بەدەر بنێت. ئەمە جگە لەوەی ڕۆژانە لەسەر ئاستی سیاسیی کێشە و ناکۆکییەکان لەمەڕ پرسەکانی وەك قانوونی نەوت و غاز و بودجەی هەرێمی کوردستان و پرسی سەڵاحیاتەکانی هەرێم پتر تەشەنە دەکات.

لەلایەکی دیکەوە دەبینین، لە کڕینی تەکنەلۆژیای عەسکەری و شەڕ کە حکوومەتی عێراق گرێبەستی لەگەڵ ئەمریکا بە بڕی ٩ ملیارد دۆلار هەیە، هیچ حیسابێك بۆ پێشمەرگە و حکوومەتی هەرێم ناکات، کە گاردی پاراستنی سنووریان هەیە. بەم پێیە حکوومەتی عێراق دەتوانێت ٣٢ فڕۆکەی جۆری ئێف ١٦ و چەندان تانکی ئەبرامز لە ئەمریکا بکڕێت. بۆیە هەموو داتا و ئاماژەکان بەو ئاراستەیەن کە بەغدا لەمەودوا دەیەوێ بەزمانی هێز قسە لەگەڵ هەرێم بکات کە ئەمەش کۆنسێپتی هاوپەیمانێتی لەعێراق ڕووبەڕووی مەترسی گەورە دەکاتەوە، بەوەی چیدی کار بە چەمکی تەوافقی سیاسیی و دیموکراتی نێوان پێکهاتەکان نەکرێ و بخرێتە پەراوێزەوە. هەر بۆیە کورد پێیوایە مەسەلەی کەرکووك و خانەقین زەرورەتی چاو پیاخشاندنەوەی بە چەمکی هاوپەیمانێتی هێناوەتە ئاراوە. لەبەرئەوە ئەگەر بڕیارە بەغدا کورد بە شەریك و هاوپەیمانی خۆی دەزانێت، ئەی بۆچی ئامادە نییە بە زمانی دیالۆگ تەفاهومی لەگەڵدا بکات و بە بنەماکانی هاوپەیمانێتییەوە لەگەڵ کورد پابەند بێت.

لەبەر ئەوە کاتێك سەرنج دەدەینە، ئەو دوو دیمەنە سەربازییەی نێوان سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە خانەقین، دەبینین ئەوەندەی لە دیمەنی نێوان دوو هێزی ناکۆك و دژ بەیەك دەچوو، ئەوەندە لە دیمەنی نێوان دوو هێز نەدەچوو کە لە چوارچێوەی یەك دەوڵەتی دیموکراتی و فیدراڵیدا پێکەوە کاربکەن بۆ پارێزگاری ئەم دەوڵەتە و بەرپرسیاریەت دروستبوونی ئەم حاڵەتەش بە تەواوی دەکەوێتە سەر شانی ئەوانەی بڕیاریانداوە سوپای عێراق لەناوچەك کێشەدارەکان



و ناوچەکانی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی هێزی پێشمەرگە ببنـــەوە و پێدەچێ بیانەوێ هەژموونی ســـوپا بگەڕێننەوە بۆ دەورانی عەســـکەرتارییەت لەســـەردەمێکدا کە پێویستە سوپا وەك دەزگایەکی دیموکراســـی لەخزمەتی پرۆســـەی سیاسیدا بێت و ببێتە پارێزەرێکی سەرســـەختی بنەماکانی دەســـتوور و تەوافقی دیموکراسی، ئەمەش لەبەرئەوەی دەستووری ئیتحادی میکانیزمێکـــی گونجاوی داناوە بۆ چەســـپاندنی سیســـتمی دیموکراســـی و پەرلەمانی و پلۆرالی نـــەك حوکمی زۆرینە و سیستمی سوپاســـالاری و تاکڕەوی. هەروەك سەرۆك بارزانی لەدوا دیداری لەگەڵ کەناڵی ئەلجەزیرەدا بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە بەهەمـــوو پێکهاتەکانی عێراقی ڕاگەیاند کە کورد حەز دەکات عێراق سوپایەکی بەهێز و پڕچەکی هەبێت، بەڵام بەو مەرجەی کە ســـوپا چیتر دەست لەکاروباری سیاسیی وەرنەدات و لەلایەن ســـەرکردایەتییەکی سیاســـییەوە بەڕێوە بچێت. هەروەك دەبێت کوردیش لەو ســـوپایە بەشـــداربێت بۆ خزمەتکردنی پرۆسەی سیاســـیی. بۆیە نابێت ئەو سوپایە دژی پرۆسەی دیموکراسی بجوڵێنرێت. هەروەك جەختیشـــی لەســـەر ئەوە کردەوە کە دەبێت عێراقی نوێ لەلایەن هەر ســـێ پێکهاتەکەیەوە بەڕێوەببیرێت و مانەوەی عێراقیش بەندە بەجێبەجێکردنی ئەو دەســـتوورەی کە ٨٠٪ی عێراقییەکان دەنگیان بۆ داوە.

هەر بۆیە ئەو دیمەنە ترســـناکە پتر هەڵگری ئەو حەقیقەتەیە، حکوومەتی ناوەندی عێراق ئەوەی بیرچۆتەوە کە کورد داینەمۆی ســـەرەکی بووە لەدارشـــتەوەی دەوڵەتی عێـــراق و پێکهاتەی حوکمڕانی و پرۆســـەی ئاشتەوایی نیشـــتمانیدا. لەبەرئەوە لە قۆناخی چەند ســـاڵی ڕابردووی عێراقی نوێدا ســـەرکردایەتی کورد لە بەغدا و لەهەرێمیـــش بە گوتارێکی نەرم و بەوپەڕی هەســـتکردن بە بەرپرســـیارێتییەوە مامەڵەی لەگەڵ سەرجەم پێشهات و ڕووداو و ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی نێو عێراق کردووە. هەر بۆیە بەشـــداری ســـەرکردایەتی کورد لەدروستکردنەوەی بەغدا بۆ ئەوە نەبوو کە سەددام بگۆڕێت بە سەددامێکی دیکە و کوردیش لێی بێدەنگ بێت، لەبەرئەوە ئەو زهنییەتە بەســـەر چوو کە دەزگای ســـوپا و زۆرینەی دەسەڵات خۆیان بەخاوەنی دەوڵەت بزانن، ڕاســـتە دەتوانن گورزی خۆیان لە کورد بوەشێنن بەڵام کارتەکانی دەستی کوردیش زۆرن و دیسکۆرسی سیاسیی کوردان ئێســـتاش دەتوانێ رۆڵی «کینگ مەیکەر» بگێڕێت. هەروەك عەلی ئەدیب جێگری ســـەرۆکی لیســـتی ئیئتیلافی شیعە لە دوا لێدوانی خۆیدا دانی پێدانا کە بەبێ هاوپەیمانێتی ڕاستەقینەی نێوان لیستی هاوپەیمانی و ئیئتیلافی یەکگرتوو مەحاڵە پرۆسەی سیاسیی لەعێراقدا سەرکەوتوو بێت.

ئێستاش دوای سەرکەوتنی ئۆپەراسیۆنەکانی حکوومەتی ناوەندی لە ناوچەکانی بەسرا و دیالە و بەغدا بەسەر میلیشیای مەهدی و ڕێکخراوی ئەلقاعیدە و هێزە توندڕۆ و دەمارگیرەکانی دیکە ئەوا دەبینین مالیکی پتر دەستکراوە و لەخۆبایی بووە. چونکە ئەو بارودۆخە هەستیارەی جارانی تێپەڕاندووە و وردە وردە سوپاکەی بەهێزتر دەبێت و بارودۆخە ئەمنییەکەشی لە چاو پار و ساڵانی ڕابردوو زۆر باشـــبووە، مەترسییەکانی شـــەڕی ناوخۆی نێوان مەزهەب و لایەنەکانی نێو عێراق نەماوە و لایەنە بەرهەڵستکار و ناکۆکەکانی پێشـــتر، بوونەتە دۆست و هاوپەیمانی ئەمڕۆ و پرۆســـەی سیاســـیش کۆنفیرم بووە. لەڕووی ئابوورییەوە بەهێز بووە و کەناڵی پێوەندییە دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی فراوانتر بووە، تەنانەت ئەمریکاش دۆســـێی ئەمنی لەزۆربەی شارەکانی عێراق ڕادەستی هێزە ئەمنییەکانی عێراق کـــردووە و بڕیاریـــداوە بەشـــێوەیەکی قۆناخبەندییانە زۆربەی هێزەکانی لەعێراق بکێشێتەوە و بەشێکی زۆری وڵاتانی عەرەبش بڕیـــاری کردنەوەی باڵیۆزخانەیان لە بەغـــدا داوە و لەزۆربەی کەرتەکانی دیکەی ژیانیش بوژانەوە و جموجۆڵی بەرچاو بەدی دەکرێت، کە لەوەوبەر بەهۆی نەبوونی ئاسایش و سەقامگیرییەوە بوونیان نەبوو. کەواتە عێراق پێڤاژۆی هەلومەرجە ناســـکەکەی تێپەڕاندووە و سەرکردایەتی کوردیش ئەو بەرپرسیارێتییە گەورە و مێژووییەی خۆی بە باشـــترین شـــێوە ڕایـــی کرد و ڕۆڵی سەرەکیشی هەبوو لەگەیاندنی عێراق بەو دۆخە سەقامگرتوو و تەناهەی ئەمڕۆ.

**شێخ خالد عەتیە، جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە لیستی ئیئتیلافی یەکگرتووی شیعە بۆ گوڵان:**

# دەستێوەردانی دەرەکی کێشەیەکی گەورەیە لەبەردەم پێشڤەچوونی پرۆسەی سیاسی عێراق

سەبارەت بە دوایین دانیشتن و گفتوگۆکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کە لە رۆژی پێنج شەممەی رابردوو ٢٠٠٨/٩/١٨ گرێ دراو تیایدا لایەنە سیاسییەکان نەگەیشتنە هیچ رێککەوتنێکی پێشکەوتوو بەرچاو، شێخ خالد عەتیە، جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق سەر بە لیستی ئیئتیلافی یەکگرتووی شیعە، کە یەکێك بووە لەوانەی پرۆژەی یاسای مادەی (٢٤) بایکۆت کرد و دەنگی لەسەر نەدا لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ هەفتەنامەی گوڵان گوتی: وا دیارە هەندێك لەلایەنەکان و کوتلە سیاسییەکان دەیانەوێت بگەڕێنەوە بۆ ماددەی ٢٤ کە لە ماوەی رابردوودا دەنگی لەسەر درا و بەدوای خۆیدا تەنگژەیەکی گەورەی نایەوە، ئەوەبوو کە ئەو ماددەیە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی کۆمارەوە رەتکرایەوە و رێگری لێکرا، ئێستاش هەندێك لەو هێز و لایەنانە هەوڵی ئەوە دەدەن کە ئەو رەتکردنەوەی سەرۆکایەتی کۆمار بۆ مادەی ٢٤ کردی وەربگرنەوە، کە ئەمەش هەڵوێستێکی یەکجار ترسناك و دژوارە، لە بەرامبەریشدا زۆربەی لیست و نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکان رازین لەسەر جێبەجێکردنی پرۆژە یاسای نەتەوە یەکگرتووەکان (دیمستورا) بەمجۆرە لە ئێستادا تۆپەکە لە گۆڕەپانی ئەوانی تردایە، لەلایەکی ترەوە هەوڵێکی زۆر لە ئارادایە بۆ رێککەوتنێکی تەوافوقی لە نێوان لایەنەکان دا هەروەها بۆ لێکنزیکخستنەوەی بیروبۆچوونەکان و واش پێش بینی دەکرێت پرۆژە یاسای بەڕێز دیمستۆرا بکرێتە بنەما بۆ رێککەوتنێکی سیاسیی، ئەوانەی کە تاوەکو ئێستا رەزامەندنی بە چارەسەرێکی ئاشتییانە لە رێگەی پرۆژەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ نموونە هاوپەیمانی کوردستانی و لیستی ئیئتیلافی عێراقی یەکگرتوو حزبی ئیسلامی عێراقی و هەروەها تەیاری سەدری بە گرنگییەوە لە پرۆژەکە دەڕوانن.

*** چاکبوونێکی رێژەیی لە بارودۆخی ئاسایش لە هەندێك ناوچەی عێراق دا بەدی دەکرێت، بەڵام لەسەر ئاستی سیاسی ئاماژەکان بۆ و ئەوە دەچن کە بارودۆخەکان رووەو ئاڵۆزی و تەنگژەی سیاسی هەنگاو بنێن، هۆکاری ئەمە بۆچی دەگێڕننەوە؟**

- بێگومان کێشە و ناکۆکی زۆر لە ئارادان، بەڵام پرۆسەی دیالۆگ و گفتوگۆی لایەنەکانیش بەردەوامە و کراوەیە، بەم پێیەش هەوڵەکان بە ئاراستەی لێکتێگەیشتن و چارەسەر هەنگاو دەنێن، هەر بۆیە پێمان وا نییە کە تەنگژەیەکی لەو جۆرە رووبدات وەك ئەوەی کە لە راگەیاندنەکانەوە باسی لێوە دەکەن، بەڵام نایشارینەوە کەوا کێشە و ئاستەنگ هەیە، هەروەها کۆسپ هەیە لەسەر رێگەی چارەسەرکردنی کێشەکان بەشێوەی تەوافقی، بە بڕوای من بە گەڕانەوەی بەڕێز (جەلال تاڵەبانی) سەرۆك کۆماری عێراق رێگەکانی گفتوگۆ و دیالۆگ بە گوڕتر دەبن و هەروەها هێزو تینێکی نوێ دەدرێتە ئەو بوارانە و هیوا خوازین ئەمە ببێت، بەتایبەتیش دوا بە دوای باشتر بوونی بارودۆخی ئاسایش و بوژانەوەی لایەنی ئابووری و ئەو دەستکەوتانەی کە هاتوونەتەدی، کەواتە پێویستە لەسەر ئەو هێز و لایەنە سیاسییانە کە ساڵانێکە لە خەبات و تێکۆشان دان و ئەرکی ئەمرۆی ئازادی عێراقیان لەسەر شان بووە باشتر وایە هەندێك نەرمی بنوێنن لە هەڵوێستەکانیان و بە شێوەیەکی دڵفراوانی و گەشبینییەوە رووبەرووی کێشەکان ببنەوە، ئەمەش لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و گەیشتن بە چارەسەرێکی گونجاو و تەوافوقی بۆ ئەم سەردەم و قۆناغە.



*** بەپێی زۆربەی بۆ چوون و تێڕوانینەکان رێڕەوی حوکم لە عێراق دا بە ئاراستەی حوکمی زۆرینە و زهنیەتی عەسکەرتاری و شمولی دەڕوا، ئایا ئەگەر عێراق بگەڕێتەوە بۆ حوکمی کودەتای سەربازی ئەو کاتە چ رەنگدانەوەیەکی لەسەر رەوشی ناوچەکە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبێت؟**

- لە راستی دا بە بڕوای من هیچ هەوڵدانێك لە ئارادانی یە بۆ گێڕانەوەی حوکمی تاکڕەوی و دیکتاتۆری یاخود دەسەڵاتی بەهێز لە ناوەندا، چونکە ئەو مەسەلەیە لە دەستووردا براوەتەوە و کۆتایی هاتووە ئەم دەستوورەش زۆرینەی خەڵکی عێراق دەنگی بۆ داوە، بۆیە پێویستە هەموو لایەك بگەڕێنەوە بۆ دەستوور وە بەپێی بەندو ماددەکانی دەستوور گشت کێشەکان چارەسەر بکرێت.

*** تورکیا و ئێران و سعودیە خۆیان کردووە بە بەشێك لە کێشەکانی عێراق، ئەمەش بە مەبەستی راگرتنی بەڵانسی ئەقلیمی نێوانیان، ئایا تا چەند دەستێوەردانی دەرەکی لە عێراق مایەی قبوڵ کردنە؟**

- لە راستی دا ئەمە کێشەیەکی گەورەیە لە عێراق دا، بەڵێ دەستێوەردانی دەرەکی هەیە بۆ سەرکاروباری ناوخۆی عێراق، ئەم دەستێوەردانانە کێشە و گرفت و ئاڵۆزی زۆریان دروست کردووە بەبێ ویستی زۆرینەی عێراقییەکان لە ناوەوە، بۆیە داوا لە گشت هێز و لایەنە سیاسییەکان دەکەین کە بگەڕێنەوە بۆ مەنتقی گفتوگۆو لێك گەیشتن و لە هەوڵی دۆزینەوەی رێگە چارەی گونجاودا بن بۆ کردنەوەی گرێ کوێرەکان بە ویستی هەموولایەك، هەروەها داوا لە وڵاتانی دەوروبەرمان دەکەین کە رێز لەسەروەری نیشتمانی عێراق بگرن و رێز لە بنەما نیشتمانی و دەستوورمان بگرن و کۆتایی بەم دەستێوەردانە خراپە بهێنن کە بەردەوام دەیکەن بۆ ناو وڵاتەکەمان.

> **دەستێوەردانی دەرەکی هەیە بۆ سەرکاروباری ناوخۆی عێراق، ئەم دەستێوەردانانە کێشە و گرفت و ئاڵۆزی زۆریان دروست کردووە بەبێ ویستی زۆرینەی عێراقییەکان لە ناوەوە**

> **داوا لە وڵاتانی دەوروبەرمان دەکەین کە رێز لەسەروەری نیشتمانی عێراق بگرن و رێز لە بنەما نیشتمانی و دەستوورمان بگرن و کۆتایی بەم دەستێوەردانە خراپە بهێنن کە بەردەوام دەیکەن بۆ ناو وڵاتەکەمان**

د. مەریەم ئەلرەیس راوێژکاری د. نوری مالیکی بۆ کاروباری دەرەوە بۆ گوڵان:

# جێبەجێکردنی ماددەی١٤٠ لە بەرژەوەندی عێراقدایە

**د. مەریـەم ئەلرەیـس ئەندامـی پێشـووی پەرلەمانـی عێـراق، بڕیـاردەرە لـە لیژنەی دەسـتووری عێـراق، راوێـژکاری د. نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراقـە بـۆ کاروباری دەرەوە، خانمی ئەلرەیس سـەبارەت بەناکۆکی و بارگرژییەکانـی نێوان هەولێـر و بەغـدا و جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ و ئەو ئاڵۆزیانەی بـەم دواییە لە ناوچەی خانەقیـن روویـدا بەم شـێوەیە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**



*** رۆژ دوای رۆژی ناکۆکییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا تەگەرەی نوێی دێتە پێش و قوڵتر دەبنەوە، ئایا ئەمە بۆ نەبوونی ئیدارەی بەغدا دەگەڕێتەوە یاخود لایەنی دەرەکی یان ئەمەریکییەکان یانیش مەرجەعییەت لە پشتەوەی قوڵترکردنی ناکۆکییەکانەوەن؟**

- سەرەتا ئێمە نابێ هەموو رووداوە سیاسییەکان بە بوونی دەستی دەرەکی و شاراوە ببەستینەوە، چونکە هەر کێشەیەك ئەگەر میکانیزمی چارەسەرکردنیمان نەدۆزییەوە باس لە بوونی دەستی دەرەکی دەکەین، ئەو گرژییەی ئێستا لە نێوان هەولێر و بەغدا هەیە هەمان گرژی لە نێوان لایەن و رەوتە سیاسییەکانی ناو حکومەت و سەرۆکایەتی حکومەتیشدا هەیە، هەولێر رۆڵێکی سەرەکی هەبوو لە لێك نزیك کردنەوەی لایەنە پێك ناکۆکەکان لە بەغدا، ئەوەی ئێستا هەیە من پێموایە کارێکی سروشتی و ئاساییە، چونکە ناکۆکی سیاسی و بارگرژی و نەبوونی ئەمن و ئاسایش لە هەندێك پارێزگادا هەیە، حکومەت هەوڵ دەدات بارودۆخی ئەم پارێزگایانە هێوربکاتەوە بۆیەش چەندین پلانی ئەمنی پەیرەو کراوە، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە حکومەت نوێنەری لایەنێك یان مەزهەبێکی دیاریکراونییە ، بەڵکو نوێنەری هەموو لایەنە سیاسی و نەتەوەیی و مەزهەبییەکانە، کاتێك باس لە ناکۆکی نێوان هەولێر و بەغدا دەکەین بەشێوەیەك باس دەکەین وەك ئەوەی بڵێی بەغدا نوێنەری لایەنێکە و هەولێریش نوێنەری لایەنەکەی تر ئەمەش لێکدانەوەیەکی راست و وردنییە، کاتێك پلانی ئەمنی لە بەسرە دەستپێکرد ئاسایی بوو و هەولێر پشتگیریشی لێکرد و مالیکی بە کەسایەتیەکی هاوسەنگ وەسفکرا، لە موسڵیش بە هەمان شێوە بوو، بەڵام کاتێك پرۆسەی (بشائر الخیر) لە دیالا دەستپێکرد بەتایبەتی لە خانەقین کە چەندین بابەتی وروژاند وەك بوونی هێزەکانی پێشمەرگە لە خانەقین و داواکردن لە سوپای عێراق کە شارەکە جێ بهێڵن، دەرنەچوون لە هێڵی شین، مانەوەی پێشمەرگە وەك هێزی پاسەوانی هەرێم تا ئەو کاتەی رێککەوتن دەکرێت لەسەر جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠، چونکە ئەم ناوچانە ناکۆکییان لەسەرە، بەرای من ئەو گرژییەی کە حکومەتی هەرێم دروستی کرد پێویست نەبوو، چونکە حکومەتی مالیکی نوێنەری لایەنێك یان مەزهەبێك نییە، هەروەها کوردەکان بەشدارێکی کاریگەر و چالاکی ئەو حکومەتەن و لە گشت لایەنەکان زیاتر هاوپەیمانێتی ستراتیژی هەیە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی و، سەرۆك کۆمار و وەزیری دەرەوە و جێگری سەرۆکی حکومەت کوردن تەنانەت هەندێك کەس دەڵێن کورد نوێنەرایەتی سیاسەتی عێراق دەکەن لە کۆڕ و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکان.

هەر بۆیە ئەگەر باسی لایەنی دەرەکی بکەین لەو بارگرژییەی ئێستا هەیە رەنگە زیادەڕۆیی بێت، پێویستە ئێمە یەکگرتووبین لە چارەسەرکردنی ئەم کێشانە و لە نەبوونی متمانە دووربکەوینەوە کە باڵی بەسەر پەیوەندیی نێوان لایەنەکاندا کێشاوە.

*** بەڵام زۆر جار گوێ بیستی لێدوانی پێچەوانە دەبین، ئەگەر بەغدا و هەولێر بە شەریکی خۆی دەزانێت بۆچی ئامادەنییە سازش و لێکگەیشتنی لەگەڵدا بکات؟**

- لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە، تاکەی لایەنە سیاسییەکان لە شوێنی خۆیان دەمێننەوە و رووبەروو کۆبوونەوە لەگەڵ یەکتری ناکەن و لە لێدوان دوور دەکەونەوە، کە بارودۆخەکە ئاڵۆزتر دەکەن، من لە سەلاحەدین داوام لە سەرۆك بارزانی کرد کە زوو زوو سەردانی بەغدا بکات و گشت بابەتە ناکۆکەکان بخرێنە سەر مێزی گفتوگۆ و چیتر لایەنێك یان کەسێك بیروبۆچوونەکان نەگوازێتەوە لە نێوان لایەنە ناکۆکەکان و ئەگەر لێدوانی دژ بە یەك درابێت لەسەر ئەم مێزە گفتوگۆی لەسەر بکرێت، چونکە سەرۆکی هەرێم ئەندامێکی کاریگەرە لە ئەنجوومەنی سیاسی ئاسایشی نیشتمانی، هەروەها ئێمە حەز دەکەین هەرێمی کوردستان رۆڵی هەبێت لە چارەسەرکردنی گشت کێشە هەڵپەسێردراوەکان نەك تەنیا ئەو مەسەلانەی کێشە و ناکۆکییان لەسەر هەیە لەگەڵ بەغدا، بە داخەوە لێدوانە دژ بە یەکەکان کاریگەرییەکی سلبی هەیە لەسەر کۆی

**گرفتێکی زۆر گەورە لە نێوان هێزە سیاسییەکانی عێراقدا هەیە ئەویش نەبوونی متمانەیە کە بارگرژی لێدەکەوێتەوە، هەروەها ئەو تەوافوقەی ئێستا هەیە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی وەستاوە نەك لەسەر بنەمای متمانە بە یەکتری**

پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، هەر چەندە کوردەکان ڕۆڵێکی بەرچاو و کاریگەرییان لە حکومەتدا هەیە، نازانم بۆچی ئێمە تا ئێستاش دیلی لێدوانە سیاسییەکانین کە دواتر نوێنەریان قسەکەرێك بە ناوی ئەو لایەنەی لە گرنگییان کەم دەکاتەوە بۆ ئەوەی بارودۆخەکە ئاڵۆزتر نەبێت.

*** کورد و شیعە ڕۆڵێکی سەرەکییان هەبوو لە دووبارە دروستکردنەوەی عێراق، بەڵام بەهۆی ڕووداوەکانی ئەم دواییە دەنگێك هەیە کە داوا دەکات کە پێویستە کورد چاو پێخشاندنەوەیەك بە هاوپەیمانێتییەکانییەوە بکات، ڕات چییە بەرامبەر بەم داوایە؟**

- لە دەوڵەتێکدا کە دان بە دیموکراسییەت بنێت، ئەو بارودۆخە ئاڵۆزەی ئێستا کارێکی ئاساییە، هەر چەندە کەسانێك پێیانوایە لێدوانە ئاگرینەکان کاریگەرییان هەیە، لەسەر هاوپەیمانێتییە ستراتیژییەکان، بەڕای من ئەمە، بە پێچەوانەیە، بەڵام لایەنی عەرەبیش مەترسی خۆی هەیە، بۆچی کوردەکان زۆر هەستیارن بەرامبەر بەو خاڵانەی کە بۆ ئەوان هێڵی سوورن و هەڕەشەی ئەوە دەکەن کە هاوپەیمانێتییە ستراتیژییەکان لەبەر یەك هەڵدەوەشێنەوەو کە ئەمەش بۆ لایەنی عەرەبی خاڵێکی مەترسیدارە، چونکە کاریگەریی دەبێت لەسەر هاوپەیمانێتی، شیعەکان خۆیان بۆ نموونە لە ناو کوتلەی ئیئتیلاف خۆیدا چەندین کێشە و گرفتیان هەیە و چەند لایەنێکیش پاشەکشێیان لێی کردووە کە ئەمەش کاریگەرییەکی دیکەی دەبێت لەسەر هاوپەیمانێتی ستراتیژی لەگەڵ کوردەکان، ئەو هەنگاوە گەورەی کە سەرۆك وەزیران لە بەسرە نای و هاوپەیمانێتی کوردستانیش پشتگیری لێکرد، دەریخست کە هەندێك لایەنی شیعەش هەن ناکۆکن لەگەڵ حکومەت، لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە ، بۆچی هەر کاتێك جموجۆڵی سیاسی هەبێت دوور لە سنوورەکانی کوردستان حکومەتی هەرێم پشتگیری لێدەکات، بە پێچەوانەوە هەر جموجۆڵێك لە نزیك سنووری کوردستان ڕوودەدات دەبێتە هەڕەشەیەك لەسەر هاوپەیمانێتییەکان؟ ئایا ئێمە دەمانەوێ عێراق بنیات بنێیەوە یان دەمانەوێ هاوپەیمانێتی و کوتلە و چەند فیدراڵییەتێك دابمەزرێنین، ئێمە دەمانەوێ لەسەر بنەمای دیموکراسییەت عێراق بنیات بنێینەوە، بەڕای من کوتلە سیاسییەکان هیچیان بە تەواوی پشتگیری لە سەرۆك وەزیران ناکەن، بەڵام شەقامی عێراقی لە هەموو هەنگاوەکانی ڕازییە کەواتە سەلماندی کە مرۆڤێکی عێراقییە و ناچێتە ژێر ڕکێفی حزبێك یان کوتلەیەك، بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش هەمان هەنگاوی نوری مالیکی بنێت، من لە مەسیف سەلاحەدین داوام لە کاك مسعود بارزانی کرد کە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا خۆی بپاڵێورێت بۆ پۆستی سەرۆك وەزیرانی عێراق، چونکە دەستووری عێراق ڕێگای پێدەدات و ئەم پۆستەی بۆ لایەنێك یان تایەفێکی دیاریکراو قورخ نەکردووە، من دڵنیام کاك مسعود بەو حیکمەتەی کە پێی ناسراوە مامەڵە لەگەڵ هەموو کێشە و گرفتەکاندا دەکات، ئەوەی لە بەغدا هەیە دژی هەولێر نییە، ئێمە لەگەڵ جێبەجێکردنی یاساین، لەگەڵ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانین لەسەر بنەمایەکی مەوزوعی، نامانەوێ هەموو لایەك پێیانوابێت کە تەنیا بە ڕێککەوتن و هاوپەیمانێتی سیاسی بۆی هەیە هێڵی سوور لەسەر هەندێك شت دابنێت کە لەوانەیە یاسایی نەبێت، ئەگەر سەر پێچییەك لە شوێنێك ڕوودەدات یان سەرکردەیێ گشتی هێزە چەکدارەکان پێی باش بێت کە پێویستە سوپای عێراقی جموجۆڵی سەربازی لە شوێنێك ئەنجام بدات من پێموایە ئەمە زەمانەتێکە کە دەستووری عێراقی پێ نووسراوەتەوە و بڕیاری لەسەر دراوە کە کوردەکانیش ڕۆڵیان هەبووە لە داڕشتنەوەی ئەم دەستوورە، بۆیە پێویستە ڕێز لەم دەستوور و بڕگە یاساییەکانی بگیرێت، ئەوەیان خاڵێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی بەسەر ئەم کێشە ئاڵۆزیانەدا زاڵ بین.



*** دوای کودەتای گرووپی ٢٤ لە هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستان خۆپیشاندانی ناڕەزایی ساز کران، بەڵام هەندێك لایەنی شیعی بە هاندانی حزبی دەعوە خەریکی تەیارکردنی غەزەبی شەقامی عەرەبین و دەیانەوێ ناکۆکییەکان لە ئاستێکی سیاسی ببنە ئاستێکی جەماوەری، پێت وانییە ئەمە هەڕەشەیەکی نوێیە لەسەر بارودۆخی سیاسی عێراق؟**

- ئەوەی لە ٢٢ی تەمموز ڕوویدا لە ڕووی دەستوورییە سروشتییە، تەنانەت لە گوتاری سیاسی چەند لایەنێك کە ئەم هەنگاوەیان بە دژی دەستوور وەسف کرد، چونکە پێچەوانەی ڕێککەوتن و تەوافوقی سیاسییە، ئەم قسەیە دوورە لە واقیع، چونکە هەر شتێك پێچەوانەی تەوافوقی سیاسی بێت ئەوە ناگەیەنێت کە دەستووری نییە، بەڵام کاریگەرییەکی ئیجابی هەبوو لەسەر جێبەجێکردنی دەستوور و دەربڕی ئیدارەی شەقامی عێراقییە کە پێویستە ڕێز لەو ئیرادەیە بگیرێ، ناکرێ لە لایەك بڵێین ئێمە یاسا و دەستوور جێبەجێ دەکەین و لە لایەکی دیکەشەوە بڵێین با واز لە دەستوور بهێنین و بە تەوافوق و ڕێککەوتنی سیاسی کار بکەین ئەمە هەڵەیە کی گەورەیە، بۆیە دەبێ یان هێزە سیاسییەکان ڕێك بکەون و ئەگەر سەرپێچی لەم ڕێککەوتنامە کرا بە کارێکی نایاسایی لە قەڵەم بدرێت، یانیش دەبێ ڕێککەوتنەکان پشتگوێ بخەین و بەپێی دەستوور کار بکەین و دەرچون لەم دەستوورە بەسەر پێچی دابنرێت و شەقامی عێراقی پێویستی بە چەند بڕیارێکە کە لەسەر بنەمای نیشتمانیی درابن، ناکرێ گرووپی ٢٢ی تەمموز تەنیا بە گرووپێکی ئۆپۆزسیۆن و دوور لە هەستی نیشتمانی وەسف بکرێ لە هەمان کاتدا ئەگەر ئەم گرووپە دژی هەموو بڕیارەکان و میکانیزمی داڕشتنی یاسای پارێزگاکان و زیادکردنی ماددەی ٢٤ بێت ئەو کاتەش پێویستە هەوڵ بدرێت میکانیزمێك بدۆزرێتەوە لەسەر بنەمای تەوافوق لە هەمان کاتدا لەسەر بنەمای یاسایش بەڕێوە بچێت، ئەگەر ناکۆکیش لە شاری کەرکووك هەبێت و بارودۆخەکەش ئاڵۆز بێت من دژی ئەوەم هەڵبژاردنی پارێزگاکان لە کەرکووك دوا بخرێت و لە شارەکانی دیکەش ئەنجام بدرێت، هەروەها پێشنیاری ئەوەشم کردووە کە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران

**هەر شتێک پێچەوانەی تەوافوقی سیاسی بێت ئەوە ناگەیەنێت کە دەستووری نییە**

**ئەگەر ناکۆکیش لە شاری کەرکووک هەبێت و بارودۆخەکەش ئاڵۆز بێت من دژی ئەوەم هەڵبژاردنی پارێزگاکان لە کەرکووک دوا بخرێت و لە شارەکانی دیکەش ئەنجام بدرێت**

**ئەنجامدانی دوو هەڵبژاردن لە ماوەی کەمتر لە ساڵێک دەبێتە هۆی ساردبوونەوەی دەنگدەران لە رووکردنە سندوقەکانی هەڵبژاردن**

ئەنجام دەدرێت بۆ ئەوەی تایبەتمەندییەکی نایاسایی بە کەرکووك نەدەین، دواخستنی هەڵبژاردنەکان بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە یەکەمیان ژمارەیەکی زۆر کەمی هاوولاتیان خۆیان ناونووس کردووە بۆ دەنگدان، بۆیە پێویستە دەرفەتێکی زیاتر بە دەنگدەران بدرێت کە بگاتە ساڵێك و، لەم ماوەیەدا زیاتر وشیار بکرێنەوە بۆ دەنگدان وەك ئەرکێکی سەرشانی، خاڵی دووەم ئەو ماوەیەی کە ماوە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن زۆر کەمە بۆ دیاریکردنی کەسایەتی کاریگەر و گرنگ بۆ ئەنجوومەنی پارێزگاکان، چونکە ئەگەر ئەو کەسایەتییانە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی بۆ ماوەی چوار ساڵ هەڵبژێردرێن زۆر بە گران دەوەستێتەوە. خاڵی سێیەم، ئەگەر هەڵبژاردنەکان لە سەرەتای ساڵی داهاتوودا ئەنجام بدرێن، لەم ماوە کەمەدا پێویستە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان پارەیەکی زۆری لێ خەرج بکات، هەروەها لە ماوەی کەمتر لە ساڵێك جارێکی دیکە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران ساز دەکرێت لە دەرەوە و ناوەوەی عێراقە ئەمەش پێویستی بە بودجەیەکی تایبەت هەیە، هەروەها ئەنجامدانی دوو هەڵبژاردن لە ماوەی کەمتر لە ساڵێك دەبێتە هۆی ساردبوونەوەی دەنگدەران لە رووکردنە سندوقەکانی هەڵبژاردن، بەڵام خاڵی سەرەکی لە دواخستنی هەڵبژاردنەکان ئەوەیە کە ئێمە پێویستمان بە کاتێکی زۆرە بۆ هەڵبژاردنی کەسایەتی گونجاو، جگە لەمە هەندێك کەس دەڵێن هەڵبژاردنی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنە گشتییەکان گرنگترە، چونکە راستەوخۆ پەیوەندیی بە ژیانی رۆژانەی خەڵك و ئاستی ئەو خزمەتگوزارییانەوە هەیە کە پێشکەشی هاوولاتییانی دەکات. دەگەڕێمەوە سەر گرووپی ٢٢ی تەمموز بەدەر لە شێوازی دەنگدانەکە و ئەوەی لەو رۆژەدا روویدا دەبێ ئەو راستییە بزانین ئەو هێزانەی لە ئەنجامی ناکۆکییە سیاسییەکان و دواکەوتن لە بڕیاردان لەسەر ئەم یاسایانە دروست بوون، پێویستە هێزە سیاسییەکان توانای خۆیان دەربخەن لە دەرکردنی یاسایەك نەك دەنگ نەدات، بە داخەوە ئێستا لە پەرلەمانی عێراق بە جێهێشتنی پەرلەمان، دەنگ نەدان، ئامادە نەبوون بووەتە نەریت و بە دەگمەن ئەندامەکانی پەرلەمان ئامادە بن و گفتوگۆ دەکەن و دەنگ دەدەن، پێویستە هەموو هێزەکان بزانن ئەگەر ئامادە نەبن ئەوا دەنگدان دەبێت، چونکە هێزی دیکە هەیە و ئەم کارەیان لا پەسەندە، ئێستا یاساکە مایەی گفتوگۆکردنە، هیوادارم هێزە سیاسییەکان بگەنە ئەو قەناعەتەی کە دواخستنی هەڵبژاردنەکان لە بەرژەوەندی عێراقدایە.

*** ماددەی ١٤٠ نەخشەی ڕێگایە بۆ دەرچون لەو بارگرژیانە، بۆچی هاوپەیمانەکانی کورد هەوڵی جێبەجێکردنی نادەن، ئایا کێن ئەو لایەنانەی لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان دەترسن؟ لەم رووەوە ئێوە تا چەند پشتگیری پێشنیارەکانی دیمستۆرا دەکەن؟**

- من پشتگیری دەکەم لە جێبەجێکردنێکی راستەقینەی دەستوور و مادەکانی، هەندێك کەس دەڵێن کارکردن بە ماددەی ١٤٠ کۆتایی پێ هاتووە، چونکە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ دیاریکرابوو بۆ جێبەجێکردنی گشت بڕگەکانی ئەم ماددەیە، بەڵام لەسەر هەرێمی کوردستان بە تەنیا جێبەجێ ناکرێت ناوچەکانی نێوان رومادی و کەربەلا و سەماوەش کێشەیان لەسەرە و پێویستیان بە چارەسەرکردن هەیە، بۆیە جێبەجێکردنی ئەم مادەیە لە بەرژەوەندی عێراقدایە، بەڵام عەرەبەکانیش ترسی ئەوەیان هەیە ئەو ژمارە زۆرەی کورد کە روویان لە کەرکووك کردووە گۆڕانکارییەکی دیموگرافی دیکەی لەو شارە دروست کردووە ئەویش بە لە دایکبوونی نوێ و گۆڕینی شوێنی لە دایکبوون، چارەسەر کردنی ئەم کێشەیەش زۆر زەحمەت نییە، بۆ عەرەبەکانیش بە هەمان شێوەیە ئەو کەسەی کە ماوەی زیاتر لە ١٥ ساڵە لە شوێنێك نیشتەجێیە ناکرێ داوای لێبکەین شوێنەکەی خۆی جێ بهێڵێت، چونکە رژێمی سەدام بووەتە هۆکاری هاتنی بۆ ئەم شوێنە، لە هەموو وڵاتانی جیهانیش هەر کەسێك بۆ ماوەی ٥ ساڵ لە شوێنێك بێت رەگەزنامەی پێ دەدەن ئەی بۆ کەسێك کە لە وڵاتی خۆی بێت چۆن دەربکرێ، جێبەجێکردنی ئەم مادەیە زۆر زەحمەت نییە بە تایبەتی ئەگەر هێزە سیاسییەکان ئەمە بەکارێکی گرنگ دابنێن و داننان بە ئەنجامەکانیشی گرنگترە، بەڵام گرفتێکی زۆر گەورە لە نێوان هێزە سیاسییەکانی عێراقدا هەیە ئەویش نەبوونی متمانەیە کە بارگرژی لێدەکەوێتەوە، هەروەها ئەو تەوافوقەی ئێستا هەیە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی وەستاوە نەك لەسەر بنەمای متمانە بە یەکتری، بۆیە تاکە لێدوانێکی توند لە لایەنێکەوە کار دەکاتە سەر پرۆسەی سیاسی بە شێوەیەکی گشتی، هەروەها کار دەکاتە سەر رێککەوتنە ستراتیژییەکانیش، کەواتە ناکرێ ئەمانە بە رێکەوتنی ستراتیژی دابنرێن. لەلایەکی دیکەوە عەرەبەکان ترسی ئەوەیان هەیە ئایا گەڕاندنەوەی کەرکووك بۆسەر هەرێمی کوردستان بانگەشەی کوردە بۆ سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی، بە هەمان شێوە کوردیش ترسی ئەوەیان



هەیە کە بۆ بۆچی عەرەبەکان جددی نین لە جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ ؟ ئەمانە هەموویان هەڵقوڵاوی نەبوونی متمانەن لەنێوان لایەنەکاندا، تا دوێنێ کێشەی نەبوونی متمانە لەنێوان هێزە سیاسییە شیعی و سوننەکاندا هەبوو، ئەوەی قەت پێشبینیمان نەدەکرد ئەوەبوو کە کێشەی نەبوونی متمانە لەنێوان کورد و شیعە دروست ببێت، ئەمە بابەتێکی گرنگ و ترسناکە و پێویستی بە چارەسەر هەیە.

*** پێت وانییە وڵاتانی ئیقلیمی بە هەموو شێوەیەك دەیانەوێ ڕۆڵیان هەبێ لەم گرفتانە ئەمەش بۆ ڕاگرتنی پارسەنگی ئیقلیمی؟**

- ئەم بابەتە پێویستی بە گفتوگۆی زۆر هەیە، ململانێی تورکیا و ئێران و سعودیە و ئوردن لە عێراقدا هەیە، بەڵام ئێران و تورکیا کاریگەریان زیاترە، کاتێك لایەنە سیاسییەکانی عێراق لە ناوەوە و دەرەوەی پەرلەمان هاودەنگ بوون ئەو کات ململانێی وڵاتانی دراوسێی عێراقیش کۆتایی دێت، چونکە بە شێوەیەکی سروشتی ئەگەر ناکۆك بین دەستێوەردانی دەرەکی دەبێت، هێزە سیاسییەکانی عێراق تەنیا ئەو لایەنانە لەگەڵ یەکتری باس دەکەن کە لەسەری هاوڕا و کۆکن، پێویستە باسی ئەو کێشانە بکەن کە لەسەریان ناکۆکن، عەرەبەکان دەبێ بە ئاشکرا بە کوردەکان بڵێن ئێمە ترسی ئەوەمان هەیە کە کەرکووکت گەڕاندەوە دەوڵەتی کوردی دادەمەزرێنی، تۆ دەتەوێ نەوتی عێراق ئیستیغلال بکەی دوور لە حکومەتی ناوەندی، لە هەمان کاتدا پێویستە کوردیش بە ئاشکرا بە عەرەب بڵێ، من ترسم لە تۆ هەیە چونکە حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق بە درێژایی مێژوو گەلی کوردیان چەوساندۆتەوە، ترسم لە عەرەبە چونکە بەڵێنی زۆریان پێداوین دواتر لێی پاشگەز بوونەتەوە.

من دەپرسم ئایا چەند لایەنی سیاسی عێراقی بەم شێوەیە بە ڕاشکاوانە لەسەر مێزی گفتوگۆ قسەیان کردووە، بەداخەوە زۆر کەمن ئەوانەی بەم شێوەیە قسە دەکەن ئەمەش بە ئاشکرا لەسەر شاشەکانی تەلەفزیۆن دەردەکەوێ کاتێك هەموویان دانیشتوون قسە دەکەن و پێدەکەنن و قسەکەری ڕەسمیش بە ڕۆژنامەنووسان دەڵێ لەسەر هەموو شتەکان ڕێککەوتووین و پێشکەوتنی بەرچاومان بەدەست هێناوە بەڵام لە ڕاستیدا لەسەر هیچ شتێك ڕێك نەکەوتوون ئەمەش گرفتێکی گەورەیە، نامانەوێ لە گفتوگۆکاندا باس لە شتێك بکەین کە لەسەری کۆکین.



*** ئایا پێتان وانییە بە ئیقراربوونی سیستەمی هەڵبژاردنی پارێزگاکان عێراق لە فیدرالیزمی هەرێمەکانەوە بەرەو فیدراڵییەتی پارێزگاکان هەنگاو دەنێت وەك ئەوەی پێشتر پۆڵ برێمەر بڕیاری لەسەر دابوو، لەبەر ئەوە یاسای پارێزگاکان ڕێك نەخراو دەسەڵاتێکی فراوانی تەشریعی و تەنفیزی و موراقەبەی بە ئەنجومەنی پارێزگاکانی بەخشیوە لەسەر بنەمای لامەرکەزی و بودجەی ڕاستەوخۆشیان لەلایەن وەزارەتی دارایی بۆ تەرخان کراوە؟**

- ئەمە یەکێکە لەو خاڵانەی کە کورد ترسی لێی هەیە، هەروەها ئەوانەی کە دەیانەوێ فیدراڵییەتی دیکە لە عێراق دابمەزرێنن وەك لە باشوور و ناوەڕاستی عێراقە، چونکە ڕژێمی لامەرکەزی دەسەڵاتی زیاتر بە پارێزگا و ئەنجومەنی پارێزگا دەدات و دەبنە خاوەن بودجەیەکی تایبەت و زۆر، ئەگەر ئەمە جێبەجێ بکرێ ئێمە پێویستمان بە فیدراڵییەت نابێت لەو پارێزگایانە، بە بۆچوونی خۆم ئەگەر باس لە هەرێمی کوردستان بکەین جیاوازە لەگەڵ سەرجەم پارێزگاکانی دیکە، ئێستا گەلی عێراق ئامادە نییە بۆ دامەزراندنی هیچ فیدراڵییەتێك لە هیچ شوێنێك، تەنانەت کەرکووکیش، پێم باشە سیستەمی لامەرکەزی تێدا جێبەجێ بکرێت لە جیاتی سیستەمی فیدراڵی، چونکە فیدراڵییەت پێویستی بە زانین و پێگەیشتنی زۆر هەیە، ئەوەی لە کوردستان هەیە لە هیچ شوێنێکی دیکەی عێراق نایەتە دی، ئەمەش ڕاستییەکە پێویستە دانی پێ دابنێن، بۆیە تەنیا بڕیاردان لەسەر ئەم یاسایە ئەوە ناگەیەنێت کە جێبەجێ دەکرێت، بوونی سیستەمێکی لامەرکەزی لەم قۆناغەدا لە سیستەمی دیکتاتۆریمان دەپارێزێت وەك ڕژێمی سەدام کە ناوەند هەموو دەسەڵاتێکی هەبوو کوردستان و باشوور لەسەر دەریای نەوت بوون بێ ئەوەی بۆ بوژاندنەوەی ئەو ناوچانە بەکار بێت ئەگەر لەم قۆناغەدا سیستەمی لامەرکەزی پەیڕەو کرا ئەوا ڕێگا خۆش دەبێت بۆ دامەزراندنی فیدراڵییەتی نوێ، بەڵام ئەگەر سیستەمی فیدراڵییەت دابمەزرێ ئایا ئێمە دەگەڕێینەوە سەر سیستەمی لامەرکەزی؟ ئەوەی فیدراڵییەتی بەدەست هێنا بێت بە هیچ شێوەیەك دەستبەرداری نابێت، ئایا گەلی عێراق ئامادەیە بۆ دامەزراندنی فیدراڵییەت لەو کاتەی کە کێشەی نەبوونی متمانە هەیە، ڕژێمی فیدراڵی مانای دابەشکردنی عێراق نییە بەڵکو مانای مانەوەی عێراقە بە یەکگرتوویی، بەڵام بوونی هەرێمێك وەك هەرێمی کوردستان کە تایبەتمەندی خۆی هەیە ئەوە ناگەیەنێت کە پێویستە چەند فیدراڵییەتێکی نوێ لە عێراق دابمەزرێنین.

**هەندێک کەس دەڵێن هەڵبژاردنی پارێزگاکان لە هەڵبژاردنە گشتییەکان گرنگترە، چونکە ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک و ئاستی ئەو خزمەتگوزارییانەوە هەیە کە پێشکەشی هاووڵاتییانی دەکات**

**ئێستا لە پەرلەمانی عێراق بە جێهێشتنی پەرلەمان، دەنگ نەدان، ئامادە نەبوون بووەتە نەریت و بە دەگمەن ئەندامەکانی پەرلەمان ئامادە بن و گفتوگۆ دەکەن و دەنگ دەدەن**

**ئەو کەسەی کە ماوەی زیاتر لە ١٥ ساڵە لە شوێنێک نیشتەجێیە ناکرێ داوای لێبکەین شوێنەکەی خۆی جێ بهێڵێت**

هاشم ئەلتائی ئەندامی سەرکردایەتی بەرەی تەوافوق و سەرۆکی لیژنەی هەرێم و پارێزگاکان لە پەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان:

# تا ئێستا تێڕوانینی بەشێکی زۆری عێراقییەکان سیمای حکومەتی ناوەندی داگیری کردووە

...

**بەڕێز هاشم ئەلتائی سەرۆکی لیژنەی هەرێم و پارێزگاکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقییە لە لیستی بەرەی تەوافوق، هەروەها ئەندامێکی دیاری سەرکردایەتی حزبی ئیسلامی عێراقییە، کە تاریق هاشمی جێگری سەرۆک کۆماری عێراق سەرۆکایەتی ئەو حزبە دەکات، بەڕێز ئەلتائی دانیشتووی شاری موسڵ و کەسایەتییەکی ناسراوی ئەو پارێزگایەیە، لە رووی کۆمەڵایەتییەوە نزیکی لەگەڵ کورد دا هەیە و لە ئەندامانی خێزانەکەیاندا چەند دانەیەکیان کوردن، هەروەها خۆی بە دۆستی کورد دەزانێ و دەڵێت شانازی دەکەم بە برا کوردەکانم و مێژووی کوردستان.**

**ناوبراو لە هەڤپەیڤینێکی لەگەڵ گوڵاندا راشکاوانە هەڵوێست و تێڕوانینی حزبی ئیسلامی و گوتاری بەرەی تەوافوقی سوننی لەمەڕ دوا گۆڕانکاری و پەرەسەندنەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی عێراق روون کردەوە.**

...

*** چارەنووسی تەوافوقاتی سیاسی و هاوپەیمانی و رێککەوتنی لایەنەکان بە کام ئاراستەیەدا دەڕوات لە هەلومەرجی ئەمڕۆ و داهاتووی عێراق؟**

- بە بڕوای ئێمە ئەو هاوپەیمانییەتییە سەرکەوتوو دەبێت کە پابەندبێت بە وڵات و بەرژەوەندییەکانی هاووڵاتی لەبەرچاو بێت، هەروەها نەچێتە ژێر کاریگەری هیچ ئەجێندایەکی دەرەکی و ناوچەیی و نێودەوڵەتی هەروەک گوتمان ئەو هاوپەیمانییەتییە سەرکەوتوو دەبێت کە بەرژەوەندی گەل و هاووڵاتییانی بپارێزێت، بەڵام هاوپەیمانییەک کە بکەوێتە ژێر رەحم و کاریگەری ئەجێندایەکی دەرەکی ئەوا بێگومان لە ڕێڕەوی سەرەکی و راستەقینەی خۆی لادەدات دواتریش بەبن بەست دەگات و رێگەی لێ دادەخرێت، کە لە چەند هاوپەیمانیەتییە رووبدا هەروەک بینیمان.



*** ئایا ئەجێندای دەرەکی و رۆڵی وڵاتانی دەورووبەر بۆسەر بارودۆخی ناوخۆی عێراق چۆن دەبینین کە کاریگەر بێت لەسەر خراپی رەوشی رووداوەکانی ناوخۆی وڵات؟**

- بەڵێ، ئەم ئەجێندایەی باسی لێوە دەکرێت ئەمڕۆ لە هەر کاتێک زیاتر بوون و ئامادەیی هەیە، بەڵام ئەوەی لە هەمووی زیاتر بوونی گەورە و کاریگەری هەیە مەسەلەی نەبوونی متمانەیە، نەبوونی متمانە لە نێوان لایەنەکان بۆ یەکتری ئەمەش حەقیقەتێکی تاڵە و هەر ئەوەش بۆتە رێگر و بەربەست لەسەر رێگەی گەیشتن بە رێککەوتن وگفتوگۆی بەردەوام و بە کەڵک، چونکە ئەگەر بڕوا و متمانەی تەواوەتی ببوایە ئەوا دەکرا زەمینەیەکی گونجاویش بدۆزرێتەوە بۆ گفتوگۆ و تەوافوق، بەڵام نەبوونی بڕوا و متمانە بە یەکتری کاریگەری و دەرەنجامی خراپ و بێ کەڵکی لێکەوتۆتەوە بۆ سەر رەوتی گفتوگۆکان و زۆر جارانیش گەیاندوویەتییە حاڵەتێکی بنبەست!

بەهەر حاڵ کەشوهەوای دانیشتنەکانی ئەمجارەی پەرلەمان تارادەیەکی باش ئیجابی بوون لەچاو دانیشتنەکانی پێش خۆی، کەوا دیارە جۆرێک لە تێگەیشتنی لەنێوان لایەنەکان بەدی هاتووە، هەرچەندە هەندێک لایەن هەن کە بە راستی کێشە و گرفتی زۆر دەورووژێنن و دیانەوێت بارودۆخەکان هەردەم ئاڵۆز بکەن. بە تایبەتیش مەسەلەی هەڵبژاردن و یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان. بەڵام ویست و هەڵوێستی دڵسۆزان گەورەتر دەبینین لە هەوڵی تێکدانی ئەو کەس و لایەنانە.

*** ئایا ئەو تەنگژەیەی دوایی کە لە نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی بەغدا هاتە ئاراوەو رووبدا هۆکاری دەرەکی لە پشتەوە بوو یاخود بە هۆی نەبوونی بڕوا و متمانە دروستبوو یان بە هۆی تاکڕەوی دەسەڵاتی بەغدا بوو یان دەستێوەردانی دەرەکی تێدا بوو؟**

- بە بڕوای من جۆرێك لە تەجاوزات کرایە سەر دەستوور، واتە حکومەتی ناوەند سنوورێکی هەیە پێویستە پابەند بێت پێوەی هەروەها حکومەتی هەرێم سنوورێکی هەیە پێویست دەکات پابەند بێت پێوەی، هەر کاتێك تەعدا کرایە سەر هێڵە دەستوورییەکان و بەرپرسان لە ئەرکی بەرپرسیارییەتی خۆیان هاتنەدەر و تەجاوزیان کرد ئەوەی کە دەستوور بۆی داناون، لێرەوە کێشە و ئاڵۆزی و دەستێوەردان لە سەلاحیەتییەکان دروست دەبێ و دێتە ئاراوە، بەڵێ دەستێوەردانی دەرەکی هەیە و ئەجێندای دەرەکی لە ئارادایە بۆ سەر کێشەکانی حکومەتی هەرێم و ناوەند.

*** وێڕای هەبوونی هاوپەیمانی و شەراکەت لە نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی بەغدا، پێتوایە ئەو هۆکارانە چی بوون کە بارودۆخەکانیان لە عێراقدا شێواند؟**

- هەر کاتێك هەڵبژاردن نزیك بووە بەرژەوەندییەکان کز و لاواز دەبن و دەپچڕێن! هەر لایەك لە هەوڵی ئەوەدا دەبێت کە هەڵبژاردنەکان بباتەوە و بوونی خۆی مسۆگەر بکات یاخود لەسەر ئەرزی واقیع چەند دەستکەوتێکی گرنگ بۆ خۆی پەیدا بکات، بەمجۆرە بەرژەوەندییەکان دەبن بە جەمسەری رووداو و هەڵوێستەکان کەواتە کاتێك کە لە رووی بەرژەوەندییەوە سەیر بکەیت و هەنگاو بنێیت ئەوا بەرەو دابڕان و بەرژەوەند پەرستی دەڕۆین، بەڵام هەر کاتێك بەشداری و هاوبەشی هەبوو لە بەرژەوەندیەکان ئەو

کاتە هاوپەیمانییەتیش دێتە ئاراوە، لە رابردوودا هاوپەیمانی و دۆستایەتییەکان سەرکەوتوو بوون چونکە بەرژەوەندییەکان هاوبەش بوون، بەڵام کاتێك جودابوونەوە بوو لە بەرژەوەندییەکان بێگومان هاوپەیمانییەکان دووچاری زیان لێکەوتی دێن، وەك ئەو بارودۆخە نەویستراوەی ئەمڕۆ کە لە عێراقدا هاتۆتە ئاراوە، بە بڕوای ئێمە کاتێك هاوپەیمانی و شەراکەتێك دروست دەکرێت پێویستە بەڵێننامە و پەیماننامەش لە نێواندا دروست بکرێت، بۆیە کاتێك ئەو رێککەوتنانە پێك دەهێنرێن و خەڵکی هەست بە بوونی شتێکی ئەوتۆ ناکەن کە بوونی هەبێت ئەوکاتە تەنیا لە گۆشەنیگای رایگەیاندنەوە سەیر دەکرێ و کاریگەریشی نابێت و گرنگی خۆی زۆر زوو لە دەست دەدات.

*** تا چەند هەست دەکەن و بڕواتان هەیە کە ئاراستەی حوکم لە بەغدا رووەو تاکڕەوی و جۆرێك لە دیکتاتۆری هەنگاو دەنێت، هەروەها مەترسییەکان لەمەڕ پڕ چەککردنەوەی سوپای عێراق و دوارژی ئەو بارودۆخانە بە کوێ دەگات؟**

- بەبڕوای من ئەمە نابێت، بەڵام هەندێك هەڵسوکەوتی ناپێویست هەیە کە حکومەتی ناوەند لە بەغدا ئەنجامی دەدات کە بە باش نییە ئەویش نەگەڕانەوەیە بۆ رای گشتی و تێکنەگەیشتنە لەگەڵ ئەوانەی تر، هەروەك ئەوەی روویدا لە پارێزگای دیالە و موسڵ یاخود لە ئەنبار یاخود ناوچەکانی تری خوارووی عێراق هەندێك کار و هەنگاونران کە نەدەکرا بەبێ وەرگرتنی رای ئەوانی تر ئەنجام بدرایەن، سەبارەت بە حکومەتی هەرێم یان حکومەتی هەرێمەکانیش ئەوا دەستوور سەڵاحییەتی هەر یەك لەو حکومەتانەی دیاری کردووە بەڵام وردەکاری ئەو سەلاحیاتیانە تاوەکو ئێستا زۆر روون و ئاشکرا و دیار نین، هەروەك یاسایەك رێك نەخراوە بۆ کاری هەرێمەکان کە زیاتر بە روونی کاری لەسەر بکرێت، لێرەوە یەکە کێشەکان حکومەتی ناوەند بیرو هۆشیانی داگیر کردوە و کاریگەری زۆری هەیە، وە خاڵێکی تریش ئەوەیە تاوەکو ئێستا حکومەتی هەرێمەکان بە شێوەی ئاسایی نەکەوتوونەتە سەرباری کارکردنی خۆیان لە بووژانەوە و ئاوەدانکردنەوە و پەرەپێدان واتە بە شێوەیەکی گشتی تاوەکو ئەمڕۆ نەمانتوانیوە بە دەسەڵاتی لامەرکەزی شاد بین و بگەین وەك ئەوەی کە لە دەستووری نوێی عێراقدا هاتووە، ئەوەی کە ئەمڕۆکەش دەبینین جۆرێك لە دابڕان و هەڵوێست وەرگرتنە لەنێوان حکومەتی هەرێمەکان و حکومەتی ناوەند بەبڕوای ئێمە هێشتنەوەی دەسەڵاتەکان لە بەغدا و فەرامۆشکردنی دەسەڵاتی هەرێمەکان هۆکارێکی گرنگ بوو لە سەر هەڵدانی تەنگژە و کێشەکانی ئەم دواییە کە روویاندا، هەروەها گەر بارودۆخەکان بەمجۆرە بەردەوامبن و حکومەتی ناوەند و حکومەتی هەرێمەکان لە سنووری یاسایی و دەستوورییەکانی خۆیان نەوەستن ئەوا دەرگای کێشەکان زیاتر بە رووی ئاڵۆزی و تەنگژەکاندا دەکرێتەوە و زۆرگرفتی تر لە خۆ دەگرێت.

*** ئێوە تا چەند لەگەڵ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووردان، هەروەها ئێوە لەگەڵ یاسای هەڵبژاردنن لە کەرکوك یاخود دواخستنی؟**

- ماددەی ١٤٠ ماددەیەکی دەستوورییە هەروەکو ماددەکانی دیکەی دەستوور وە کاتێك هەوڵ درا بۆ چارەسەرکردنی بڕگە و بابەتەکانی ئەم ماددەیە و لە ئەنجوومەنی نوێنەران لیژنەیەکی بۆ پێکهێنرا بەڵام بەهەر هۆیەك بێت، ئەرکەکانی ئەم لیژنەیە ئەنجام نەدران هەربۆیە جۆرێك لە کێشە و گرفتی هێنایە ئاراوە و هەنگاوەکان زۆر سست بوون و کارەکانیش وەك خۆیان مانەوە، ئەمەش هەر بە تەنیا بۆ ماددەی ١٤٠ وانە بووە بەڵکو بۆ زۆر بەندی دیکەی دەستوور خەمساردی کراوە وەك ماددەی ١٤٢ی دەستوور.

*** دوا بە دوای رووداوەکانی کەرکوك و خانەقین، کورد پێی وایە چاوخشاندنەوەیەك بە هاوپەیمانی و رێککەوتنەکاندا بکرێتەوە لەگەڵ هێز و لایەنەکان وە ئەگەر بەغدا خۆی بە شەریکی کورد دادەنێ پێویستە هەندێك نیاز پاکی نیشان بدات و ئێوە تا چەند لەگەڵ بەردەوامی هاوپەیمانی دان؟**

- ئێمە لە حزبی ئیسلامی عێراقی هاوپەیمانییەتییەکی باشمان لەگەڵ هەردوو حزبی دەسەڵاتداری کوردستان پارتی و یەکێتی دا هەیە، وە ئەو دۆستایەتییەی ئێمە لەگەڵ کورد وەك زانراوە قورس لەسەرمان کەوتووە و لەم پێناوەش دا قوربانی زۆرمان داوە و زەرەرمەند بووین، بەڵام بەداخەوە ئێمە لەسەر ئەرزی واقیع هیچ شتێك لەبەروبوومی ئەو رێککەوتنە نابینین، لێرەدا جارێکی تر بەداخەوە دەڵێم گەر پەیوەندییەکانمان هەر بەم جۆرەی ئێستاکە بەردەوام بێت دەمانگەڕێنێتە خاڵی سەرەتا و قۆناغێکی داخراو، تۆپەکە ئێستا لە گۆڕەپانی هاوپەیمانی کوردستانییە بۆ ئەوەی دەستپێشخەرییەك بکەن بە لانی کەم بۆ هاووڵاتیانمان لە پارێزگای موسڵ و دیالە و هەموو ئەو ناوچانەی کە کێشەیان لەسەر هەیە.

ئەم قسەی ئێمە وەك تاقیکردنەوەیەکی گەورەی بەردەم لیستی هاوپەیمانی کوردستانییە کە چاوەڕێین وەڵامەمان بدەنەوە، حزبی ئیسلامی عێراقی تا هەنوکە پایەندە بە هاوپەیمانییەتی لەگەڵ کورد، بەڵام لە راستیدا لەسەر ئەرزی واقیع هەست بەو هاوپەیمانییە ناکەین، هەرچەندە ئێمە زۆر شانازی بە گەلی کوردستان و کورد دەکەین، ئێمە مێژوویەکی دووروودرێژمان لەپێکەوەژیان و بەرژەوەندی هاوبەشدا هەیە بەڵام هەروەکو گوتم ئێمە هیچ پێشکەوتنێك لە رێککەوتنی نێوانماندا نابینین هەربۆیە زۆر کەس و لایەن گرەویی نەمان و هەڵوەشانەوەی ئەم رێککەوتنە دەکەن و گرەوی دۆڕاندنی حزبی ئیسلامی دەکەن لە پارێزگای موسڵ بەم هۆیانەی کە باسمان کردن، بێگومان ئەمەش دەبێتە هۆکاری زیان پێ گەیشتن بۆ هەردوولامان، هەربۆیە پێویستی چاوپێداخشانەوە بەم رێککەوتنە بۆتە شتێکی پێویست بۆ ئێمە، چونکە پێمان وایە هەلومەرجەکە ئەوە لە هەردوو لامان دەخوازێت گڕوتینێکی تازە وخوێنێکی نوێ بدەینەوە به رێکەوتنەکەو بە هاوپەیمانییەتی نێوانمان و بەڵێن و پەیمانەکانی دابوومانن بە خەڵکی و بە هاووڵاتیانمان جێبەجێیان بکەین و چەند هەنگاوێکی گرنگ و کردەیی بۆ بەجێگەیاندنی ناوەڕۆکی هاوپەیمانییەکە بهاوێژین، ئەگەر وانەکەین بە داخەوە دەتوانم بڵێم چارەنووسی هاوپەیمانییەتی نێوانمان رووەو نەمان و کۆتایی دەڕوات.

●●●
**نەبوونی بڕوا و متمانە بە یەکتری کاریگەری و دەرەنجامی خراپ و بێ کەڵکی لێکەوتۆتەوە بۆ سەر رەوتی گفتوگۆکان**
●●●

●●●
**دەستێوەردانی دەرەکی هەیە و ئەجێندای دەرەکی لە ئارادایە بۆ سەر کێشەکانی حکومەتی هەرێم و ناوەند**
●●●

●●●
**تۆپەکە ئێستا لە گۆڕەپانی هاوپەیمانی کوردستانییە بۆ ئەوەی دەستپێشخەرییەک بکەن بە لانی کەم بۆ هاووڵاتیانمان لە پارێزگای موسڵ و دیالە و هەموو ئەو ناوچانەی کە کێشەیان لەسەر هەیە، ئەم قسەی ئێمە وەک تاقیکردنەوەیەکی گەورەی بەردەم لیستی هاوپەیمانی کوردستانییە کە چاوەڕێین وەڵاممان بدەنەوە**
●●●

حەسەن ئەلشەممەری، ئەندامی لیژنەی هەموارکردنی دەستوور و سەرۆکی کوتلەی فەزیلە لە پەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان:

# نازانین بۆچی لەم کاتەدا مەسەلەی خانەقین وروژێنرا

**حەسەن ئەلشەممەری، ئەندامی لیژنەی هەموارکردنی دەستوور و سەرۆکی کوتلەی حزبی فەزیلەی ئیسلامی، کە ١٥ کورسییان هەیە لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و مەرجەعی سەرەکییان شێخ یەعقوبییە لەشاری نەجەف، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ هەفتەنامەی گوڵان تیشکی خستە سەر ناکۆکییەکانی نێوان حکومەتی ناوەندی و هەرێمی کوردستان و بێگایی پارتەکەیانیشی لە جوڵاندنی سوپا بۆ ناوچەکانی خانەقین و دەوروبەری لەو کات و ساتەدا ڕاگەیاند.**

**جێی باسە، لەزاری سەرچاوەیەکەوە لە حزبی فەزیلە پێی ڕاگەیاندین کە بۆ ئەنجامدانی هاوپەیمانێتی سیاسی بۆ هەڵبژاردن و پێشهاتەکانی داهاتوو سەدرییەکان زۆر دوورن لە مەجلیسی ئەعلا لەئێستا و لەداهاتوودا، بەڵام وێڕای هەندێ جیاوازی بچووکی ئایینی ئەوا ئێستا تەیاری سەدری لەڕووی سیاسییەوە زۆر نزیکن لەمەرجەعی شێخ یەعقوبی و حزبی فەزیلەی ئیسلامی. بۆیە پێیانوایە ڕەوتی سەدری لەگەڵ تەوەجوە سیاسی (حزبی فەزیلە) هاوکۆکە بۆ گرێدانی هاوبەندی نوێ، کە ئێستا بەهەردوولایان تێکڕای کورسییەکانیان دەگاتە ٥٥ کورسی و بەمەش دەتوانن لەداهاتوودا کاریگەری لەسەر بڕیارە سیاسییەکان دروست بکەن.**

### ماڵیکی سەڵاحیانی جوڵاندنی سوپای هەیە بۆ ناوچە کێشەدارەکان

*** پێتوایە بۆچی تا دێت ناکۆکی و جیاوازییەکانی هەولێر و بەغدا زەقتر و فراوانتر دەبنەوە، لەجیاتی ئەوەی ئەو ناکۆکییانە لەڕێی دیالۆگ و دانوستان بچووکتر ببنەوە. ئایا قوڵبوونەوەی ئەو جیاوازییانە لەدەرەوەی ئیرادەی بەغدایە یاخود یاخود بۆ نەبوونی متمانە دەگەڕێتەوە یان حکومەتی ناوەندی خۆی حەزی لە سەرکێشییە و دەخوازێ بەرەو حوکمی زۆرینە و عەسکەرتارییەت مل بنێت. یان ئەوەتا وڵاتانی دەوروبەر یان ئەمریکا یانیش مەرجەعییەت تەحەکومی پێوە دەکات؟**



- ئێمە لە نزیکەوە ئاگاداری وردەکاریی گرفتەکانی ئەم دواییە نین لەنێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی ناوەندی تاکو بتوانین حوکم لەسەر مەسەلەکان بدەین و هۆکارەکانی ئەم گرفتە دەستنیشان بکەین.

من پێشتریش گوتوومە بوونی هێزەکانی پێشمەرگە لە خانەقین و ناوچەکانی دیکە شتێکی نوێ نییە، نازانین بۆچی لەم کات و ساتەدا ئەو مەسەلەیە وروژێنرا. بەلام ئێمە دووپاتی دەکەینەوە بە گوێرەی دەستوور و یاسا حکوومەتی ناوەندی بۆی هەیە دەسەڵاتی ئەمنی بەسەر خانەقین و ناوچەکانی دیکەدا هەبێت کە ئەمە بابەتێکە پێویست بە گومان ناکات. لەبەرئەوە ئەو بابەتە شتێکی هەستیارە پەیوەندی بە سەروەری و هەیبەتی دەوڵەتەوە هەیە. لەبەرئەوە حکوومەتی ناوەندی سەڵاحیاتی ئەوەی هەیە سوپا بجوڵێنێت بۆ ناوچە کێشەدارەکان. بەڵام ئێمە بەشێك نین لە هاوپەیمانێتی چوار قۆڵی بۆئەوەی بزانین هۆکارەکانی ئەم جموجۆڵانە چین. ئایا حکوومەتی ناوەندی دەیەوێ یاسا لەم ناوچانە بچەسپێنێت و دەسەڵاتە دەستوورییەکانی جێبەجێ بکات یاخود هۆکار و پاڵنەری دیکەی لە پشتەوەیە، بەڵام وەك گوتم دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس حکوومەتی هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگە دەسەڵاتی بەسەر خانەقینەوە هەبوو و هەموو لایەکیش بە باشی ئاگاداری ئەو مەسەلەین.

### ناکۆکییەکان پێویستیان بە چارەسەرێکی هەمیشەیی هەیە

*** هەندێ لایەن پێیانوایە ڕێککەوتنی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەندی لەمەڕ مەسەلەی خانەقین چارەسەرێکی کاتییە، بەو پێیەی تەنیا دەتوانێت بۆ ماوەیەکی کاتی دۆخەکە هێور بکاتەوە، نەك چارەسەری بکات لەبەرئەوەی حکومەتی بەغدا ئیرادەیەکی سیاسیی جیددی نییە بۆ خاوکردنەوەی یەکجارەکی کێشەکان و پتر ئاڵوگۆڕەکان وەك تاکتیك وەردەگرێت نەك وەك ستراتیژ؟**

- بێگومان چارەسەرێکی کاتییە، هەموو لایەکیش بە تەواوی درك بەو ڕاستییە دەکەن، چونکە ڕەگوڕیشەی کێشە و ناکۆکییەکان قوڵن و پێویستیان بە چارەسەرێکی هەمیشەیی هەیە، کە تائێستا لەوە ناچێت چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ کێشەکان دۆزرابنەوە.

### ئەگەر سیاسەتی دروستکردنی ئاڵۆزی بەردەوام بێت ڕەنگدانەوەی مەترسیداری لەسەر پرۆسەی سیاسیی دەبێت

*** لەگەڵ ئەوەی بارودۆخی ئەمنی باش بووە، بەڵام لەسەر ئاستی سیاسیی بارودۆخی عێراق ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەو گرژی و ئاڵۆزی زیاتر مل دەنێت و پێکهاتە سیاسییەکان تووشی دابڕان هاتوون، ئایا ئەگەر پرۆسەی سیاسیی لەعێراق شکست بهێنێت، ئایندەی سیاسی عێراق بەرەو کوێ دەچێ؟ ئایا پێتوایە قوڵبوونەوەی بارگرژییەکان لەمەڕ مەسەلەی کەرکوك و خانەقین و یاسای نەوت و غاز و بودجەی هەرێمی کوردستان دواجار ببێتە مایەی لەبەریەکهەڵوەشانەوەی پرۆسەی سیاسیی؟**

- ئەمە کارێکی سروشتییە، پێویستە هەموو لایەن و پێکهاتە سیاسییەکانی عێراق زۆر بە باشی و بە وردی هەست بەوە بکەن کە ڕێك نەکەوتن و بارگرژی سیاسیی ئەگەر بەمشێوەیەی ئێستا بەردەوام بێت ئەوا کاریگەری سلبی دەکاتە سەر کۆی پرۆسەی سیاسیی و ڕەنگە ئەو بارودۆخە ئەمنییەی کە لەماوەی

ڕابردوودا بەدەستهاتووە بکەوێتە ژێر مەترسییەوە و لەدەست بچێت، هەروەها ڕێك نەکەوتنی سیاسیی و دوورکەوتنەوەی لایەنە سیاسییەکان لە یەکتری و نەبوونی ئیرادەیەکی جیددی بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکان ڕێگا خۆش دەکات بۆ لایەنی دەرەکی دەست لە کاروباری ناوخۆی عێراق وەربدەن و دوور نییە کاریگەرییان هەبێت لەسەر دروستکردنی بڕیار. بۆیە پێویستە لایەنە نەتەوەیی و مەزهەبییەکانی عێراق بە شێوەیەکی گشتی هەوڵ بدەن بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەی گونجاو بۆ سەرجەم ئەو پرس و مژارانەی مایەی ناکۆکین، تاکو بتوانین ئەو بارودۆخە ئەمنییەی کە ئێستا هەیە بەردەوام بێت و پرۆسەی سیاسیی عێراق بەرەو هەڵدێر نەڕوات.

## ئەگەر کار بە تەوافق نەکرا
## مانای ئەوە نییە سەرپێچی دەستوور کراوە

*** ئێستا زۆربەی داتا و ئاماژەکان بەو ئاراستەیەن کە بەغدا لەمەودوا دەیەوێ بەزمانی هێز قسە لەگەڵ هەرێم بکات کە ئەمەش بونیاد و کۆنسێپتی هاوپەیمانێتی لەعێراق ڕووبەڕووی مەترسییەکی گەورە دەکاتەوە، بەوەی چیدی کار بە چەمکی تەوافقی سیاسیی و دیموکراتی نێوان پێکهاتتەکان نەکرێ و بخرێتە پەراوێزەوە، ئایا ئەمە بەمانای کوشتنی تەوافق نایەت؟**

- چەمکی تەوافق لە ئەساسەوە ماددەیەکی دەستووری نییە و سەرپێچی کردنیشی بە سەرپێچی کردنی دەستوور ناژمێردرێت، بەڵام گرنگی تەوافق بۆ دەوڵەتێکی وەك عێراق لەوەدایە کە ڕەکیزەی ئەساسی بونیادنان و بەردەوامبوونی عێراقی نوێ پێکدەهێنێت. عێراقی نوێ هەڵقوڵاوی ئەو تەوافقەیە کە ساڵی ٢٠٠٣ لەنێوان شیعە و کورد هاتە دی و دواتر لەسەروبەندی دەنگدان لەسەر دەستووری هەمیشەیی عێراق پەراوێزی تەوافقەکە ئەوەندە درێژکرایەوە کە سوننەشی گرتەوە. هەر بۆیە ئەگەر وڵاتێك لە ئەساسەوە لەسەر بنەمای تەوافقی دروستکرابێت ئەوا چارەسەرێکی تەوافقیشی پێویستە و هەرکاتێك لادان لەم بنەمایە ڕوویدا، ناکۆکی دروست دەبێت و پێوەندییەکان بێ باوەڕی زاڵ دەبێت بەسەریاندا. بەڵام ئەوەی لێرەدا مایەی سەرنجە کورد لەسەرەتای داڕشتنەوەی دەستووری عێراقدا زۆر پێی لەسەر تەوافق داگرتووە، بەڵام وێڕای ئەمە کورد تائێستا ئامادە نییە تەوافق لەسەر کەرکووك بکات و لەم نێوانەدا کێشەی کەرکووك تاکە کێشەیە کە کورد هەوڵیداوە لەدەرەوەی تەوافق بیهێڵێتەوە. بۆیە گروپی ٢٢ ی نیسان ئەوەیان لە کورد قەبووڵ نەکرد کە کەرکووك بکەوێتە دەرەوەی تەوافقەوە. لەبەرئەوە پێموایە دەبێت لەئاست ئەو پرسە هەستیارانەدا دەبێ هەموو لایەنەکان سازش لەگەڵ یەکتری بکەن بۆئەوەی بگەنە فۆرمیەلەیەکی سەرکەوتوو.

## هەڵبژاردنی داهاتوو
## دەتوانێ سیمای عێراقی ئایندە دیاری بکات

*** بەڵام ئەو لایەنانەی پشتگیریان لە ماددەی ٢٤ کردووە هەر ئەو لایەنانەن کە نایانەوێ قانوونی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەربچێت و لەئەنجامیشدا زۆر بە تەنگ ئەوە نین کە ئەمساڵ هەڵبژاردنەکە ئەنجامبدرێت، لەبەرئەوەی هەڵبژاردن نەخشەی سیاسی عێراق دەگۆڕێت و بەمەش ئەو لایەنانە دەسکەوتەکانیان لەدەست دەدەن؟!**

- ڕاستە ئەو هەڵبژاردنە دەتوانێ سیمای عێراقی ئایندە دیاری بکات. ئەمەش بەو مانایەی ئەو سەنگەرە تەنها لەدژی کورد نییە بەڵکو لەدژی خودی دەرچوونی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان. بۆیە بەداخەوە هەندێ لایەن نە دەیانەوێ قانوونێکی نوێ دەربچێت نە هەموار بکرێت. بۆیە تائێستا نەتوانراوە تێکهەڵکێشێکی گونجاو لەنێوان هەردوو پێشنیار و ڕاسپاردەی ستیڤان دیمستۆرای نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان دروست بکرێت. ئەو لایەنانە دەترسن ئەنجامی خراپ بەدەستبهێنن و پێگەی خۆیان بۆ نەیارەکانیان بەجێ بهێڵن بۆیە بەبێ هەستکردن بە گیانی لێپرسراوێتی بوونەتە مایەی کێشە و ئاڵۆزی لەبەردەم پرسی هەڵبژاردن.



●●●
**بوونی هێزەکانی پێشمەرگە لە خانەقین و ناوچەکانی دیکە شتێکی نوێ نییە، نازانین بۆچی لەم کات و ساتەدا ئەو مەسەلەیە وروژێنرا**
●●●

●●●
**ڕێک نەکەوتنی سیاسیی و دوورکەوتنەوەی لایەنە سیاسییەکان لە یەکتری و نەبوونی ئیرادەیەکی جیددی بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکان ڕێگا خۆش دەکات بۆ لایەنی دەرەکی دەست لە کاروباری ناوخۆی عێراق وەربدەن**
●●●




# هێزەکانی سەحوە گرفتە ترسناکەکەی بەردەم ئایا ئەمریکا لە دروستکردنی سەحوەدا هەڵەی موجاهدینی ئەفغانی دووبارە کردەوە؟

●●●
**دوریش نییە هەمان سیناریۆی موجاهیدنی ئەفغان دووبارە بێتەوە.، کە لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو ئەمریکا بۆ دژایەتی سۆڤیەتی پێشوو دروستیکردن و پاشانیش هەر ئەو موجاهیدانەی دوێنی، رێکخراوی قاعیدەی ئەمڕۆن**
●●●

**ئەو پرسیارانەی سەحوە دەیوروژێنێت؟**

سـەحوە چۆن دروسـت بوو؟ چۆن بوونە ئەو هێزەی کە ئێستا ژمارەی چەکدارەکانی لە سەرووی ١٣٠ هەزار کەسەوەیە؟ چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم هێزە عەشـایەرە دەکرێت، کە سەرکردەکانیان خۆیان دان بەوەدا دەنێن هیچ بەرنامەیەکی سیاسیان نییە ؟ ئایا چەکدارەکانی سەحوە خۆیان بەبەشێك لە بەرەی تەوافقی سونە بەگشتی و حزبی ئیسلامی عێراق بەتایبەتی دەزانن ؟ یان ئەوان خۆیان بە خاوەنی ئەجیندایەکی دیکە دەزانن و بەو شێوەیە حساب بۆ خۆیان دەکەن کەراستەوخۆ پەیوەندیان بە هێزەکانی ئەمریکاوە هەیە و قسـەی خۆیان لەگەڵ بەرپرسانی ئەمریکی دەبڕنەوە ؟ ئایا لەنێوان ئەنجومەنەکانی سەحوە و حیزبی ئیسلامی عێراقدا ناکۆکی هەیە ؟ ئەگەر ناکۆکی لە نێوانیاندا هەیە بۆچی تاریق هاشمی لەسـەر چارەنوسی ئەوان راشـکاوانە لێدوان دەدات و راستەوخۆش لەسەر چارەنوسی ئەوان لەگەڵ باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق کۆدەبێتەوە و داوای ئەوە دەکات (دەبێت بەرنامەیەکی نووسراو و ئاشکرا هەبێت بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردنی حکومەت لەگەڵ دۆسێی سـەحوە و لەم بەرنامەیەشدا دەبێت لە ئەلف تا یا هەموو مەسەلە پەیوەندارەکان بگرێتەوە؟ ئایا ئەم هەڵوێستەی حزبی ئیسـلامی بـۆ هەڵخەڵەتاندنـی ئەمریکیەکانە کە لە هەڵبژاردنی پێشوو هەر ٣٥ ئەندامەکەی ئەنجومەنی پارێزگای ئەنبار درا بەحزبی ئیسـلامی و ئێستاش دەیەوێت ئەمە بکات بە ئەمری واقیع و تێکەڵاوکردنی چەکدارانی سـەحوە لەگەڵ هێزەکانی سـوپا و ئاسایش بکاتە دەسـکەوتی خۆی و بەرەکە لەژێر پێی ئەنجومەنەکانی سەحوە دەربێنێت بۆخۆی ؟ئایا حزبی ئیسـلامی بەم هەوڵانەی دەتوانێت تەیاری سـەدری و حزبی دەعوا و ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی لە عێراق لە خشتە بەرێت و سەحوە بکات بە کارتێك بۆ ئامانجە سیاسیەکانی خۆی ؟ئایا تێکەڵاو کردنی ١٣٠ هەزار چەکداری عەشایر لەگەڵ هێزەکانی ئاسـایش و سـوپای عێراق تاچەند هاوسەنگی لە نێو ئەو دوو دامەزراوە گرنگە دەشـێوێنێت و تا چەند مەترسی گەرانەوەی



# حکومەتەکەی مالیکی

دیکتاتـــۆری و زەمینـــە رەخســـاندن بۆ کودەتای ســـەربازی دەرەخســـێنێت ؟ ئایا هەرەشەکانی ســـەحوە تاچەند کاریگەری لەســـەر ئەمریکیەکان هەیە و تاچەنـــد دەبێتە هۆکاری ئەوەی ئەمریکا گوشـــار بخاتە ســـەر حکومەتی عێراق و لەق بوونی پەیوەندنی نێوان حکومەتەکەی مالکی و واشنتۆن ؟

ئەمانە و چەندین پرسیاری دیکە لە هەڵدانەوەی دۆسێی سەحوە و چۆنیەتی مامەڵەکردنی ســـەر هەڵـــدەدەن، هەربۆیە زۆر لە چاودێران ئەم مەســـەلەیە بە یەکێك لە هەســـتیارترین مەسەلە دەزانن، هیچ دوریش نییە هەمان سیناریۆی موجاهیدنی ئەفغان دووبارە بێتەوە.، کە لە هەشـــتاکانی سەدەی رابردوو ئەمریکا بۆ دژایەتی ســـۆڤیەتی پێشوو دروســـتیکردن و پاشانیش هەر ئەو موجاهیدانەی دوێنی، رێکخراوی قاعیدەی ئەمڕۆن.

## ئەمریکا بەئاسانی سەحوەی دروستکرد
## بەڵام ئایا بە ئاسانیش چارەسەری دەکات؟

ســـەرکەوتووترین دبلۆماتیەتـــی ئەمریکی لەگـــەڵ عەرەبدا، دبلۆماتیەتی هنری کیســـنجەری وەزیری دەرەوە و راوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشـــی ئەمریکا لە ســـەردەمی نیکســـۆن و فۆردە لەگەڵ ئەنوەرســـاداتی ســـەرۆکی میســـرە، محەمەد حەســـەنێن هەیکەل لە کتێبی پایزی تـــورە- خريف الغچب- بە دبلۆماتیەتی چادر و بازاڕ – الســـوق والخيمە- ناوی دەبات، هەیکەل لەباســـکردنی ئەم دیبلۆماتیەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کیســـنجەر وەك شـــێخی عەرەبی ژێر چادر بەو پەڕی رێزەوە، ئەو رێزەی شـــێخێکی عەرەب لە بیابان شانازی پێوەدەکات هاتە لای ســـادات و ســـاداتیش ئەو رێزەی زۆر پێخۆش بوو، بەڵام بۆ چارەســـەرکردنی کێشـــەی عەرەب – ئیسرائیل بەگشتی و میســـر – ئیســـرائیل بەتایبەتی وەك بازاڕ مامەڵەی لەگەڵ ســـادات کرد، لەمەشیاندا ســـەرکەوتوو بوو،کەواتە ئەم رووداوە پێمان دەڵێـــت :، ئەمریکا خاوەنـــی ئەزموومێکی گەورەیە لە چۆنیەتـــی مامەڵەکردن بە شـــێوازی مامەڵەی چادر و بازاڕ، هیچ دوورنیە ســـەردانی لە ناکاوی سەرۆك بوشیش لە رۆژی ٢٠٠٧/٩/٣ بـــۆ ئەنبار و کۆبوونەوەی لەگەڵ خوالێخۆشـــیوو شـــێخ عەبدولستار ئەبو ریشەی سەرۆکی ئەنجومەنی سەحوەی ئەنبار ( کە لـــە رۆژی ٢٠٠٧/٩/١٤ بە بۆنـــەی تێپەربوونی ســـاڵێك بەســـەر دامەزراندنی ئەنجوومەنی ســـەحوەی ئەنبار و .، وەك تەحدایەك بۆســـەردانەکەی بوش بـــۆ ئەنبار لەلایەن دەوڵەتـــی ئیســـلامی عێراقەوە تیرۆر کـــرا ) دووبارەکردنەوەی هەمان کولتوری دبلۆماتیەتی کیســـنجەر بێت، ئەوەشی زیاتر بەلای ئەم بۆچوونەمان دەبات، پێشوازی سەرۆك بوشە لە شێخ ئەحمەد ئەبوریشـــەی برای شێخ عەبدولستار ئەبوریشە و وەفدە یاوەرەکەیەتی لە کۆشـــکی سپی و ئەو شـــێوازی قسەکردنەی بوشە کە شێخ ئەحمەد ئەبوریشە لە دیمانەیەکی کەناڵی ئەلعربیە شـــانازی پیوەدەکات و دەڵێت :( بەسەرۆك بۆشم راگەیاند من نامەیەکی شـــێخە عەشـــائیرەکانی عێراقم پێیە، لەوەڵامدا پێی گووتم ئەو نامەیە چییە؟ پێمگووت:شـــێخەکانی عەشـــائیری ئەنبار و فوراتی ناوەراست و شیعە و سونە نایەنەوێت وڵاتەکەیان دابەشـــبکرێت، پێیان راگەیاندم ئەم راستییە بە تۆ بگەیەنم .ئەو ٣جار لەســـەر یەك گووتی ئەوە روونادات، ئەوە روونادات، ئەوە روونادات وڵاتەکەتان دابەشـــبکرێت ) ئەگەر سەرنج لە شێوازی گێرانەوەکەی قســـەکەی بوش لەلایەن شـــێخ ئەحمەد ئەبوریشە بکەین، دەبینین شـــێوازی قســـەکردنەکەی بوش لەسەر ریتمی قسەکردنی شێخێکی عەرەبی بیابانیە کە ٣ جار تەئکید لەسەر مەســـەلەیەك بکاتەوە، وەك _ کلام الرجال_ لـــە بیابان دەبێتە پەیمان بەسەر ئەو کەسەی کە ئەو قسەیە دەکات، شێخ ئەبوریشە دەیەوێـــت بە هەموو عەرەبی عێـــراق بڵێت من پەیمانم لە بوش وەرگرتـــووە و پەیمانەکەش _ کلام رجال_ە، کەواتە قســـەکانی ئەبوریشـــە پێمان دەڵێت سەرۆك بوش دەزانێت چۆن قسە لەگەڵ شـــێخێکی عەشـــایری بیابانی رومادی دەکات، بەڵام پرسیار لێـــرەدا ئەوەیە ئایا ئەو مامەڵەیەی کیســـنجەر بۆ بەرژەوەندی ئیســـرائیل لەگەڵ عەرەب کردی، سەرۆك بوش بۆ بەرژەوەندی شیعەو حکومەتی مالیکی دووبارەی دەکاتەوە؟ یان ئەمجارەیان هاوکێشـــەکە پێچەوانەیە و دەیەوێت بەم مامەڵەیە هاوکێشـــەی

●●●

**رۆژی ٢٠٠٦/٩/١٤**
**کۆنگرەیەکمان گرێداو لەو کۆنگرەیەدا ئەو هێرشانەی کردبوومانە سەر قاعیدە و بە ڤیدۆ تۆمارمان کردبوو دووبارە پیشانماندایەوە و خۆمان ناونا کۆنگرەی سەحوەی ئەنبار**

●●●

و شـیعە دەربێنێت و تەسلیمی سونەی بکاتەوە، وەك زۆرجار بە شاراوەیی بەرەی تەوافق ئاماژەیەکی لابەلای پێدەکات ؟

## چۆن سەحوە دروست بوو؟

کەباسی دروستبوونی سەحوە یان چەکدارکردنی عەشائیری عەرەبی سونە دەکرێت رۆژی ٢٠٠٦/٩/١٤ بە رۆژی دروستبوون دادەنرێت، بەڵام شـێخ حەمید ئەلهایس ئەندامی ئەنجومەنی سەحوەی ئەنبار کە یەکێکە لەو چەکدارانەی لەسەرەتاوە دژی قاعیدە راپەریوە بەمجۆرە دەسپێکی سەحوەی بۆ رۆژنامەی ( الشرق الاوسگ ) گێراوەتەوە دەڵێت: ( لە مانگی ئایاری ٢٠٠٦ هەستمان کرد رەفتارەکانی ئەندامانی رێکخراوی ئەلقاعیدە هەموو سنوورەکانی بەزاند، سەیرمانکرد ئەوانەی خۆیان بە مقاوەمە و دژی ئەمریکا دادەنا بوونەتە دژی گەلەکەمان، هەربۆیە دەستمانکرد بە هەڵمەتێکی خێرا دژی سەرانی قاعیدەو ئەوانەی ناویان لە خۆیان نابوو مقاومە) لەبەشێکی دیکەی قسەکانیدا شێخ ئەلهایس دەڵێت: ( سەرەتا خۆمان رانەگەیاند، بەڵکو ئامانجمان ئەوە بوو بوونی خۆمان بسەلمێنین، هەتا لە رۆژی ٢٠٠٦/٩/١٤ کۆنگرەیەکمان گرێداو لەو کۆنگرەیەدا ئەو هێرشانەی کردبوومانە سەر قاعیدە و بە ڤیدۆ تۆمارمان کردبوو دووبارە پیشانماندایەوە و خۆمان ناونا کۆنگرەی سەحوەی ئەنبار) قسەکانی شـێخ ئەلهایس پێمان دەڵێت لە دوای تەقاندنەوەی مەزاری ئەلعەسکەرییە لەسامەرا و ئاڵۆزبوونی باردۆخەکە بەو ئاستەی کە خەریك بوو هەموو شتێك لە عێراقدا لە دەست بچێت، هەوالگری ئەمریکا خۆی توانیویەتی خۆی بخزێنێتە نێو ریزەکانی عەشائیری ئەنبار و لەسەر ئەوە رێککەوتوون ئەوان دەستبەکاربن دژی قاعیدە و دەبێت ئەوەش بسەلمێنن و هێرشەکان بە ڤیدیۆ تۆمار بکرێن و نیشان بدرێن، ئەوکات ئەمریکا لەسەر ئەم ئاستانە هاوکاری عەشائیری ئەنبار دەکات :

١- پێدانی پارە و موچەی چەکدارەکانیان.

٢- پێدانی چەکی پێویست .

٣- پشتگیری مادی کراوە بۆ هەندێك لە عەشائیرەکانی ئەنبار.

کەواتە پێش گرێدانی کۆنگرەیەك بە ناوی کۆنگرەی سەحوەی ئەنبار، پەیوەندیو هەماهەنگی لە نێوان هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بەسەرپەرشتی داڤید پەتریوس و سەرۆك هۆزەکانی عەرەبی سونە لە پارێزگای ئەنبار هەبووە، بەڵام سەرکردەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق ئەم پەیوەندی و هەماهەنگییەی ئاشکرا نەکردووە هەتا :

أ- دڵنیابێت لەوەی کە بەتەواوی هێزی خێڵەکانی عەرەبی سونە کەوتونە بەرەی دژی ئەلقاعیدە و هیچ و پەیوەندی و هەماهەنگیەك لە نێوان هێزی عەشایر و دەوڵەتی ئیسلامی عێراق نەماوە .

ب- بۆئەوەی دڵنیابێت لەوەی تاچەند ئەم سەرۆك هۆزانە خەڵکیان لە دەور کۆدەبێتەوە، وەك شـێخ ئەلهایس ئاماژەی پێدەکات لە مانگی ئایاری ٢٠٠٦ کە دەستیان پێکردووە، ژمارەیان تەنها ٢٠ چەکدار بووە و بەڵام پاش کەمتر لەمانگێك ژمارەیان گەیشتۆتە ٧٠٠٠ چەکدار و دوای شەرێکی بەردەوامی ٤ مانگی و

**هێزەکانی سەحوە راستەوخۆ لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە چەک و مووچە و پێداویستیان بۆ دابیندەکرێت و ئەوانیش بەڵێنیان بە هێزەکانی ئەمریکا داوە، نەک حکومەتی عێراق**



تۆمارکردنی شەڕەکان بەڤیدیۆ، ئەوجا ئەمریکا هاتۆتە قەناعەت کە پشتگیری ئەم هێزانە .

## سەردانی بوش بۆ ئەنبار وگواستنەوەی ئەزموونی سەحوە بۆ بەغدا و تکریت وکەرکوک ودیالە وموسڵ

دوای تێپەربوونی ساڵێك بەسەر کۆنگرەی سەحوەی ئەنبار رۆژی ٢٠٠٧ /٩/٣ و لە سەردانێکی چاوەڕواننەکراودا سەرۆك بوش گەیشتە شاری ئەنبار و لەگەڵ شێخ عەبدولستار ئەبو ریشەی کۆبۆوە، ئەم کۆبونەوەیەی بوش لەگەڵ ئەبو ریشە بەمانای سەرکەوتنی تەواوی هێزەکانی سەحوە بوو لە ئەنبار و هەروەها پەیامێکی سیاسیی بوو بۆ ئەم لایەنانە:

١- پەیامێك بوو، بۆ حکومەتی د. مالکی، رەهەندی پەیامەکە ئەوەبوو، مەرج نییە ئەوەی حکومەتی عێراق پێی رازی نەبێت جێبەجێ نەکرێت، ئەمەش لەو روانگەیەوە کە هێزەکانی سەحوە راستەوخۆ لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە چەك و مووچە و پێداویستیان بۆ دابیندەکرێت و ئەوانیش بەڵێنیان بە هێزەکانی ئەمریکا داوە، نەك حکومەتی عێراق.

٢- پەیامێك بوو بۆ لیستی هاوبەندنی عێراقی یەکگرتوو بەگشتی و ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی لە عێراق، بەوەی ئەمریکا رێگە نادات هاوسەنگی هێز بەتەواوی بەلای شیعەدا بشکێتەوە و هەر کاتێك بیەوێت دەتوانێت ئەو هاوسەنگییە بگۆرێت.

٣- پەیامێك بوو بۆ ئێران وسوریا بەگشتی و ئێران بەتایبەتی کە خۆی بە خاوەنی نفوزی شیعە لە عێراقدا دەزانێت، هەربۆیە ئەنجومەنەکانی سەحوە دەبنە ئەو هێزە ناوخۆییەی عێراق کەراستەوخۆ دژی ئێران لە عێراقدا راوەدەستن و ئەمریکاش هەموو پشتگیرییەکیان دەکات .، هەروەك سامر ئەلتەمیمی ناسراو بە ئەبو عەزام ئەلتەمیمی راوێژکار و چاودێر لەسەر چەکدارکردنی هۆزەکانی سونە لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ کەناڵی ئەلجزیرە راشکاوانە ئاماژەی پێکردووە، کە ئێستا هێزەکانی سەحوە و عەرەبی سونەی عێراق بە چاوی پێشان سەیری

**ئەمریکا رێگە نادات هاوسەنگی هێز بەتەواوی بەلای شیعەدا بشکێتەوە و هەر کاتێک بیەوێت دەتوانێت ئەو هاوسەنگییە بگۆرێت**



ئەمریـــکا ناکەن و ئەمریکا بە شـــەیتان ئەکبەر ســـەیر ناکەن، بەڵکو پێیـــان وایە ئەمریکا لایەنی ئیجابی و ســـلبی هەیە و دەکرێت ســـوود لەلایەنە ئیجابیەکانی وەربگیرێت، سەبارەت بە بەراوردکردنی ئێران و ئەمریکاش، ئەلتەمیمی کەپێشـــتر یەکێك بووە لە چەکدارەکانی بە ناو مقاوەمەی عێراق، نایشـــارێتەوە و دەڵێت : (راســـتە ئەمریکا داگیرکەری عێراقە، بەڵام مەترسی ئێران زیاترە و هەموو کات داگیرکەرێکی دوور لە داگیرکەرێکی نزیك باشـــترە) کەواتە ئەم قسانەی تەمیمی ئاماژەن بۆ ئەوەی ئەگەر لایەنە سیاســـیەکانی عەرەبی سونە وەك بەرەی تەوافق و هەیئەی عولەمای موسلیمین لەگەڵ ئەمریکاشدا رێکنەکەون ئەوا ئەمریکا هێـــزە چەکدارە هەقیقیەکەی عەرەبی ســـونەی بەدەستەوەیەو، ئەم هێزەش راســـتەوخۆ ئەمریکا هەڵیدەسورێنێت نەك حکومەتی عێراق، هەربۆیە ئەگـــەر ئەمریکا بیەوێت ئەم هێزانـــە دژی ئێران بەکار بهێنێت، ئەوا ئەم هێزانە راســـتەوخۆ فەرمانی ئەمریکا جێبەجێ دەکەن نەك حکومەتی عێراق .

٤- ســـەردانی بوش بۆ لای ئەبو ریشە پەیامێك بوو بۆ لایەنە سیاسیی و ئیسلامیەکانی سونە بەتایبەتی و ئەو چەکدارانەی لە ریزەکانی جەیشی ئەلراشـــدین و کەتائیبی سەورەی عشرین ماونەتەوە بەگشـــتی،ئەمەش بەو مانایەی راســـتە ئەمریکا تا دوێنی بە هەموو هێزێك لە عەشـــائیری عەرەبی سونەی دەدا و وەك بەشـــێك لە قاعیدە و دەوڵەتی ئیسلامی عێراق حسابی بۆ دەکردن، بەڵام لای ئەمریکا دۆســـتایەتی تاسەر و دوژمنایەتی تاســـەر بوونی نییە، ئەوەی ئەمریکا بـــڕوای پێیەتی و کاری لەســـەر دەکات بەرژەوەنـــدی بەردەوامە، هەربۆیە ئێســـتا کە ئەنجومەنەکانی سەحوە بەرژەوەندی ئەمریکا دەپارێزن، ئەمریکا ئامادەیە مامەڵە کردن لەگەڵ لایەنە سیاســـیەکانی ســـونە و پشتگیری راستەوخۆی بۆ سەرخســـتی پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا هەڵپەسێرێت، هەربۆیە ئەمریکا لە بری ئەوەی هەوڵبدات سەحوە تەسلیمی لایەنە سیاسیەکانی سونە یان حکومەتی عێراق بکاتەوە، بە پێچەوانـــەوە هەوڵیدا لە ناوچەکانی دیکەی عێراق بەگشـــتی و ناوچە سونە نشـــینەکان بە تایبەتی ئەنجوومەنی ســـەحوە دروســـتبکات و ســـەرکەوتنی ســـتراتیژیەتی خۆی ببەستێتەوە بەسەرکەوتنی سەربازی لە عێراقدا، هەربۆیە دەبینین وێرای ئەو هەڵوێستەی دژە پێشووی لایەنە سیاسیەکانی سونە بەرامبەر سەحوە، ئێستا دەیانەوێت خۆیان بە خاوەنی سەحوەکان پیشـــانبدەن و بیانخەنە نـــاو چوارچێوەی سیاســـەتی بەرەی تەوافقەوە، بەڵام ئەنجومەنەکانی ســـەحوە بەم پێشـــنیارە رازی نین و ئەگەر حکومەتی عێراق نەتوانێت هەموو چەکدارەکانیان لەریزی ئاسایش سوپا جیگەبکاتەوە، ئەوا بەنیازن ئەنجوومەنی ســـەحوەکان بگۆرن بۆ رێکخراوێکی هاوشێوەی رێکخراوی بەدر و لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا وەك سەحوە و عەشائیری عێراق بەشداری بکەن، نەك وەك بەشێك لە بەرەی تەوافق .

هەر لەسەرەتاشەوە فراوانکردن و گواستنەوەی ئەزموونی سەحوەی ئەنبار بۆ شـــارەکانی دیکەی عێراق هەر بۆ ئەم مەبەستەبووە و ئێستاش سەحوەکان لەم ناوچانە بوونیان هەیە :

أ- لە شاری بەغدا ئەنجوومەنی سەحوە لەم ناوچانە دامەزراون، (دۆرە، عامریە، ســـەیدیە،خەزرا، یەرموك، مەنسور، غەزالیە، ئەعزەمیە، فـــەزڵ، هەروەها هەموو ئـــەو ناوچانەی عەرەبی ســـونەی لێیە لە پشـــتێنەی باکور و باشور و رۆژاوای بە غدا .بە تەنها لە شاری بەغدا و بەپێی ئاماری هێزەکانی ئەمریکا، ژمارەی چەکدارانی سەحوە زیاتر لە٥٤ هەزار چەکدارن .

ب- لە شاری دیالە و کەرکوك و تکریت و موسڵ نزیکەی ٣٠ هەزار چەکـــدارن و بەتەنهاش لە پارێزگای ئەنبار زیاتر لە ٢٠ هـــەزار چەکدارن، بە پێی زانیاری ئەمریکیەکان ئێســـتا تێکرا نزیکەی ١٣٠ هەزار چەکدارن .

## لە سەرەتای مانگی دادێ ئەنجومەنەکانی سەحوە مووچە لە حکومەتی عێراق وەردەگرن

د. نـــوری مالکی و ئیئتلافی شـــیعە بە ناچـــاری و لە ژێر گوشاری ئەمریکادا ناچارن لەگەڵ دۆسێی سەحوەکان مامەڵە دەکەن، بـــەڵام تێروانینەکانی حکومەتی عێـــراق و لایەنەکانی شـــیعە بە تەیاری سەدریشـــەوە، لەگـــەڵ تێروانینی ئەمریکا لەلایـــەك و خودی ئەنجوومەنەکانی ســـەحوە و بەرەی تەوافق لەلایەکـــی دیکە زۆر لێکجیاوازن، هەربۆیـــە زۆر لە چاودێران مەزندەی هەڵایســـانی تەنگژەیەکی نـــوێ دەکەن، بە تایبەتی وەك نزار ســـامەرائی ئاماژەی پێدەکات باشبوونی باری ئەمنی عێراق باشـــبوونێکی سەپێنراوە بە زەبری هێز و دانانی کوتلەی کۆنکرێتی بۆ جیاکردنەوەی ناوچەی ســـونە وشیعەکان لە ناو شاری بەغدا و هەر تەنگژەیەك رووبدات سەرلەنوێ باردۆخەکە لە جـــاران خراپتری لێدێتەوە، بە بروای ســـامەرائی تەنگژەکە تەنهـــا پەیوەندی بـــە تێکەڵاوکردنی ئەم هێزنـــە نییە لەگەڵ دامەزراوەکانـــی حکومەتی عێراق، بە ڵکو مامەڵەکردن لەگەڵ دۆسێی سەحوە لە رووی یاسایی و دەستوریشەوە گرفت دروست دەکات هەربۆنموونە:

١- بەپێی لێدوانەکانی عەلی دەباغ وتەبێژی فەرمی حکومەتی عێراق ژمارەی چەکدارانی سەحوە نزیکەی ٥٠ هەزار چەکدارە، بەڵام بەپێی ئاماری ئەمریکیەکان نزیکەی ١٣٠ هەزار

●●●
**ئەگەر حکومەتی عێراق نەتوانێت هەموو چەکدارەکانیان لەریزی ئاسایش سوپا جیگەبکاتەوە، ئەوا بەنیازن ئەنجوومەنی سەحوەکان بگۆرن بۆ رێکخراوێکی هاوشێوەی رێکخراوی بەدر و لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا وەک سەحوە و عەشائیری عێراق بەشداری بکەن، نەک وەک بەشێک لە بەرەی تەوافق**
●●●

●●●
**تێروانینەکانی حکومەتی عێراق و لایەنەکانی شیعە بە تەیاری سەدریشەوە، لەگەڵ تێروانینی ئەمریکا لەلایەک و خودی ئەنجوومەنەکانی سەحوە و بەرەی تەوافق لەلایەکی دیکە زۆر لێکجیاوازن**
●●●

چەکدارن.

٢- بە پێی مەزندەی حکومەتی عێراق کە بریاری داوە ٪٢٠ی ئەو چەکدارانە تێکەڵاوی ئاسایش و سوپا بکرێت واتە کەمتر لە ١٠ هەزار چەکدارن، لە کاتێکدا بە پێی ئاماری ئەمریکا زیاتر لە ٢٥-٣٠ هەزار چەکدار تێکەڵاو بکرێت .

٣ – ئەنجومەنەکانی سەحوە خۆیان وەك هێزێکی سەربازی سەیر دەکەن و داوادەکەن وەك هێزێکی سەربازی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و هەموویان بێ جیاوازی تێکەڵ بە ئاسایش و سوپا بکرێن، بە پێچەوانەوەش هەرەشەی دووبارە شەرکردنەوە لەگەڵ حکومەت دەکەن، ئەم داوایەی ئەنجوومەنی سەحوەکان، کەئێستا لەلایەنی لایەنە سونیەکانەوە ئەوپەری داکۆکی لێدەکرێت، دەبێتە سەرەتایەك بۆ تێکچوونەوەی پرۆسەی سیاسی عێراق و ئاڵۆز بوونەوەی باردۆخەکە.

٤- لایەنی سونە بە بیانووی گێرانەوەی هاوسەنگی لە هەردوو دامەزراوی ئاسایش و سوپا،پێ لەسەر ئەوە دادەگرن ئەم چەکدارانە تێکەڵ بکرێن، بەڵام ئەم تێکەڵکردنە بە تێروانینی شیعە دژی دەستوری عێراق و دەبێتە هۆکاری تێکدانی ئەو هاوسانگیەی کە داوادەکات دەبێت هێزەکانی سوپا و ئاسایش رەنگدانەوەی هاوسەنگی نێوان پێکهاتە سەرەکیەکانی عێراق بێت، ئەگەر ئەم پرۆسەیە بەوجۆرە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت کە لایەنی سونە داوای دەکات، واتە جارێکی دیکە لایەنی سونە لە ئاسایش و سوپادا باڵا دەست دەبێت و، دوورنیە مەترسی کودەتای سەربازی و سەرکوتکردن لە عێراقدا سەرهەڵبداتەوە .

٥- حکومەتی عێراق و لایەنی شیعە پێیان وایە کۆمەڵێك تاوانباری وەك ئەبو عەبدی تاجی ئێستا لە ناو هێزەکانی سەحوەدان یان فەرماندەی هێزەکانی سەحوەن و هەمویان تاوانی گەورەی پاکتاوی مەزهەبیان دژی هاوڵاتیانی شیعە ئەنجامداوە و ئێستا ئەو کەسانە لە لەلایەن دەسەڵاتی دادەوری عێراقەوە داواکراون و پێویستە سوپا و ئاسایشی عێراق ئەو کەسانە دەستگیر بکات، بەڵام لایەنی سونە ئەم هەڵوێستەی حکومەتی عێراق بە ناشرینکردنی هێزەکانی سەحوە دەزانێت و، تەنانەت لایەنی شیعە ئەمریکا بەوە تاوانبار دەکات،کەرێگرە لە بەردەم دەستگیرکردنی ئەو تاوانبارانە و تەنانەت ئەوانەشی حکومەت دەستگیریان دەکات،هێزەکانی ئەمریکا لە سەربازگەکانی عێراقدا ئازادیان دەکات .

٦- سەبارەت بە تێکەلکردنی بەشی زۆریشیان کەدەکاتە ٪٨٠ لەگەڵ دامەزراوە مەدەنیەکانی حکومەتی عێراقیشدا، دیسان ئەمیش گرفتێکی گەورەتری دیکەیە پێش هەموو شتێك لەسەر رێژەکە بەپێی ئاماری حکومەتی عێراق و هێزەکانی ئەمریکا، ئەم رێژەی ٪٨٠ یە بەپێی مەزندەی حکومەتی عێراق دەکاتە کەمتر لە٤٠ هەزار کەس بەڵام بەپێی ئاماری ئەمریکا دەکاتە زیاتر لە ١٠٠ هەزارکەس کە پێویستە لە ناو دامەزراوە مەدەنیەکانی عێراقدا جێیان بکرێتەوە، ئەم رێژەیەش هێجگار زۆرە، لەبەر ئەوەی بەشی زۆری بودجەی حکومەت بۆ باردۆخی ئەمنی خەرجکراوە و تائێستا نەتوانراوە دامەزراو یان کارگە یان کۆمپانیای ئەوتۆ دابمەزرێت کە لە توانایدا هەبێت

ئەم هەموو بێکارە لە خۆی بگرێت، بێگومان بەپێی مەزندە سەرەتاییەکان بۆ بودجەی پێویست بۆ راگرتنی باری ئاسایش کەتەنها لە بەغدا خەرجکراوە، دەکرێت ئاماژە بەو سەدان هەزار کوتلە کۆنکرێتیانە بکەین کە شەقام و گەرەکەکانی بەغدای لە یەکتری جیاکردۆتەوە و تەنها تێچووی یەك کوتلەی کۆنکرێتیش لە ٢٠٠٠ دۆلاری ئەمریکی زیاترە و باردۆخەکەش بەو ئاستە باش نەبووە کەحکومەتی عێراق بتوانێت دەستبەرداری ئەم خەرجیە زۆرە ببێتەوە و ئەو ژمارە زۆرەی بێکاری ئەنجوومەنەکانی سەحوە بخاتە کارەوە یان کاریان بۆ بدۆزێتەوە .

هەربۆیە ئەو باردۆخەی بووە هۆی دروسبوونی سەحوە، ئەو باردۆخە نییە کەبتوانرێت مەسەلەی سەحوەی تیا چارەسەربکرێت، لێرەدا دەکرێت ئاماژە بەو فاکتەرانە بکەین کە بوونە هۆکاری دروستبوونی سەحوە لەوانە:

- ئەو کاتەی سەحوە دروستبوو کە شوهەوای پشتگیریکردن لە دروست بوونی لەبار بوو، بەتایبەتی کە باردۆخی ئەمنی لەو پەری خراپیدا بوو، رێکخراوی ئەلقاعیدە دەوڵەتی ئیسلامی عێراقی راگەیاندبوو شاری رومادیشی کردبووە پایتەختی ئەو دەوڵەتە.
- هەربۆیە ئەمریکا هاندەرێك بوو بۆ دروست بوونی سەحوە و بە هەموو شێوەیەك پشتگیری کرد .
- هێزەکانی حکومەتی عێراق دەستەوەستان بوون و ئەو توانایەیان نەبوو دژی قاعیدە شەربکەن، هەربۆیە حکومەتی عێراقیش بە ناچاری رەزامەندی خۆیان بۆ دروستببوونی سەحوە پیشاندا .
- ئەوکاتەی سەحوە دروستبوو، عەرەبی سونە لەژێر هەرەشەی پاکتاوی مەزهەبی بوو، بەتایبەتی دوای تەقاندنەوەی مەزارەکانی سامەرا و رێپێوانەکانی شیعە لە شارە شیعیەکانی عێراق و داواکردنیان بۆ تۆڵە سەندنەوە، هەربۆیە ئەگەر لەرووی سیاسیشەوە لەگەڵ دروستبوونی سەحوە نەبوون، بەڵام



مەترسی ئەو خێڵانە لەوەدایە کێ پارەیان زیاتر بداتێ لەگەڵ ئەودا کاردەکەن و خاوەنی هیچ بەرنامەیەکی سیاسیی نین

وەك تاكتیك بۆ قۆناخێكی دیاریكراو پشـــتگرییان كرد و ساڵح موتڵەگ زۆر راشـــكاوانە بۆچوونی خۆی لەمبارەوە خستۆتە روو و وەك تاكتكێك بۆ قۆناخێكی دیاریكرا و پشتگیری خۆی دەربریوە،بەڵام دەیەوێت بۆ قۆناخی داهاتوو ئەمانە ببنە بەشێك لە ســـوپا و ئاسایشی عێراق بۆ ئەوەی جلەوی ئاسایش و سوپا وەك ســـەردەمی سەدام حوســـێن بگێرنەوە ژێر ركێفی سونە لە عێراقدا .

ئەگەر سەرنج لەو خاڵانەبدەین دەبینین هەموو لایەنەكان زەمینە ســـازیان بۆ دروستبوونی ئەم هێزە كردووە، بەڵام ئێستا ئەو خاڵە هاوبەشـــانە هیچیان بوونیان نەماوە و چەندین بۆچوونی جیاواز دروســـتبووە، بە تایبەتی جیاوازی بـــۆ چوونی ئەمریكا كە بە سەركردەكانی سەحوەی راگەیاندووە، ئێمە رێگر نابین حكومەتی عێراق هەرچیتان بۆ بـــكات، ئەمەش بەو مانایە دەخوێنرێتەوە، ئەگـــەر حكومەتی عێراق و ســـەحوە نەگەنـــە رێككەوتنێكی هاوبەش ئەوا ئەمریكا وەك بێلایەن ســـەیری هەردوولا دەكات و مەترسیەكەش لێرەوە ســـەرهەڵدات و هەرەشە لە ئایندەی عێراق دەكات .

## عێراق لەنێوان هەڵكشانی سەربازی و پاشەكشەی سیاسیدا

حكومەتی عێراق و ســـەحوەكان بگەنـــە رێكەوتن یان نەگەن، داهاتووی عێراق بەرەو هەڵكشـــانی ســـەربازی و پاشەكشەی سیاســـیی هەنگاو هەڵدەگرێت،ئەم مەزندەیەش مەزندەی ئەمرۆ نییە بەڵكو هەر لەســـەرەتای دروســـتكردنی سەحوەوە ئەمریكا لەم مەترســـیانە ئاگادار كراوەتەوە، هەربۆنوونە رۆژنامەی لوس ئەنجلوس تایمز لە دەسپێكی دروستكردنی سەحوە واتە لە كۆتایی ســـاڵی ٢٠٠٦ ئیدارەی ئەمریكی بەمجۆرە ئاگادار كردۆتەوە ( ئەمریكیەكان پەنایان بۆ چەكداركردنی خێڵەكانی ســـونە بردووە بۆ ئەوەی شەری تیرۆرستانی قاعیدەیان پێبكەن، بەڵام ئەوەیان



لەبەرچاو نەگرتـــووە كە پلانی لەمجـــۆرە لەوانەیە ئاكامێكی پێچەوانەی لێبكەوێتەوە) رۆژنامەی نیویۆرك تایمزیش بەمجۆرە نوســـیویەتی: ( حكومەتـــی د.مالكی لەم ســـتراتیژیەتەی حكومەتی ئەمریكا دەترســـت و پێی وایە ئەم ســـتراتیژە چەك دەداتە دەســـت كەسانێك كە هەڵیە چەكیان بەدەستەوە بێت ...) زیاتر لەمەش نوســـیویەتی ( مەترسی ئەو خێڵانە لەوەدایە كێ پارەیـــان زیاتر بداتی لەگەڵ ئـــەودا كاردەكەن و خاوەنی هیچ بەرنامەیەكی سیاســـیی نین ) ئەم مەترســـیانە بوونە هۆكاری ئەوەی حكومەتی مالیكـــی ئەمریكیەكان بگەیەنێتە قەناعەت بەوەی لیژنەیەك بۆ چاودێری ئەو چەكداركردنە دابمەزرێت، بەڵام ئەوەی جێگەی مەترسییە ئەبو عەزام ئەلتەمییمی سەرۆكی ئەو لیژنەیە كاتێك دێتە ســـەر هۆكاری دروســـت بوونی سەحوە و ئامانجەكانیان ئاماژە بەهەندێك خاڵ دەكات كە مەترســـی بۆ ئایندە لێدەخوینرێتەوە، لەوانە مەسەلەی گێرانەوەی هاوسەنگی بۆ ناو هێزەكانی سوپا وئاســـایش بۆ عەرەبی سونە، بەڵام وەك لایەنێكی دیار لە ناو ئاســـایش و سووپا نەك وەك هاوڵاتیەكی عێراقی، عەزام پێی وایە ئەو عەرەبە ســـونانەی پێش سەحوە لە ریزی ســـوپا و ئاسایشی عێراقدا بوون، لە ناو سوپا و ئاسایشدا ونبووبوون، بۆیە یەكێك لە ئامانجەكانی سەحوە ئەوەیە چیدیكە سونە لە ناو سوپا وئاسایشی عێراقدا وننەبێت .

بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەشیان سەحوەكان و لایەنە سونییەكان تەنهـــا یەك رێگەیان لەگەڵ حكومەتـــی عێراق نەگرتۆتە بەر بۆ چارەسەركردنی ئەم كێشـــەیە، بەڵكو لەگەڵ ئەمریكیەكاندا كەناڵی كراوەیان هەیە بۆ ئەوەی حكومەتی عێراق ناچاربێت مل بۆ داخوازییەكانی ســـەحوە بدات . ئەم حاڵەتەش پەیوەندی بە دیالۆگ و لێكتێگەیشـــتنی هەردوولاوە نییە، بەڵكو كۆمەڵێك داخوازییـــە و دەبێت جێبەجێ بكرێن و بـــە پێچەوانەوەش ئەوا ســـەحوەكان رێگە چارەی دیكەیان بەدەستەوەیە ئەویش دووبارە شەركردنەوەیە لەگەڵ حكومەتی عێراق، بێگومان لەم رووەشەوە ئەنجومەنەكانی سەحوە لە خۆیان رادەبینن و پێشتر شێخ ئەحمەد ئەبو ریشە راشـــكاوانە ئەو راستیەی ئاشكرا كردووە بەوەی ئەو چەكانەی بەدەســـت هێزەكانی ســـەحوەوەن زۆر لە چەكەكانی حكومەتی عێراق پێشكەوترو كاریگەرترن و هەر ئەم چەكانەش بوونە هۆكاری ئەوەی ئەو ســـەركەوتنانە بەسەر قاعیدە بەدەست بهێنن، ئەمە لە كاتێكدا و دوای راگەیاندنی دەوڵەتی ئیسلامی عێراق لەلایەن قاعیدەوە، قاعیدە هەرەشـــەی بەكارهێنانی زۆر چەكی پێشـــكەوتووی دەكرد تەنانەت بـــە بەكارهێنانی چەكی كیمیاویشەوە كە بەنیازبوون لە گازی كلۆر دروستی بكەن،ئەمە بێجگە لەوەی ژمارەیەكی زۆری ئەفسەرانی سوپای عێراق بە تایبەتی لە شاری موسڵ و بەغدا لە ناو هێزەكانی سەحوەدا هەن و دەتوانن بە باشترین شێوە ئەو چەكانە بەكاربهێنن،ئەم واقیعە كە ئەمریكا پێدەچێت هەتا بەرژەوەندیەكانی خۆی زەرەرمەند نەبێ بیدەنگی هەڵبژێرێت، مەترســـیەكی گەورەی لێدەخوێنرێتەوە و هیچ دوورنیە بە رێگای كودەتایەكی ســـەربازی دیكتاتۆریكی دیكە بێنەوە سەركورسی دەسەڵات و، دروستبوونەوەی شەرێكی ناوخۆیی سەرتاسەری لە عێراقدا.

**پێشتر شێخ ئەحمەد ئەبو ریشە راشكاوانە ئەو راستیەی ئاشكرا كردووە بەوەی ئەو چەكانەی بەدەست هێزەكانی سەحووەن زۆر لە چەكەكانی حكومەتی عێراق پێشكەوترو كاریگەرترن و هەر ئەم چەكانەش بوونە هۆكاری ئەوەی ئەو سەركەوتنانە بەسەر قاعیدە بەدەست بهێنن**



پرۆفیسۆر پیتەر جیفری کۆزۆنیك كە ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانكۆی میریلاند یەكێكە لە شارەزایانی باردۆخی عێراق و لەنزیكەوە چاودێری باردۆخەكە دەكات، پرۆفیسۆر كۆزۆنیك لەم دیدارە تایبەتەی گوڵاندا باس لە هەوڵی كۆمەڵێك لایەنی عێراقی دەكات بۆ رووخانی حكومەتی مالكی، بەڵام ئەو لایانانە نەیانتوانیووە پشگیری ئەمەریكا بۆ هەوڵەكانیان بەدەست بهێنن، بەڵام وێڕای ئەمانەش ئەو راستییەی لە گوڵان نەشاردەوە، كە ئامانجی ئەمەریكا لە پشتگیری هێزەكانی سەحوە دژایەتیكردنی حكومەتی ئێرانە ، ئەمەش وەك دژایەتی حكومەتی مالكی وایە، هەربۆیە كۆزۆنیك پێی وایە پێگەی مالیكی باش نییە، ئەمەش دەقی بۆچونەكانییەتی بۆ گوڵان.

**پیتەر جیفری كۆزۆنیک پسپۆر و تایبەتمەند لەسەر سیاسەتی ئەمەریكا لەرۆژهەڵاتی ناوەراست بۆ گوڵان:**

# هێزەكانی سەحوە هەڕەشەی ئەوە دەكەن بنەوە بە هاوپەیمانی تیرۆریستانی ئەلقاعیدە

### مالكی وردە وردە لە ئەمەریكا دووردەكەوێتەوە

*** چۆن بارودۆخی ئێستای عێراق هەڵدەسەنگێنیت؟**

من هاوڕام لەگەڵ جەنەراڵ ئۆردینۆ كە هێشتا بارودۆخەكە ناسك و هەستیارە، راستە لە هەندێ رووەوە سەقامگیری پێوە دیارە، بەڵام لە هەندێ رووی دیكەوە هەڵگری مەترسییە، ئاستی توندوتیژی دابەزیوە، ئەمەش بە تیڕوانینی هەموو لایەك بەرەوپێشچوونێكی ئیجابییە، ئەو هۆكارانەی بوونەتە هۆی كەمبوونەی توندوتیژی، هەر ئەو هۆكارانەن كە بۆی هەیە ببنە هۆی خولَقاندنی بارودۆخێكی گرفتئامێز لە ئایندەدا، وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا خوازیارە هۆكاری ئەم بەرەوپێشچوونە بگەڕێنێتەوە بۆ گرتنەبەری ستراتیجیەتی زیادكردنی هێزەكان، بەڵام ئەمە تەنیا بەشێكی كەمی هۆكارەكەیە، چونكە راگەیاندنی ئاگربەست لە لایەن سوپای مەهدی و راگرتنی چالاكییەكانیان، لەگەڵ دروستبوونی ئەنجومەنەكانی سەحوە رۆڵیان هەبووە لە هاتنەدی ئەم بەرەوپێشچوونانەدا. ئەمەش هەوڵومەرجێكی خولَقاندووە كە مالیكی پتر لە ئەمەریكا دوور بكەوێتەوە و كەمتر پشتی پێ ببەستێت. مالیكی پتر كەوتۆتە ژێر كاریگەری فشارە ناخۆییەكان و هەروەها فشاری ئێرانەوە و هەڵوێستێكی زیاتر سەربەخۆی گرتۆتەبەر، ئەمەش لە چەند روویەكەوە رەنگی داوەتەوە، بۆ نموونە هەڵویستە سەختەكانی لە گفتوگۆكانی رێككەوتنە ئەمنییەكەی نێوان عێراق و ئەمەریكا، سیاسەتەكانی پەیوەست بە نەوت، هەروەها ئەو كار و كردەوانەی دژی هەندێ لە ئەندامانی ئەنجومەنەكانی سەحوە دەیگرێتەبەر، لەگەڵ پەیوەندییە نزیكەكانی لەگەڵ ئێراندا، ئەمەش بۆتە هۆی كەمكردنەوەی رۆڵی ئەمەریكا، رەنگە لە روانگەی هەندێ لە ئەمەریكییەكانەوە ئەمە بە شتێكی ئیجابی لە قەڵەم بدرێت، لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی سەقامگیركردنی بارودۆخەكە، بەڵام گرتنەبەری رێ و شوێنی توند دژی هەندێ لە میلیشیا سوننەكان، وەك گرتن و كوشتنی هەندێ لە سەركردەكانیان لە لایەن هێزە ئەمنییەكانی مالیكییەوە، رەنگە دەرئەنجامی پێچەوانەی لێبكەوێتەوە، بۆ نموونە هەندێ لە ئەندامانی میلیشیا سوننەكان هەڕەشەی ئەوە دەكەن دووبارە دەبنەوە هاوپەیمانی ئەل قاعیدە و بزوتنەوەی یاخیبوون دەست پێدەكەنەوە، لەبەر ئەوە بارودۆخەكە هەستیارە و ئەگەری ئەوە هەیە لە هەر ساتەوەختێكدا هەرەس بهێنێت.

### سەحوە بۆتە حاڵەتێكی ترسناك

*** حاڵی حازر باس لە ئەگەری روودانی شەڕی ناوخۆی دەكرێت بە هۆی بوونی چەكدارانی ئەنجومەنەكانی سەحوەوە، ئەمە لە كاتێكدا ئەمەریكا چەك و دارای بۆ ئەم ئەنجومەنانە دابین كرد، ئایا ئامانجی ئەمەریكا لە دروستكردنی ئەم ئەنجومەنانە چی بوو؟**

- ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ ئەو ساتەوەختەی بڕیاری دامەزراندنی ئەم ئەنجومانەی تێدا دەركرا، ئەوە راستییە بەدی دەكەین كە ئیدارەی سەرۆك بۆش لە پێگەیەكی دژواردا بوو،

توندوتیژی لە ئاستێکی باڵادا بوو و شەڕی ناوخۆی نێوان شیعە و سوننەکان هەڵگیرسابوو، جەنەراڵ پەتریۆس بڕیاری گرتنبەری ستراتیجیەتێکی جیاوازتری دا، ئەویش بریتی بوو لە زیادکردنی ژمارەی هێزەکانی ئەمەریکا، لەگەڵ بەشداری پێکردنی زۆرێك لەو چەکدارانەی پێشتر لە ریزی یاخیبووندابوون، بۆ ئەوەی شەڕی ڕێکخراوی ئەل قاعیدە بکەن، ئەمەریکا توانیتی بە هۆی دابینکردنی داراییەوە، واتە بە هۆی کڕینەوە و کەسبی زۆرێك لەو چەکدارانە بکات، لەبەر ئەوەی ڕێژەی بێکاری لە ئاستێکی زۆر بەرزدابوو، هەروەها ئەمەریکا زۆرێك لە سەرکردە دیارەکانی بزوتنەوەی یاخیبوونی پاکتاوکردبوو، لە لایەکی دیکەوە زۆرێك لە سوننەکان وەڕس بوون لە ڕەفتارەکانی ڕێکخراوی ئەل قاعیدە، هەموو ئەمانە بوونە هۆی باشتربوونی ڕەوشی ئەمنی، بەڵام هەروەك ئێوە ئاماژەتان پێکر ئەمە بۆتە هۆی خوڵقاندنی هەل و مەرجێکی ترسناك، لەبەر ئەوەی حکومەتەکەی مالیکی بە هۆی بێ متمانەییەوە ئامادەی ئاوێتەکردنی ئەم چەکدارانە نییە لە هێزە ئەمنییەکانی حکومەتەکەیدا، بە تایبەتی لەبەر ئەوەی هەندێك لەو چەکدارانە سەرکردەکانی پێشوی بزوتنەوەی یاخیبوونن، هەر بۆیە هەڵدەستێت بە دەستگیرکردن و کوشتنی هەندێ لە سەرکردەکانیان و ئەم ئەنجومەنانەش چەکدارکراون و پتر ڕێکخراون.

## ئەمەریکا ناتوانێت
## بێ متمانەیی مالیکی لای سوننەکاندا بڕەوێنێتەوە

***کەواتە ئێوە ڕەشبینن بەرامبەر ئایندەی عێراق؟**

- من تەواو ڕەشبین نیم، بەڵام هەل و مەرجەکە پێویستی بە سازشی ڕاستەقینە هەیە لە لایەن زۆرێك لە گروپەکانی عێراقەوە، لەبەر ئەوەی مەسەلەکە هەمووی پەیوەست نییە بەوەی ئایا هێزەکانی ئەمەریکا دەتوانن چی بکەن لە عێراقدا، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ناتوانێت بە تەواوەتی سوپای مەهدی کۆنترۆڵ بکات، ناتوانێت بێ متمانەیی مالیکی لە ئاست سوننەکاندا بڕەوێنێتەوە، ناتوانێت دەستێوەردان و دەستڕۆیشتوی ئێران رابگرێت، دەبێت عێراقییەکانیش بەشداری بکەن. حاڵی حازر ئەو بارودۆخەی هاتۆتە پێشەوە لە بەشێکی زۆریدا دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵی ئێران لە عێراقدا، ئێران وەك لایەنێکی سەرکەوتوو لە هەل و مەرجی عێراقدا لێی دەڕوانرێت، لەبەر ئەوەی کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەو وڵاتەدا، بۆ نموونە دەتوانێت لە هەر ساتەوەختێکدا سوپای مەهدی بجوڵێنێت و چالاکی بکاتەوە. لە لایەکی دیکەوە کەمبوونەی هەڕەشەکانی هێرشکردنە سەر دامەزراوەی ئەتۆمییەکانی ئێران، کە پێشتر لە لایەن سەرۆك بۆش و جێگرەکەی، دیك چینییەوە بانگەشەی بۆ دەکرا، ڕۆڵێکی باشی بینیوە، لەبەر ئەوەی لە حاڵەتی ڕوودانی ئەو هێرشانەدا، ئێران دەتوانێت ببێتە هێزێکی خوڵقێنەری ناسەقامگیری لە عێراقدا و وڵاتەکەش دووبارە دەخزێتەوە ناو گێژاوی شەڕی ناوخۆوە. هەروەها بەم دواییە لە ئەمەریکا نیگەرانییەکی زۆر هەیە لە ئاست مەترسی بەرپابوونی شەڕی ناوخۆی لە نێوان کورد و عەرەبەکانی عێراقدا، بە تایبەتی کە گرژییەکی بەرچاو و هەستپێکراو هەیە لە ناوچەکانی وەك کەرکوك و هەندێ ناوچەی دیکەدا کە حکومەتی مالیکی هەڵساوە بە ڕەوانەکردنی هێزی سەربازی بۆ ئەو ناوچانە و بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی بارگرژی لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگەدا. بەشێك لە هۆکاری ئەوەی من گەشبین نیم لەبەر ئەوەیە کە بارودۆخەکە لەرزۆکە و بۆی هەیە لە هەر ساتێکدا بتەقێتەوە و دووبارە بگەڕێینەوە بۆ ئاستە باڵاکانی توندوتیژی و شەڕی ناوخۆیی کە پێشتر هەبووە، لەبەر ئەوەی هێشتا کێشەگەلێکی سەخت و ئاڵۆز هەن و هەر لایەنێك تێڕوانینی تایبەتی خۆی هەیە، لەبەر ئەوە وەك مێژونوسێك من گەشبین نیم.

## مالیکی لە بارودۆخێکی لەرزۆکدایە

***لە کاتێکدا مالیکی سەرقاڵی پێکهێنانی حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز و سوپایەکی بەهێزە، لە لایەکی دیکەوە مێژووی سیاسی عێراق، مێژوی کودەتا سەربازییەکانە و ئێستا نیگەرانی ئەوە هەیە دووبارە ئەم حاڵەتە ڕووبداتەوە، تێڕوانینی ئێوە چیە لەم ڕووەوە؟**

- بەم دواییە کۆبونەوەیەك لە نێوان چەند لایەنێکی جیاوازی عێراقییەکاندا کرا و باس لە قۆناغی دوای لابردنی مالیکی کرا، ئەوەندەی من تێبگەیشتبم ئەو لایەنانە پێیان وابوو لە ئەرکی ڕووخاندنی حکومەتەکەی مالیکیدا پشتیوانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەدەست دەهێنن، بەڵام وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا پێی ڕاگەیاندن سەرۆك بۆش پشتیوانی لە حکومەتەکەی مالیکی دەکات، ئەمەش جێی سەرسوڕمان زۆرێك لە خەڵکی بوو. بەڵام مالیکی لە بارودۆخێکی لەرزۆکدایە. لەبەر ئەوەی خەڵکانێکی زۆر متمانە بە خودی مالیکی و حکومەتەکەی ناکەن. ئەوەی پەیوەندی بە دەستڕۆیشتوی سەربازیەوە هەبێت، من شارەزا و تایبەتمەند نیم لەم بوارەدا و ناتوانم حوکم لەسەر ئەگەری ڕوودانی کودەتای سەربازی بدەم، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە سوپای عێراقی لە سایەی مالیکیدا بەهێزتر و گەورەتر دەبێت و پتر کۆنترۆڵێکی مەرکەزی سەپێنراوە بەسەر سوپادا و ئێستا کەمتر پێوستی بە ئەمەریکا هەیە.

*** بە پێی هەندێ لە سەرژمێرییەکان زۆرێك لە فەرماندە سەربازییەکانی سوپای عێراق ئەفسەری پێشوی سوپای عێراقن و سوننەن، ئایا تا چ ڕادەیەك ئەمە مەترسیە لەسەر ڕەوشی ئەمنی عێراق و تا چەند ئەگەری ئەوە هەیە سوننەکان کۆنترۆڵی سوپا بکەن؟**

- من لەو باوەڕەدانیم ئەمە هەرگیز ڕووبدات، لەبەر ئەوەی حکومەتەکەی مالیکی دەرفەتی ڕوودانی ئەم حاڵەتە نادات. لەبەر ئەوەی هەست دەکات زۆر بەهێزە و ئەگەر پێویست بکات شەڕ لەگەڵ سوننەکاندا دەکات و لە ڕووی سەربازیەوە

●●●
**هەندێ لە ئەندامانی میلیشیا سوننەکان هەڕەشەی ئەوە دەکەن دووبارە دەبنەوە هاوپەیمانی ئەل قاعیدە و بزوتنەوەی یاخیبوون دەست پێدەکەنەوە، لەبەر ئەوە بارودۆخەکە هەستیارە و ئەگەری ئەوە هەیە لە هەر ساتەوەختێکدا هەرەس بهێنێت**
●●●

**ولاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا ناتوانێت بە تەواوەتی سوپای مەهدی كۆنترۆڵ بكات، ناتوانێت بێ متمانەیی مالیكی لە ئاست سوننەكاندا بڕەوێنێتەوە، ناتوانێت دەستێوەردان و دەستڕۆیشتوی ئێران رابگرێت، دەبێت عێراقییەكانیش بەشداری بكەن**

شكستیان پێدەهێنێت و ناهێڵێت ئەوە رووبدات. ئەگەر باس لە رۆڵی ئەمەریكا بكەین لە حاڵەتی بەرپابوونی شەڕی ناوخۆییدا لە نێوان كورد و عەرەبەكان، یان شیعە و سوننەكاندا، ئەوا یەكێك لە رێگاچارەكان بریتییە لە دووبارە بەرپاكردنەوەی شەڕ لە لایەن ئەمەریكاوە، ئێمە ئومێدەوارین ئەمە روونەدات، بەڵام ئیدارەی سەرۆك بۆش هیچ ئاماژەیەكی پیشان نەداوە بۆ ئەوەی رێگە بە روودانی ئەم حاڵەتە بدات. ئەوەی لە بارودۆخەكەدا گۆڕاوە ئەوەیە پێشتر جگە لە سەرۆك بۆش هیچ كەسێكی دیكە باس لە بەدەستهێنانی سەركەوتنی نەدەكرد و هەموو لایەك هەوڵی دۆزینەوەی رێگەیەكیان دەدا بۆ ئەوەی بە سەلامەتی عێراق جێبهێڵن. بەڵام ئێستا جۆن مەككاین باس لە سەركەوتنی ستراتیژییەتی زیادكردنی هێزەكان و باس لە ئەگەری بەدەستهێنانی سەركەوتن دەكات لە عێراقدا، رەنگە لە روانگەی زۆرێك لە ئەمریكییەكانەوە ئەمە هەڵەیەكی گەورە بێت، لەبەر ئەوەی پێیان وایە باشترین دەستكەوت ئەمەریكا بتوانێت بەدەستی بهێنێت بریتییە لە جێهێشتنی عێراقێكی سەقامگیر كە زۆرێك لە ناكۆكییەكانی چارەسەر كردبێت، بەڵام سەرهەڵدانەوەی شەڕێكی ناوخۆی بەربڵاو دەبێتە كارەساتێك بۆ بەرژەوەندیە ستراتیجیەكانی ولاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا.

*** نیگەرانی ئێمە لە چەكداركردنی سوننەكانە لە لایەن ولاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا، كە ئەمە شێوازێك بوو لە لایەن بەریتانییەكانەوە پیادە دەكرا، پرسیارەكە ئەوەیە بۆچی ئەمەریكا هەوڵی دووبارەكردنەوەی ئەزموونێكی شكستخواردوو دەدەن؟**

- لە راستیدا بەریتانییەكان زۆر سەركەوتووبوون لە چاندنی ناكۆكی لە نێوان لایەنەكان و سەرقاڵكردنیان بە شەڕی یەكتریەوە، هەر لەبەر ئەمەش بوو توانیویان كۆنترۆڵ و باڵادەستی خۆیان بەسەر ولاتە داگیركراوەكانەوە بپارێزن لە رێی گرتنەبەری سیاسەتی «پەرتكە و زاڵبە»وە. ئەمەریكا بۆ ئامانجێكی جیاوازتر ئەم كارە دەكات. ئەمەریكا وەك هێزێكی بەرەنگاربونەوەی ئێران لە سوننەكان دەڕوانێت، ئەو ترس و نیگەرانییەی ئەمەریكا هەیەتی بریتییە لەوەی مالیكی و شیعەكان پتر هاوپەیمانێتیەكەیان پتەو و تۆكمە بكەن لەگەڵ ئێراندا، لەبەر ئەوە بەشێك لە پرۆسەی چەكداركردنی سوننەكان بۆ كەمكردنەوەی دەستڕۆیشتووی ئێران دەگەڕێتەوە، لە لایەكی دیكەوە زۆر كەس شەڕی ئەمەریكا لە روانگەی ستراتیجیەوە بە كارەسات بۆ ئەمەریكا لە قەڵەمی دەدەن، لەبەر ئەوەی تەنیا لایەنێكی سەركەوتوی بارودۆخەكە ئێرانە و دەستكەوتی ئەمەریكا تەنیا دروستبوونی چەند دوژمنێك بوو. سەردانەكەی مانگی حوزەیرانی مالیكی بۆ تەهران و پتەوكردنی پەیوەندییەكان لەگەڵ ئەو ولاتەدا جێی نیگەرانییە بۆ ئەمەریكا، لەبەر ئەوە وەك پارسەنگدانەوەیەك هەوڵی بەهێزكردنی سوننەكان دەدات، لە لایەكی دیكەوە ولاتێكی وەك سعودیە و هەندێ لە دەوڵەتە عەرەبیە سوننەكانی دیكە گوشار دەخەنە سەر ولاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا بۆ ئەوەی سوونەكان پەراوێز نەكرێن لە نەخشەی سیاسی و پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا. هۆكارێكی دیكە بۆ پەرۆشی ئەمەریكا دەگەڕێتەوە بۆ كەمكردنەوەی ئاستی توندوتیژی لە عێراقدا، لەبەر ئەوەی تاوەكو توندوتیژییەكان درێژەیان هەبێت و هەڵكشێن، ئەوا كەمتر پشتیوانی لێ دەكرێت لە لایەن رای گشتی ئەمەریكاوە، ئەمەریكا هەمان هەڵە دووبارە دەكاتەوە كە پێشتر لەگەڵ چەند گروپێكدا كردی لە ئەفغانستان، بۆ نموونە رێكخراوی ئەل قاعیدە، لەبەر ئەوەی ئەمەریكا بۆ دژایەتی كردن و بەرپەرچدانەوەی یەكێتی سۆڤیەت هەڵسا بە دابینكردنی دارای و مەشقپێكردنی ئەل قاعیدە، كە دواتر لە ١١ی سێپتەمبەردا هێرشی كردە سەر خودی ئەمەریكا خۆی. لەبەر ئەوە ئەمەریكا گەمەیەكی ترسناك دەكات كاتێك هەڵدەستێت بە چەكداركردنی ئەم هێزانە، لەسەر ئەو گریمانەی كە لە دوا رۆژدا وەك هاوپەیمان رەفتار دەكەن، بەڵام رەنگە دواتر لە ئەمەریكا هەڵگەڕێنەوە و ئێمەش باجەكەی بدەین. لەبەر ئەوە هێشتا ئەم دەرسە فێر نەبووینە و بە دەست دەرئەنجامەكانیشیەوە دەناڵێنن، لەبەر ئەوەی پێشتریش بە شێوەیەك لە شێوەكانی هاوپەیمانی سەددام بووین و هاوكارمان كرد لە بەدەست هێنانی چەكی كیمیاوی كە دژی كوردەكان و دژی ئێرانییەكان بەكاری هێنا، هەربۆیە ئەمە شێوازێكی



**وەزیری دەرەوەی ئەمەریكا پێی راگەیاندن سەرۆك بۆش پشتیوانی لە حكومەتەكەی مالیكی دەكات، ئەمەش جێی سەرسوڕمان زۆرێك لە خەڵكی بوو. بەڵام مالیكی لە بارودۆخێكی لەرزۆكدایە. لەبەر ئەوەی خەڵكانێكی زۆر متمانە بە خودی مالیكی و حكومەتەكەی ناكەن**

تەسکبینانە و کورتبینانەیە ئەمەریکا گرتویەتییەبەر لە خوڵقاندنی ئەو هێزانەی کە دواتر دەبنە دوژمن و زیان لە بەرژەوەندی و سەقامگیری ئەمەریکا دەگەیەنن.

*** ئێوە ئاماژە بەوە دەکەن ئەمەریکا لە پێناو بەرەنگاربونەوەی دەستڕۆیشتوی و کاریگەری ئێراندا هەڵدەستێت بە چەکدارکردن و دابین کردنی دارای بۆ سوننەکان، ئەمەش بە پێی لێکدانەوەی ئێوە گەمەیەکی ترسناکە، پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر سوننە و شیعەکان یەکیان گرت و یەك هەڵوێست بوون ئایا سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراق بە تایبەتی و لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی چۆن دەبێت؟**

- ئەگەر سوننە و شیعەکان یەکبگرن ئەوا یەکەم کاریان دەرپەڕاندنی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە لەو وڵاتەدا، ئەمەریکا زۆر نیگەرانە لەم رووەوە بە تایبەتی کە لە گفتوگۆکانی رێککەوتنی ئەمنی درێژخایەن لە نێوان ئەمەریکا و عێراقدا لایەنی عێراقیی داوای کشاندنەوەی تەواوی هێزەکانی ئەمەریکا دەکات لە وڵاتەکەدا لە کۆتایساڵی ٢٠١١دا، ئەوەی روونە ئەمەریکا خوازیاری ئەوەنییە ئەم داواکارییە جێبەجێ بکات، لەبەر ئەوەی هەوڵ دەدات چەند بنکەیەکی سەربازی لە عێراقدا جێگیر بکات، ئاسمانی عێراق کۆنترۆڵ بکات و بتوانێت لە ناو عێراقدا شەڕ بکات ئەگەر پێویستی کرد هەروەها خوازیارە عێراق بەکاربهێنێت بۆ شەڕەکانی دیکە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، پەرلەمانی عێراقیش بەرهەڵستی ئەمە دەکات. کێشەیەکی دیکە بریتییە لە کۆنترۆڵکردنی سەرچاوە و داهاتی نەوت، ئەگەر یاسای نەوت پەسەند بکرێت ئەوا لە بەرژەوەندی کۆمپانیا ئەمەریکی و نێودەوڵەتییەکان دەبن، بەڵام پەرلەمانی عێراق دژی ئەمەیە، لەبەر ئەوە ئەگەر ئەو یاسایە پەسەند نەکرێت ئەوا کۆمپانیاکانی ئەمەریکا ناتوانن کۆنترۆڵی نەوتی عێراق بکەن. بەو پێیە یەکگرتنی عێراقییەکان دەبێتە هۆی دروست بوونی کۆدەنگییەکی نەتەوەی و ئەمەش سەردەکێشێت بۆ ئەوەی داوای کشاندنەوەی تەواوی هێزەکانی ئەمەریکا بکەن لەو وڵاتەدا. کەواتە ئیدارەی ئەمەریکا لە پێگەیەکی سەخت و دژواردایە. هەرچەندە رای گشتی ئەمەریکا خۆشحاڵ دەبێت بە هاوپەیمانێتی نێوان لایەنە عێراقییەکان، بەڵام حکومەتی ئەمەریکا کەمتر پاساوی هێشتنەوەی سوپاکەی دەبێت لەو وڵاتەدا، کەواتە ئەگەر پشێوی و توندوتیژی لە عێراق لە هەڵکشاندا بێت، ئەوا رای گشتی ئەمەریکا گوشار دەکەن بۆ ئەوەی هێزەکانی وڵاتەکەیان پاشەکشە بکەن لە عێراقدا، بەڵام هەر زیادبوونی توندوتیژیش دەبێتە هۆی خوڵقاندنی پاساو بۆ درێژەدان بە جێگیرکردنی هێزەکان لە عێراقدا. بەڵام ئەگەر ئاستی توندوتیژی لە کەمبونەوەدا بێت، ئەوا حکومەتی عێراقیی لە پێگەیەکی باشتردا دەبێت بۆ ئەوەی پێداگیری بکات لە سەر پاشەکشەپێکردنی هێزەکانی ئەمەریکا. هیچ وڵاتێك خوازیاری ئەوە نییە خاك و هاوڵاتیانی داگیربکرێت، بنکەی سەربازی هێزێکی دەرەکی لە وڵاتەکەیدا جێگیر بکرێت. بەو پێیە هەروەك ئێوە ئاماژەتان پێکرد هەل و مەرجەکە مەترسیدارە و بۆی هەیە دووبارە بارودۆخەکە بۆ دواوە بگەڕێتەوە.

*** ئایا ئامانجی ئەمەریکا لە جێگیرکردنی بنکەی سەربازی لە عێراقدا گورز وەشاندنی لە ئێران لە کاتی روودانی رووبەڕووبوونەوەیەکی سەربازی لە نێوانیاندا؟**

نەك هەر ئێران بەڵکو تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەبەر ئەوەی ئەگەر لە لێدوانەکانی دیك چینی و هەندێ لە بەرپرسەکانی دیکەی ئەمەریکا بڕوانیت ئەو راستییەت بۆ ئاشکرا دەبێت کە ئەمەریکا هەوڵدەدات لە ئایندەیەکی نزیکدا کۆنترۆڵی نەوتی ناوچەکە بکات، لەبەر ئەوەی نەوت هۆکارێکی یەکجار گرنگە بۆ درێژەپێدان بە رەوتی گەشەکردنی ئابووری ئەمەریکا. لە راستیدا ململانێی نێوان ئەمەریکا و یەکێتی سۆڤیەت لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە لەسەر کۆنترۆڵکردنی نەوت و باڵادەستی بووە بەسەر ئەم سەرچاوەیەدا، حاڵی حازر رکابەری دیکە دروست بوونە کە هەوڵی گەیشتن بە سەرچاوەی نەوت دەدەن، وەك چین و هیندستان، بەو پێیە بوونی حکومەتێکی هاوپەیمان و دۆستی ئەمەریکا لە عێراقدا کە دەستڕۆیشتوی سیاسی و سەربازی ئەمەریکا قبوڵ بکات گرنگییەکی بنەڕەتی هەیە بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا.



**ئەو ترس و نیگەرانییەی ئەمەریکا هەیەتی بریتییە لەوەی مالیکی و شیعەکان پتر هاوپەیمانێتیەکەیان پتەو و تۆکمە بکەن لەگەڵ ئێراندا، لەبەر ئەوە بەشێک لە پرۆسەی چەکدارکردنی سوننەکان بۆ کەمکردنەوەی دەستڕۆیشتووی ئێران دەگەڕێتەوە**

**ئەمەریکا گەمەیەکی ترسناک دەکات کاتێک هەڵدەستێت بە چەکدارکردنی ئەم هێزانە، لەسەر ئەو گریمانەی کە لە دوا رۆژدا وەک هاوپەیمان رەفتار دەکەن، بەڵام رەنگە دواتر لە ئەمەریکا هەڵگەڕێنەوە و ئێمەش باجەکەی بدەین**

نەسار ئەلروبەیعی، سەرۆکی کوتلەی سەدرییە لە پەرلەمانی عێراق و کوتلەکەشیان لە ٣٢ ئەندام پێکدێت و پێشتر یەکێك بوون لە هاوپەیمانانی لیستی هاوبەندی عێراقی یەکگرتوو (لیستی شیعە) و یەکێك بوون لە کوتلە گرنگەکانی ناو ئیئتلافی شیعە و توانیان لە هەڵبژاردنی پۆستی سەرۆك وەزیران لەلایەن ئیئتلافەوە، تەرازووی هێز بەلای حزبی دەعوا بشکێننەوە و نەهێڵن د.عادل عەبدولمەهدی کە پاڵێوراوی ئەنجوومەنی باڵابوو بۆ ئەو پۆستە دەربچێت، بەڵام ئەم هاوپەیمانییەی نێوان سەدر و دەعوا تاسەر نەبوو، ئەوەبوو تەیاری سەدر لە ئیئتلافی شیعە کشایەوە و ئێستا وەك کوتلەیەکی سەربەخۆ لە پەرلەمانی عێراقدا کاردەکەن، بۆ هەڵسەنگاندنی چۆنییەتی چارەسەرکردنی کێشەی سەحوەو تێکەڵکردنی لەگەڵ دامەزراوەکانی سوپا و ئاسایشی عێراق و هەڵوێستی کوتلەی سەدری لەو بارەوە پەیوەندیمان بە نەسار ئەلروبەیعی کردو بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستە روو.



نەسار ئەلروبەیعی سەرۆکی کوتلەی سەدری لە پەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان:

# وەک کوتلەی سەدری لەگەڵ ئەوەنین لە هەموو شوێنێک چەکدارەکانی سەحوە تیکەڵاوی سوپا و ئاسایش بکرێن

**تێکەڵاوکردنی سەحوە لەگەڵ سوپا بێ رەچاو کردنی مەرجی پێویست دەرەنجامی باشی لێناکەوێتەوە**

*** ساڵی رابردوو واقیعە ئەمنییەکە ئەوەی بەسەر ئەمەریکادا سەپاند کە ٣٠٠٠٠ سەربازی زیاد رەوانەی عێراق بکات بۆ هێورکردنەوەی هەلومەرجە ئەمنییەکە، لەو سیاقەشدا ئەنجوومەنەکانی سەحوە لە پارێزگای ئەنبار و دواتر لە شوێنەکانی دیکە دروست بوون، ئێستا باس لەوە دەکرێت ئەم هێزانە لە سوپای عێراق و لە هێزە ئەمنییەکانی دەوڵەتدا ئاوێتە بکرێن، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمە دەبێتە هۆی باشترکردنی رەوشی ئاسایش و چارەسەرکردنی کێشە ئەمنییەکان؟**

- پێشەکی ئێمە باوەڕمان بە بنیاتنانی سوپایەکی پیشەوەر (محتریف) هەیە و دەبێت مەرجە سەربازییە مهەنییەکانی بەسەر ئەو کەسانەدا بسەپێنرێت کە بە شێوەیەکی خۆبەخش پەیوەندی بە سوپاوە دەکەن. ئەوەی پەیوەندی بە ئەنجوومەنەکانی سەحوەوە هەبێت، ئەوا ئەو ئەنجوومانە دوو جۆرن، هەندێکیان لە ناوچە سەختەکاندا کە مەترسی تیرۆر تێیدا باڵادەست بوو دروستبوونیان شتێکی پێویست بوو بۆ ئەوەی ببنە پاڵپشت بۆ هێزەکانی سوپا تاوەکو بتوانن ئەو ناوچانە کۆنترۆڵ بکەن، وەك ئەوەی لە رومادی روویدا، ئاوێتەکردنی ئەم چەکدارانی ئەم ئەنجوومەنانە لە سوپادا دوای لێکۆڵینەوەی لە شایستەییان کارێکی باشە. بەڵام ئەو ئەنجوومانەی لە ناوچە تێکەڵاوەکاندا هەن، بۆ نموونە ئەو ناوچانەی کورد و عەرەب، یان شیعە و سوونەی تێدا نیشتەجێن، ئەوا دەرئەنجامی باشی لێناکەوێتەوە، لەبەر ئەوەی هەر لایەك بەهۆی ئیستغلالکردنی بەرگی سەربازییەوە هەڵدەستێت بە خزمەتکردنی بەرژەوەندی تائیفەکەی خۆی.

### دەستوور رێگە بەوە نادات چەکداری پارتە سیاسییەکان تێکەڵ بە سوپا بن

*** بەڵام هەڵوێستی حکومەتی عێراق لە گەڵ ئەوەدانییە تەواوی ئەو چەکدارانە لە گەڵ هێزە ئەمنییەکانی وڵاتەکەدا ئاوێتەبکرێت، بەڵکو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەبێت هەندێکیان لە دامەزراوە مەدەنییەکاندا کاریان بۆ دەستنیشان بکرێت، ئەمە لە کاتێکدا سوونەکان، بۆ نموونە تاریق هاشمی پێداگیری دەکات لەسەر ئەوەی دەبێت تەواوی ئەم هێزانە لە ناو سوپا و هێزە ئەمنییەکانی وڵاتدا ئاوێتە بکرێن، جیاوازی ئەم هەڵوێستانە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- من لە سەرەتاوە ئاماژەم بەوەکرد دەبێت سوپا پیشەوەر و سەربەخۆ بێت، ئەو ئەنجوومانە لە ئەسڵدا سەر بە چەند لایەنێکی سیاسی دیاری کراون، لەبەر ئەوەی لە بەرژەوەندی ئەو لایەنانەدایە پێداگیری بکەن لەسەر ئاوێتەکردنی ئەم چەکدارانە لە هێزە ئەمنییەکانی وڵاتدا، لە کاتێکدا دەستووری رێگە بەوە نادات چەکداری پارتە

سیاسییەکان تێکەڵ بە سوپا بن.

*** باس لە گەڕانەوەی ئەفسەرەکانی سوپای پێشوو دەکەن بۆ ناو سوپای عێراق، ئایا ئەمە دەبێتە هۆی چەسپاندنی سەقامگیری، یاخود بە پێچەوانەوە مەترسی ئەوەی هەڵگرتووە ناسەقامگیری لێ بکەوێتەوە؟**

- ئەگەر لێکۆڵینەوەی لە پێشینەی ئەو ئەفسەرانە بکرێت و ئەو ئەفسەرانە دوور بخرێنەوە کە ستەم و پێشێلکاریان کردووە دەرهەق بە خەڵکی عێراق ئەوا بۆی هەیە دەرئەنجامی باشی لێ بکەوێتەوە، بە پێچەوانەوە ئەگەر ئەو توخمە خراپانە دوور نەخرێنەوە ئەوا کاریگەری سلبی دەبێت.

*** ئاشکرایە تا ئێستاش هێزەکانی ئەمەریکا چەك و دارایی بۆ چەکدارەکانی ئەنجوومەنەکانی سەحوە دابین دەکەن، تێڕوانینی ئێوە چیە لەم ڕووەوە؟**

- ئێمە هەر لە سەرەتاوە کە ئەم جۆرە سەحوانەمان ڕەتکردەوە کە لە لایەن ئەمەریکا مووچە و دارابیان بۆ دابین دەکرێت، ئەوەمان راگەیاند ئەم چەکدارانە وەك جاش و بەکرێ گیراو کار دەکەن و ئەمەش مەترسی هەیە لە سەر عێراق. لەبەر ئەوەی کاتێك ئەمەریکا وەك هێزێکی داگیرکار ئەو داراییە دابین دەکات، بەرژەوەندی عێراق لەبەرچاو ناگرێت، بەڵکو بەرژەوەندییەکانی خۆی ڕەچاو دەکات لەو فەرمانانەی بۆ ئەو چەکدارانە دەری دەکات.

*** لە عێراق هێز و دەسەڵاتی سەربازی لە هەڵکشاندایە، هەفتەی رابردوو بەڕێز عادل عەبدول مەهدی هۆشداری دا لە ڕوودانی کودەتایەکی سەربازی، راو و بۆچوونی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- من پێشبینی ئەوە دەکەم وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەو شێوەیە هەوڵی بنیاتنانەوەی سوپا و حکومەتی عێراقی دەدات کە لە پاکستان و تورکیادا بەدی دەکەین، بەو پێیە لە ئایندەدا هەر کەموکوڕییەك لە پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی ئەمەریکادا ڕوویدات، لەسەر ئەوەی حکومەتی عێراقی هەڵنەستێت بە هێنانەدی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا، ئەوا ئەمەریکا هەڵدەستێت بە جوڵاندنی دامەزراوەی سەربازی لە دژی حکومەت، هەروەك ئەوەی لە تورکیا و پاکستاندا هەیە.

*** چەکدارکردنی هۆزە سوننەکان لە عێراقدا دووبارە کردنەوەی سیناریۆ شکستخواردووەکەی بەریتانییەکانە کە لە بیستەکانی سەدەی رابردوودا، ئایا تا چ رادەیەك مەترسی دووبارە بوونەوەی هەمان سیناریۆ لەسەر بارودۆخی عێراق هەیە؟**

- ئەمە شێوازێکی گەندەڵ بوو لە لایەن بەریتانییەکانەوە پیادە کرا، لەبەر ئەوەی هەڵسان بە ئیستیغلالکردنی پێگەی ئەو هۆزانە، ئێمە پێداگیریمان کرد لە سەر بنیاتنانەوەی دەوڵەتی عێراقی لەسەر بنەمای دامەزراوەی پێشکەوتوو و هاوچەرخ، بەڵام ئەم شێوازانە دەبنە هۆی لەبەریەکهەڵوەشاندنی بونیادی کۆمەڵگە و دەوڵەتی عێراق. ئەمەریکا لە پێناو هێنانەدی بەرژەوەندییەکانی خۆیدا هەڵدەستێت بە خولقاندنی دامەزراوە ناحکومی، نارەسمی، نایاسایی و ناشەرعییەکان بۆ ئەوەی باشتر بتوانێت باڵادەست بێت بەسەر هەلومەرجی عێراقدا، لەبەر ئەوەی لە حاڵەتی دروستبوونی دامەزراوە شەرعییەکان و یەکگرتنی عێراقییەکاندا سەقامگیریش دەچەسپێت و ئەو کاتە بە ئاسانی ئەمەریکا ناتوانێت کۆنترۆڵی عێراق بکات.

*** ئێوە وەك کوتلەی سەدر هەڵوێستی راشکاوانەی ئێوە چییە لە ئاست ئاوێتەکردنی چەکدارانی سەحوە لە هێزە ئەمنییەکانی عێراقدا؟**

- سەرەتا دەبێت لێکۆڵینەوە لە پێشبینەی ئەو کەسانە بکرێت و ئەوانەی ستەم و تاوانیان کردووە دژی عێراقییەکان دووربخرێنەوە. دواتر ئاوێتەکردنی ئەو چەکدارانە لە ناوچە تێکەڵەکاندا دەبێتە هۆی قوڵکردنەوەی گیانی تائیفەگەری. بەڵام لە هەندێ ناوچەی سوننەنشیندا کە ئەم چەکدارانە رۆڵێکی باشیان بینیوە لە باشترکردنی بارودۆخەکەدا دەکرێت ئاوێتەی دامەزراوە مەدەنییەکان بکرێن، بەڵام ئەگەر لە ڕووی سەربازییەوە شایستە بوون دەکرێت هەندێکیان ئاوێتەی دەزگا مەدەنییەکان بکرێن.



**ئاوێتەکردنی چەکدارانی ئەم ئەنجوومەنانە لە سوپادا دوای لێکۆڵینەوەی لە شایستەییان کارێکی باشە. بەڵام ئەو ئەنجوومانەی لە ناوچە تێکەڵاوەکاندا هەن، بۆ نموونە ئەو ناوچانەی کورد و عەرەب، یان شیعە و سوونەی تێدا نیشتەجێن، ئەوا دەرئەنجامی باشی لێناکەوێتەوە، لەبەر ئەوەی هەر لایەک بەهۆی ئیستغلالکردنی بەرگی سەربازییەوە هەڵدەستێت بە خزمەتکردنی بەرژەوەندی تائیفەکەی خۆی**

**ئێمە هەر لە سەرەتاوە کە ئەم جۆرە سەحوانەمان ڕەتکردووە کە لە لایەن ئەمەریکا مووچە و دارابیان بۆ دابین دەکرێت، ئەوەمان راگەیاند ئەم چەکدارانە وەک جاش و بەکرێ گیراو کار دەکەن و ئەمەش مەترسی هەیە لە سەر عێراق**

رۆستی بەربەر  بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی عێراق لە ئامۆژگای ئەمەریکا بۆ ئاشتی بۆ گوڵان:

# من لەو باوەڕەدانیم ئەمەریکا پێی وابێت  خاکی کوردستان لە ژێر هەڕەشەدابێت



**رۆستی بەربەر بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی عێراقە لە ئامۆژگای ئەمەریکا بۆ ئاشتی (USIP) و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و میانگیری و چارەسەرکردنی کێشەکان و بەڕێوەبردنی تەنگژەکان و سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی سیاسی عێراق و مەزندەو ئەگەرەکان بۆ ئایندە رۆستی بەربەر بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

## بەبێ سەرکەوتنی سیاسی سەقامگیری درێژخایەن دروست نابێت

***هەست دەکرێت عێراق بەرەو دەسەڵاتی سەربازی هەنگاو دەنێت و کەمتر بایەخ بە پرۆسە سیاسییەکە دەدرێت، ئایا ئایندەی سیاسی عێراق چ دەبێت ئەگەر پرۆسە سیاسییەکە پشتگوێ خرا؟**

- بێ رێککەوتن و نوێنەرایەتی سیاسی ناتوانرێت سەقامگیری درێژخایەن لە وڵاتدا جێگیر بکرێت. دەستکەوتە ئەمنییەکانی شەش مانگی رابردوو گەورە و بەرچاون، بەڵام بۆ ئەوەی ببنە دەستکەوتی جێگیر و درێژخایەن دەبێت لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان کە پێشتر پەراوێز کرابوون دەرفەتی بەشداری کردنیان لە پرۆسەکەدا پێ بدرێت. ئەمە گرنگییەکی تایبەتی هەیە بە هۆی نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنی پارێزگا و هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی ساڵی ٢٠٠٩ەوە.

*** بەڵام ئەوە بەدی دەکەین کە لە سەر ئاستی ئاسایش هێشتا رووداوە تیرۆریستییەکان کۆنترۆڵ نەکراو، کەواتە لە وڵاتێکدا کە خاوەنی حکومەتێکی نەتەوەی نییە و رۆژ لە دوای رۆژ تیرۆر لە پەرەسەندندایە، ئایا چۆن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەتوانێت بانگەشەی سەرکەوتن بکات؟**

- دەبێت پرسیارەکەی ئێوە لە سیاقی چوار ساڵی رابردوودا سەیر بکرێت کە توندوتیژی رۆژانە گەیشتە ئاستێکی مەترسیدار، بەڵام ئاستی هێرشەکان بۆ سەر هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و هێزە عێراقییەکان و خەڵکە مەدەنییەکە لە ماوەی ساڵی رابردودا بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزیون، بەڵام تەنانەت فەرماندە سەربازیەکانی ئەمەریکاش باس لەوە دەکەن ئەم سەرکەوتنانە لەرزۆکن، بۆ نموونە، بە هۆی بوونی چالاکییە تیرۆریستییە بەردەوامەکانەوە لە پارێزگای دیالە و دەروبەری موسڵدا. هەر لەبەر ئەمەشە گەیشتن بە رێککەوتنی سیاسی پێویستییەکی بەپەلەیە.

*** زۆرێك لە چاودێران ئاماژە بە ئەوپەڕی پشتیوانیکردنی دەکەن لە لایەن ئەمەریکاوە بۆ حکومەتی عێراقی بە سەرۆکایەتی مالیکی، هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی سەرۆك وەزیران لە پێگەیەکدا بێت هەڕەشە لە دیموکراسی عێراق بکات، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ئەمەریکا پاڵپشتی حکومەتێك دەکان کە بەرەو دیموکراسی هەنگاو نانێت؟**

- حکومەتەکەی مالیکی حکومەتێکی شەرعییە و ئەمەریکا ناچارە مامەڵەی لەگەڵدا بکات، لەبەرئەوەی رێگاچارەی زۆری لەبەردەمدا نییە لەم مەسەلەیەدا. ئەو پرسیارەی باشترە بکرێت ئەمەیە: ئایا ئەمەریکییەکان چ دەسەڵات و دەستڕویشتویەکیان هەیە بۆ ئەوەی بتوانن هەڵبستن بە هاندانی حکومەتەکەی مالیکی بۆ ئەوەی پتر هەنگاو بەرەو دانوستاندنی سیاسی بنێت لەگەڵ رکابەرەکانیدا؟

***بەڵام ئێران پشتگیری لە مالیکی دەکات بۆ ئەوی فشار لەسەر کوردەکان دروست بکات و ئەمەریکاش تەنها چاودێری دەکات، کەواتە بە پێی تیڕوانینی ئێوە بۆچی ئەمەریکا هەڵوێستی بێدەنگی هەڵبژاردووە لەم هەم و مەرجەدا؟**

- ئەمەریکا دەستڕویشتویەکی زۆری نییە بۆ ئەوەی هەڵبستێت بە ناچارکردنی حکومەتەکەی مالیکی بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی دیاری کراو مامەڵە لەگەڵ ئێران یاخود پێکهاتەی کوردەکاندا بکات، ئەگەر ئەم دەستڕویشتویەشی هەبێت نابێت بەو شێوەیە بەکاری بهێنێت. لەبەرئەوەی لە کۆتاییدا، عێراقییەکان خۆیان بڕیاری ئەوە دەدەن چۆن ناکۆکییە ناوخۆیەکانیان یەکلابکەنەوە__ ئەمەریکییەکان دەستێوەردان ناکەن تەنها ئەگەر بڕیارێك بدرێت کاریگەری راستەوخۆی هەبێت بۆ سەر ئاسایش و سەقامگیری.

*** ئایا تا چ رادەیەك وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئامادەیە هاوکاری کوردەکان بکات بۆ رەواندنەوەی ئەم هەڕەشەیە؟**

- بە دڵنیاییەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان سەقامگیرترین بەشی عێراقە، هەرچەندە ناوچەکانی نەینەوا کەرکوك و تەنانەت هەندێ ناوچەی دیالە ناکۆکییەکان لەسەرە و بۆی هەیە ببنە هۆی ناسەقامگیرکردنی وڵاتەکە. لە حاڵەتی کەرکوکدا، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کێشەکەی ئیحالەی نەتەوە یەکگرتووەکان کردووە کە لە پێگەیەکی باشتردایە بۆ ئەوەی یارمەتی پێکهاتە ئیتنییە جیاوازەکانی ئەو شارە بدات بۆ ئەوەی بگەنە رێککەوتنێکی سیاسی. من لەو باوەڕەدانیم ئەمەریکا پێی وابێت خاکی کوردستان لە ژێر هەڕەشەدابێت، هەرچەندە نیگەرانە لە بارەی ئەو ناوچانەی ناکۆکییان لەسەرە وەك کەرکوك و ئەمەریکا خوازیارە عەرەب، تروکمان و کوردەکان بە هاوکاری نەتەوە یەکگرتووەکان بگەنە رێککەوتن.

*** کەواتە بۆچی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا رژێمی سەددامی روخاند و ئێستا رژێمێکی دیکتاتۆری نوێ دەخوڵقێنێت؟**

- باش بێت یان خراپ، حکومەتی مالیکی حکومەتێکی هەڵبژێردراوە، لەبەرئەوە پێموانییە وەسفکردنێکی وورد بێت کاتێك دەڵێن ئەمەریکا دیکتاتۆرێکی نوێ لە بەغدا «دەخوڵقێنێت». لەوەش زیاتر کوردستان ئەو بەرپرسانەی هەڵبژاردووە کە بەشێکن لە حکومەتی مەرکەزی، کەواتە لەسەر ئاستی نەتەوەی کوردستان نوێنەری خۆی هەیە. ئەوەی زیاتر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نیگەران دەکات ئەوەیە لۆژێك و سیاسەتی هێز بگەڕێتەوە لە بری لە خۆگرتنی تێکڕای لایەنەکان، بە شێوەیەك هەندێ لە لایەنە سیاسییەکان لە پرۆسە سیاسیەکەدا پەراوێز بکرێن.

ستیڤن داڤیس پسپۆڕ و تایبەتمەند لە سەر عێراق بۆ گوڵان:

# زۆرێک لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست باوەڕیان وایە ئەمەریکا خوازیاری هەرچییەک بێت، دەتوانێت ئەنجامی بدات بەڵام لە ڕاستیدا بەو شێوەیە نییە



■ ■ ■

**پرۆفیسۆر ستیڤن ئار داڤیس ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی جۆنس هۆپکین و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر عێراق و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ئاسایشی نێودەوڵەتی و هەروەها پسپۆرە لە ڕێگرتنی لە بڵاوبوونەوەی چەکی کۆکوژ لە جیهاندا، کە بێگومان عێراقی پێش ساڵی ٢٠٠٣ یەکێك بووە لەو دەوڵەتانەی کە بەهۆی چەکە کۆکوژەکانییەوە هەرەشەی لە هەموو جیهان دەکرد، ستیڤن داڤیس لەم دیدارەی گوڵاندا زیاتر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پرۆسەی سیاسی عێراق لە قۆناخی چەقبەستندایەو ئەگەر ئەمەریکا بیەوێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، ئەوا دەبێت هەوڵبدات ئەو پرۆسەیە بەرەو سەرکەوتن ببات، ئەمەش دەقی لێدوانەکەیەتی بۆ گوڵان:**

■ ■ ■

## بەرەوپێشچوونی پرۆسە سیاسییەکەی عیراق لە ئاستی چاوەڕوانی و ئومێددا نییە

***دوای جێبەجێکردنی ستراتیژییەتی زیادکردنی هێزەکان، هەست دەکرێت عێراق بەرەو دەسەڵاتی سەربازی هەنگاو دەنێت و کەمتر بایەخ بە پرۆسە سیاسیەکە دەدرێت، ئایا ئایندەی سیاسی عێراق چ دەبێت ئەگەر پرۆسە سیاسیەکە پشتگوێ خرا؟**

- بە دڵنیاییەوە من ئومێدی ئەوە دەخوازم عێراق ئایندەیەکی سەقامگیری هەبێت، بەڵام بەرەوپێشچوونی پرۆسە سیاسیەکە لە ئاستی چاوەڕوانی و ئومێددا نییە، ئێمە خوازیاری ئەوەین کورد و سوننە و شیعەکان پێکەوە و بە شێوەیەکی ئاشتیانە بژین، بەڵام ئاماژەگەلێکی ڕوون بەدی ناکەین لەم ڕووەوە. هەرێمی کوردستانی عێراق سەقامگیرە، بەڵام گیروگرفتێگی زۆر هەیە لە بەشەکانی دیکەی وڵاتەکەدا.

## هێشتا مەترسی لە دەستچوونی دەستکەوتەکانی عێراق لە ئارادایە

*** چۆن بارودۆخی ئێستای عێراق و سیاسەتی ئەمەریکا لەو وڵاتەدا هەڵدەسەنگێنیت؟**

جۆرێك لە سەقامگیری لە بارودۆخەکەدا هاتۆتە ئاراوە و ئاستی توندوتیژی کەم بۆتەوە، بۆ نمونە، هێرشەکان لە دژی هێزەکانی ئەمەریکا کەم بونەتەوە، ئاستی شەڕ و توندوتیژی نێوان گروپە تائیفیەکانی وڵاتەکە دابەزیوە، بەڵام هێشتا و کار و کۆششێکی زۆر ماوە بکرێت، من هۆکاری باشتربوونی ڕەوشی ئاسایش بۆ ستراتیجیەتی زیادکردنی هێزەکانی ئەمەریکا، دروست بوونی ئەنجومەنەکانی سەحوە و ڕاگرتنی چالاکییە سەربازییەکانی سوپای مەهدی کە سەر بە ڕەوتی سەدرە دەگەڕێنمەوە. بەڵام هێشتا مەترسی لە دەستچوونی ئەو دەستکەوتانە لە ئارادایە.

## ئەگەری ئەوە هەیە تێکڕای ئەو دەستکەوتانە بەدەستهاتوون لە شەو و ڕۆژێکدا لە دەست بچن

*** بە پێی هەندێ لە هەواڵەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئەمەریکا، ستراتیژییەتی زیادکردنی هێزەکان تەنها پەیوەست بووە بە لایەنی سەربازییەوە لە پێناو دابینکردنی ئاسایشدا، بەڵام ئەوە بەدی دەکەین کە لە سەر ئاستی ئاسایش هێشتا ڕووداوە تیرۆریستییەکان کۆنترۆڵ نەکراو، کەواتە لە وڵاتێکدا کە خاوەنی حکومەتێکی نەتەوەی نییە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تیرۆر لە پەرەسەندندایە، ئایا چۆن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەتوانێت بانگەشەی سەرکەوتن بکات؟**

- ئێمە تا ئێستا سەرکەوتنمان بەدەست نەهێناوە لە عێراقدا، من نازانم پێناسەی سەرکەوتن چییە جگە لەوەی بریتییە لە عێراقێکی سەقامگیر، کە خەڵکەکە نیگەرانی و مەترسیان نەبێت لە توندوتیژی و عێراق نەبێتە سەرچاوەی هەڕەشە بۆ دەوڵەتە دراوسێکانی. هێشتا ڕێگایەکی دور و درێژمان لە پێشە بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجانە، ڕاستە چەند هەنگاوێك نراون کە جێی ئومێدن، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە تێکڕای ئەم دەستکەوتانە لە شەو و ڕۆژێکدا لە دەست بچن. ئەگەر من لە جێی کوردەکان بم، خۆم بە دوور دەگرم لەو گیروگرفتانە و هێزی سەربازی خۆم بە تۆکمەی دەهێڵمەوە و لە ئامادەباشیدا دەبم بۆ هەر حاڵەتێکی لە ناکاو و خۆم لەو توندوتیژییەوە ناگلێنم کە بەشەکانی دیکەی وڵاتەکەی گرتۆتەوە. من هاوسۆزییەکی زۆر هەیە بۆ کوردەکان، کوردەکان پتر لە فەلەستینیەکان دووچاری پێشێلکاری و پشتگوێخستن بوونەتەوە لە ناوچەکەدا، ئەگەر نەتەوەیەك هەبێت شایستەی ئەوەبێت دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی هەبێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەو نەتەوەیە کوردەکانن. جێی داخە زۆرێك لە دەوڵەتان پشتیان لە کوردەکان کردووە و بەڵێنەکانی خۆیان شکاندووە لە ئاست ئەو نەتەوەیەدا، لەبەر ئەوە ئاسوودەم کاتێك دەبینم کوردەکان توانیویانە ئاستێك لە ئاسایش و سەقامگیری بۆ خۆیان دابین بکەن.

*** زۆرێك لە چاودێران ئاماژە بە ئەوپەڕی پشتیوانیکردنی دەکەن لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە بۆ حکومەتی عێراقی بە سەرۆکایەتی مالیکی، هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی سەرۆك وەزیران لە پێگەیەکدا بێت هەڕەشە لە دیموکراسی عێراق بکات، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ئەمەریکا پاڵپشتی حکومەتێك دەکان کە بەرەو دیموکراسی هەنگاو نانێت؟**

- مەزەندەی من ئەوەیە ئەمە باشترین ڕێگاچارەیە لەم ساتەوەختەدا، دیموکراسیەتێکی زۆر کە دەرفەت بە تێکڕای لایەنەکان بدرێت بۆ ئەوەی خوازیاری هەرچیەك بن ئەنجام بدەن، سەردەکێشێت بۆ پشیوی.

*** مێژووی سیاسیی عێراق، مێژوی کودەتا سەربازیەکانە و ئێستا نیگەرانی ئەوە هەیە دووبارە ئەم حاڵەتە ڕووبداتەوە، تێڕوانینی ئێوە چیە لەم ڕووەوە؟**

- من پێشبینی ڕوودانی کودەتای سەربازی ناکەم، لە ڕاستیدا لە ماوەی سی ساڵدا لە دوای گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن سەددام حوسێنەوە کۆتایی بە ڕوودانی حاڵەتی کودەتا هات، کە من ئومێدەوارم بۆ یەکجاری کۆتای هاتبێت.

*** تەنها ڕەهەندێك بتوانێت ئاماژە بێت بۆ سەرکەوتنەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا بریتیە لە هەرێمی ئارام و سەقامگیری کوردستان، بەڵام لە لایەکی دیکەوە ئێران ڕۆڵێکی کارا دەبینێت لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا، تەنانەت ئەو ناکۆکییەی لە نێوان حکومەتی عێراقی و کوردەکاندا هەیە بە دەرئەنجامی دەستێوەردانی ئێران دادەنرێت، بۆ نموونە، ئێران پشتگیری لە مالیکی دەکات بۆ ئەوی فشار لەسەر کوردەکان دروست بکات و ئەمەریکاش تەنها چاودێری دەکات، کەواتە بە پێی تیرڕوانینی ئێوە بۆچی ئەمەریکا هەڵوێستی بێدەنگی هەڵبژاردووە لەم هەم و مەرجەدا؟**

- وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەوڵی کەمکردنەوەی تێوەگلانی خۆی دەدات لە عێراقدا نەك زیادکردنی، لە لایەکی دیکەوە تاوەکو وەك دەوڵەتێکی لاواز لە عێراق بڕوانرێت لە لایەن دەوڵەتە دراوسێکانەوە، ئەوا بەردەوام دەبن لە دەستێوەردان، بە تایبەتی ئێران و سعودیە، ئەوە بەرپرسیارێتی خودی عێراقییەکان خۆیانە کە بەرەی ناوخۆی خۆیان بەهێز بکەن و یەك هەڵوێست بن لە بەرهەڵستی کردنی دەستێوەردانی دەرەکی. من نیگەرانم لەوەی ئێران بە هۆی پەیوەندیەکانییەوە لە گەڵ شیعەکانی عێراقدا، کە زۆرینەن لەو وڵاتەدا، دەستڕۆیشتویەکی زۆری هەبێت لە عێراقدا، ئەمەش نە لەبەرژەوەندی عێراق و نە لە بەرژەوەندی ئەمەریکایە.

*** ئایا سنووردارکردنی دەستێوەردانی دەوڵەتە داوسێکان خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا ناکات؟**

- بەشێك لە کێشەکە ئەوەیە ئێوە قەناعەتتان وایە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەتوانێت ئەو کارە بکات، زۆرێك لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست باوەڕیان وایە ئەمەریکا خوازیاری هەرچیەك بێت، دەتوانێت ئەنجامی بدات. بەڵام لە ڕاستیدا بەو شێوەیە نیە، ئەمەریکا لاوازە، بە تایبەتی ئێمە سەرقاڵی پلاندانانین بۆ ئەوەی عێراق جێبهێڵین، لەبەر ئەوە دەستڕۆشیتوی ئێمە لەو وڵاتەدا سنووردارە.

*** ئایا گەشبینیت بەوەی عێراق لە ئایندەدا بە یەکگرتووی دەمێنێتەوە؟**

نەخێر من لەو ڕووەوە گەشبین نیم.

ولیامسۆن مۆرەی پسپۆر و تایبەتمەند لەسەر مێژووی عێراق بۆ گوڵان:

# ئەمەریکا ناتوانێت لە رووی سەربازییەوە شەڕەکە بباتەوە بۆیە دەبێت سیاسەتمەدارە عێراقییەکان شەڕەکە ببەنەوە



پرۆفیسۆر ولیامسۆن مورەی ئوستادی مێژووە لە زانکۆی یەڵ Yale یەکێکە لە توێژەرەکانی سەنتەری دیراساتی ستراتیژی و تایبەتمەندیشە لەسەر مێژووی سیاسی عێراق بەتایبەتیش مێژووی سەردەمی حکومڕانی سەدام حوسێن ١٩٦٨- ٢٠٠٣،هەربۆیە تێڕوانینەکانی پرۆفیسۆر مۆرەی زیاتر پاشخانێکی مێژووی پێوە دیارە و هەر ئاستی باشی و خراپی حکومڕانی لە عێراقدا بەبەراورد لەگەڵ رژێمی عێراق هەڵدەسەنگێت و لە لێدوانێکی تایبەتیشدا بۆ گوڵان ولیامسۆن بە مجۆرە رای خۆی لەسەر باردۆخی عێراق دەربڕی.

*** زۆرێك لە چاودێران ئاماژە بە ئەوپەڕی پشتیوانیکردنی دەکەن لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە بۆ حکومەتی عێراقی بە سەرۆکایەتی مالیکی، لە کاتێکدا مالیکی سەرقاڵی پێکهێنانی حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز و سوپایەکی بەهێزە، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ئەمەریکا پاڵپشتی حکومەتێك دەکان کە بەرەو دیموکراسی هەنگاو نانێت؟**

- وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا رێگاچارەگەلێکی زۆری لەبەردەستدانییە و دەبێت پشتیوانی لەم حکومەتە بکات، لەبەرئەوەی بە هەڵبژاردن هاتۆتە سەر حوکم، لە لایەکی دیکەوە لە ماوەی داهاتوودا هەڵبژاردنی مەحەلی و نەتەوەی دەکرێت ئەمەش دەبێتە دەرفەتێك بۆ ئەوەی سوونەکان، کە پێشتر بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکاندا نەکردبوو، دووبارە بگەڕێنەوە بۆ گۆڕپانە سیاسییەکە. لە لایەکی دیکەوە بوونی حکومەتێکی مەرکەزی کە تا رادەیەکی دیاریکراو بەهێزبێت پێویستە، ئەگەرنا وڵاتەکە بەرەو دابەشبوون دەچێت.

*** بە پێی هەندێ لە هەواڵەکانی دەزگاکانی راگەیاندنی ئەمەریکا، ستراتیجییەتی زیادکردنی هێزەکان تەنها پەیوەست بووە بە لایەنی سەربازیەوە لە پێناو دابینکردنی ئاسایشدا، بەڵام ئەوە بەدی دەکەین کە لە سەر ئاستی ئاسایش هێشتا رووداوە تیرۆریستییەکان کۆنترۆڵ نەکراو، کەواتە لە وڵاتێکدا کە خاوەنی حکومەتێکی نیشتمانی نییە و رۆژ لە دوای رۆژ تیرۆر لە پەرەسەندندایە، ئایا چۆن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەتوانێت بانگەشەی سەرکەوتن بکات؟**

- من لەو باوەڕەدانیم زۆرێك لە خەڵکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بانگەشەی ئەوە بکەن ئەمەریکا، یاخود حکومەتی عێراقی سەرکەوتنی یەکجاری بەدەستهێناوە. به تێڕوانینی من کەمبوونەوەی ئاستی توندوتیژی لە ماوەی ساڵی رابردوودا هەل و مەرجێکی گونجاوی خوڵقاندووە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە و ناکۆکییە سیاسییەکان لە نێوان سێ پێکهاتە سەرەکیەکەی وڵاتەکەدا و چارەسەرێکی سیاسیش گرنگییەکی بنەڕەتی هەیە بۆ ئاشتی و سەقامگیری درێژخایەن لە عێراقدا. ئەوە تۆخمە سەرەکیەکە، مەبەستم گەیشتنە بە چارەسەرێکی سیاسی، لەبەرئەوەی ئەمەریکا ناتوانێت لە رووی سەربازییەوە شەڕەکە بباتەوە، دەبێت سیاسەتمەدارە عێراقییەکان شەڕەکە ببەنەوە، بەڵام هەروەك تیورزانی سەربازی ئەڵمانی، کلاوتزفیز دەڵێت سیاسەت بەسەر هەمووو شتێکدا زاڵ دەبێت و سروشتی دەوڵەت و پەیوەندی نێوان دەوڵەتان دیاری دەکات و سیاسەت دەبێتە هۆی هەڵگیرساندنی شەڕ. کەواتە سیاسەت بەسەر هەمووو شتێکی دیکەدا باڵادەستە.

*** مێژووی سیاسی عێراق، مێژوی کودەتا سەربازییەکانە و ئێستا نیگەرانی ئەوە هەیە دووبارە ئەم حاڵەتە رووبداتەوە، تێڕوانینی ئێوە چییە لەم رووەوە؟**

- ئەوە راستییەکی روونە کە تاوەکو گرتنەدەستی دەسەڵات لە لایەن سەددامەوە، کە ئەمیش هەڵسا بە سەرکوتکردنی هەموولایەك، ئەوا مێژووی عێراق بریتی بوو لە کودەتا لە دوای کودەتا، دەبێت ووڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە کاتی بنیاتنانەوەی سوپای عێراقیدا ئەم راستییەی لەبەرچاوبێت و بە چەشنێك ئەو سوپایە دابمەزرێنێتەوە کە نەبێتە لایەن لە کێشە سیاسییەکان.

*** تێکڕای دەوڵەتە دراوسێکان هەوڵی دەستێوەردان دەدەن لە کاروباری ناوخۆی عێراقدا، وەك سوریا، ئێران و تورکیا، ئەمەریکاش تەنها چاودێری دەکات، کەواتە بە پێی تیڕوانینی ئێوە بۆچی ئەمەریکا هەڵوێستی بێدەنگی هەڵبژاردووە لەم هەم و مەرجەدا؟**

- من پێم وانییە ئەوە لێکدانەوەیەکی تەواو دروست بێت، لەبەرئەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە روونی بە ئێرانی راگەیاندووە کە دەبێت دەستهەڵگرێت لە دەستێوەردان لە کاروباری عێراق، هەوڵەکانی ئەم دواییەی مالیکیش لە بەسرە لەو چوارچێوەیەدا دەخوێندرێتەوە کە کۆششێك بوو بۆ سنووردارکردنی دەستێوەردانی ئێران، لەبەرئەوەی هەندێ لە لایەنە شیعەکان هەوڵ دەدەن سوود لە دەستڕۆیشتووی ئێران وەربگرن لە عێراقدا بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆیان، من لەو باوەڕەدام تاوەکو هەل و مەرجی سیاسی لە عێراقدا تەواو سەقامگیر نەبێت، ئەوا ئەم دەستێوەردانانە بەردەوام دەبن.

*** تەنها رەهەندێك بتوانێت ئاماژە بێت بۆ سەرکەوتنەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا بریتیە لە هەرێمی ئارام و سەقامگیری کوردستان، بەڵام حاڵی حازر سەقامگیری و ئارامی ئەم هەرێمە لە ژێر هەڕەشەی حکومەتی عێراقیدایە، ئایا تا چ رادەیەك وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئامادەیە هاوکاری کوردەکان بکات بۆ رەواندنەوەی ئەم هەڕەشەیە؟**

- وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ناتوانێت کێشە سیاسییەکانی عێراق چارەسەربکات، ئەمە بەرپرسیارێتی خودی عێراقییەکان خۆیانە. لە لایەکی دیکەوە دەبێت بە چەشنی ئەمەریکا حکومەتی مەرکەزی هەبێت کە تا ئەو رادەیە بەهێز بێت بتوانێت سەقامگیری بسەپێنێت، بەڵام لە هەمان کاتدا شێوەیەك لە فیدراڵی لە ووڵاتەکەدا جێگیر بکرێ، کە سێ گروپە جیاوازەکەی ووڵاتەکە جۆرێك لە سەربەخۆی سیاسیان هەبێت لە هەڵسوڕاندنی کاروبارەکانی خۆیاندا، هەرچەندە شەڕ و ناکۆکییە تائیفییەکان درز و کەلێنیان لە نێوان پێکهاتەکانی وڵاتەکەدا دروستکردووە، بەڵام دەبێت ئەو سێ گروپە سیاسییە جۆرێك لە تەبای و یەکگرتووی لە نێو خۆیاندا بەدی بهێنن.

***بەڵام سروشتی پێکهاتەی دەوڵەتی عێراق بە شێوەیەکە کە گروپە جیاوازەکانی وڵاتەکە ناتوانن پێکەوە بژین، ئەگەر نەتوانرێت عێراق لەسەر بنەمای دیموکراسی و فیدراڵی بنیات بنرێتەوە، ئەوا بۆچی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا رژێمی سەددامی روخاند و ئێستا رژێمێکی دیکتاتۆری نوێ دەخوڵقێنێت؟**

- من گومانم هەیە لەو لێکدانەوەیەی دەڵێت پێکهاتە جیاوازەکان ناتوانن لە چوارچێوەیەکی دیموکراسیدا پێکەوە بژین، ووڵاتی سویسرا کە چەندین نەتەوە و گروپی جیاوازی تێدا دەژی، توانیویەتی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ئاشتی و پێکەوەژیان بچەسپێنێت، لەبەرئەوەی لایەنە جیاوازەکانی وڵاتەکە ئامادەی سازشکردنن لەگەڵ یەکدا، کە دەبێت عێراقییێەکان بە هەمان شێوە هەنگاو بنێن. لە لایەکی دیکەوە دابەشبوونی عێراق دەبێتە هۆی ئەوەی بەشە شیعەکەی وڵات بکەوێتە ژێر باڵادەستی ئێرانەوە، تورکیا و سوریا زاڵ دەبن بەسەر بەشە کوردیەکەیدا و سوونەکانیش دەکەونە ژێر دەستڕۆیشتوی هەموو لایەکەوە.

***ئایا گەشبینیت بە ئایندەی عێراق و سیاسەتی ئەمەریکا لەم وڵاتەدا؟**

- وەك کەسێکی مێژونووس بۆ من جێی سەرسوڕمان نییە کە ئەرکی ئەمەریکا و عێراقییەکان یەکجار سەختە لە سەرخستنی ئەو پرۆژەیەی لە عێراقدا دەستیان پێکردووە، لەبەرئەوەی من بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لێکۆڵینەوەم لەسەر رژێمی سەددام کردووە، ئەو رژێمە رژێمێکی درندە و دڵڕەق بوو، کێشە و گرفتێکی زۆری بۆ دەوڵەتە دراوسێکانی خوڵقاندا، شەڕی لە دژی ئێران و کوەیت هەڵگیرساند و خەڵکی وڵاتەکەی خۆی سەرکوتکرد، بەڵام رووخاندنی ئەم رژێمە لە ساڵی ٢٠٠٣دا دەرفەتێکی گونجاو بۆ خەڵکی عێراق رەخساند بۆ ئەوەی وڵاتەکەی خۆیان بنیات بنێنەوە و کاریگەرییان هەبێت بۆ سەر تێکڕای ناوچەکە، بەڵام زەحمەتە پێشبینی ئەوە بکەین لە ماوەی دە ساڵی ئایندەدا چ جۆرە سەرکردە و سیاسەتمەدارێك لە وڵاتەدا سەرهەڵدەدەن و بە چ شێوەیەك رەفتار دەکەن. هەروەها من بە ئیعجابەوە لەم کۆششەی ئێوە دەڕوانم بۆ وەگرتنی راو بۆچونی کەسێکی دەرەکی لە سەر باوردۆخی ووڵاتەکەتان و ئەمەش یەکێکە لە جیاوازیە گەورەکان لەگەڵ هەل و مەرجی پێش ساڵی ٢٠٠٣دا.

### کۆلین کاڵ پسپۆڕ و تایبەتمەند لەسەر سیاسەتی ئاسایشی ئەمەریکا بۆ گوڵان:

# ئەمەریکا بەرژەوەندی هەیە لەوەی هەرێمی کوردستان هەرێمێکی ئارام و سەقامگیربێت

### ئەگەر پرۆسە سیاسییەکە بەرەوپێش نەچێت دەسەڵاتێکی تاکڕەوی لە عێراقدا سەرهەڵدەدات

***عێراق بەرەو دەسەڵاتی سەربازی هەنگاو دەنێت و کەمتر بایەخ بە پرۆسە سیاسییەکە دەدرێت، ئایا ئایندەی سیاسی عێراق چ دەبێت ئەگەر پرۆسە سیاسیەکە پشتگوێ خرا؟**

- من ئومێدەوارم پرۆسە سیاسییەکە پشتگوێ نەخرێت و هەڵبژاردنی پارێزگاکان و هەڵبژاردنی پەرلەمانی نوێ ئەنجام بدرێت بۆ نوێکردنەوەی حکومەت و بۆ ئەوەی حکومەت پتر خاوەنی شەرعیەت بێت، ئەوەش راستە ئەگەر پرۆسە سیاسییەکە بەرەوپێش نەچێت، ئەوا یان وڵاتەکە دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ بازنەی توندوتیژی، یاخود دەسەڵاتێکی تاکڕەوی سەرهەڵدەدات لە وڵاتەکەدا.

راستە هێشتا مەترسی لە عێراقدا هەیە، بەڵام رەوشی ئاسایش بە بەراورد بەساڵی ٢٠٠٦ یاخود سەرەتای ٢٠٠٧ بەرەوپێشچووە، ئەو کێشانەی حاڵی حازر هەن بە رێگاچارەی سەربازی چارەسەر ناکرێت و دەبێت چارەسەری سیاسیان بۆ بدۆزرێتەوە، بۆ نموونە دەبێت دەرفەتی زیاتر بۆ سوننەکان برەخسێنرێت بۆ ئەوەی زیاتر بەشداری لە پرۆسە سیاسیەکە و لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا بکەن، دەبێت چەکدارانی ئەنجومەنەکانی سەحوە ئاوێتەی دەزگا ئەمینەکانی وڵاتەکە بکرێن و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەنجام بدرێت. هەروەها دەبێت ئەو گرژی و ئاڵۆزییەی لە نێوان کورد و حکومەتی مەرکەزیدا لە ناوچەکانی پارێزگانی دیالە و کەرکوک و موسڵدا روو لە هەڵکشانە هێور بکرێتەوە.

*** کەواتە پێناسەی سەرکەوتن چییە لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا؟**

- سەرکەوتن لای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بریتییە لە بنیاتنانی عێراقێکی سەقامگیر کە نەبێتە پەناگەیەك بۆ داڵدەدانی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی و پەیوەندی ئاشتیانەی لە گەڵ دەوڵەتە دراوسێکانیدا هەبێت، بە سەرکەوتن لە قەڵەم دەدا. ئەو ستراتیجیەتی ئەمەریکا بە هاوکاری لە گەڵ حکومەتی عێراقدا پیادەی کرد، بووە هۆی دابەزاندنی ئاستی توندوتیژی بە شێوەیەکی بەرچاو، بەڵام هێشتا ناتوانین پێی بڵێین سەرکەوتن، لەبەر ئەوەی زۆرێك لە مەسەلەکان دەبێت لە رووی سیاسیەوە چارەسەر بکرێن. واتە تاوەکو سەقامگیرییەکی درێژخایەن لە عێراقدا نەهێنرێتەدی ئەوا زەحمەتە ئەم بارودۆخەی ئێستا بە سەرکەوتن وەسف بکەین.

### نابێت ئەمەریکا پاڵپشتییەکی بێ قەید و شەرت لە هیچ سەرکردەیەکی عێراق بکات

*** زۆرێك لە چاودێران ئاماژە بە ئەوپەڕی پشتیوانیکردنی دەکەن لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە بۆ حکومەتی عێراقی بە سەرۆکایەتی مالیکی، هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی سەرۆك وەزیران لە پێگەیەکدا بێت هەڕەشە لە دیموکراسی عێراق بکات، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ئەمەریکا پاڵپشتی حکومەتێك دەکات کە بەرەو دیموکراسی هەنگاو نانێت؟**

- تیڕوانینی شەخسی من ئەوەیە دەبێت ئەمەریکا پشتگیری لە پرۆسەی دیموکراسی و پشتگیری لە خەڵکی عێراق بکات، نابێت ئەمەریکا پاڵپشتیەکی بێ قەید و شەرت لە هیچ سەرکردەیەکی عێراق بکات، ئەمەریکا بەرژەوەندی لە بنیاتنانی عێراقێکی ئارام و سەرقامگیردا هەیە. بەرژەوەندی لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و پەرلەماندا هەیە، بۆ ئەوەی حکومەتێك دروست بێت تێکڕای خەڵکی عێراق پشتگیری لێ بکەن.

*** ئێران رۆڵێکی کارا دەبینێت لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا، تەنها ئەو ناکۆکیەی لە نێوان حکومەتی عێراقی و کوردەکاندا هەیە بە دەرئەنجامی دەستێوەردانی ئێران دادەنرێت، بۆ نموونە، ئێران پشتگیری لە مالیکی دەکات بۆ ئەوی فشار لەسەر کوردەکان دروست بکات و ئەمەریکاش تەنها چاودێری دەکات، کەواتە بە پێی تیڕوانینی ئێوە بۆچی ئەمەریکا هەڵوێستی بێدەنگی هەڵبژاردووە لەم هەم و مەرجەدا؟**

- من لەو باوەڕدانیم وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەڵوێستی بێدەنگی هەڵبژاردبێت لە ئاستی دەستێوەردانی ئێراندا، ئەمەریکا ئەو راستییە دەزانێت کە ئێران خاوەنی دەستڕۆیشتویەکی بەرچاوە بەسەر زۆرێك لە لایەنەکانی عێراقەوە نەك تەنها مالیکی، بەڵام ئەمەریکا هێز و کاریگەرییەکی زۆری نیە بۆ راگرتنی دەستڕۆیشتوی ئێران.

وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بەرژەوەندی هەیە لە بوونی عێراقێکی سەقامگیردا و هەوڵیداوە ئەو گرژی و ئاڵۆزییەی لە نێوان کورد و عەرەب و تورکمانەکاندا سەری هەڵداوە چارەسەر بکات. لە لایەکی دیکەوە ئەمەریکا بەرژەوەندی هەیە لەوەی هەرێمی کوردستان هەرێمێکی ئارام و سەقامگیربێت، بەڵام لە هەمان کاتدا نیگەرانە لەوەی هەوڵەکانی هەرێمی کوردستان بۆ درێژکردنەوەی سنوورەکانیان بۆ بەشێك لە پارێزگای نەینەوا و بۆ شاری کەرکوك ببێتە هۆی بارگرژی لە تێکڕای وڵاتەکەدا، هەر بۆیە ئەمەریکا هەوڵ دەدات کێشە و ناکۆکییەکان لە سەر سنووری ئەو ناوچانە بە شێوەیەکی ئاشتییانە یەکلابکرێتەوە.

*** ئەگەر رەشبین بین بە بنیاتنانەوەی عێراق لەسەر بنەمای فیدراڵیزم و دیموکراسی، ئەوا بۆچی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا رژێمی سەددامی روخاند و ئێستا رژێمێکی دیکتاتۆری نوێ دەخوڵقێنێت؟**

- من پێم وانیە سیاسەتی ئەمەریکا بریتی بێت لە پشتگیری کردن لە گەڕاندنەوەی دەسەڵات و رژێمی تاکڕەوی لە عێراقدا. لەسەرەتای شەڕەکەدا ئەمەریکا هەڵە و کەم و کوڕی زۆر بوو، بەڵام هەوڵەکانی ساڵ و نیوی رابردوودا هەندێ لە کێشەکانی کەم کردەوە، هەرچەندە هێشتا دەستکەوتەکان جێگیر نەبوونە و ئەگەری لە دەستچوونیان لێدەکرێت، بەڵام ئەمەریکا پشتگیری لە حکومەتێك دەکات کە خاوەنی شەرعییەت بێت و خەڵکی عێراق پاڵپشتی لێ بکەن. من هیوادارام سەرۆکی نوێ ئەمەریکا و سەرکردایەتی نوێی عێراق لە دوای هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانەوە بتوانن شەراکەتێك بنیات بنێن بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە.

***ئایا گەشبینیت بە ئایندەی عێراق و سیاسەتی ئەمەریکا لەو وڵاتەدا؟**

- من خۆم بە گەشبین نازانم، لەبەر ئەوەی هێشتا بارودۆخەکە ئاڵۆزە و زۆر هۆکار هەن کە دەبنە هۆی دووبارە خراپ بوونەوەی بارودۆخەکە، بەڵام دەرفەتێکی باشتر هەیە، بە بەراورد بە دوو ساڵ پێش ئێستا بۆ ئەوەی عێراقێکی سەقامگیر بنیات بنێین.

*** ئێوە لە وتارێکدا لە گۆڤاری « فۆرن ئەفێرز» باس لەوە دەکەن دەبێت چ کاتێك هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا بکشێنەوە، ئێمە هەمان پرسیار لە ئێوە دەکەین؟**

- لە راستیدا ئەوە مەسەلەیەکە لە میانەی گفتوگۆکانی نێوان عێراقییەکان و ئەمەریکادا بڕیاری لەسەر دەدرێت، هەندێ باس لەوە دەکەن خشتەی کشاندنەوەکە بریتیە لە ساڵی ٢٠١١، بەڵام دەبێت ئەو مەسەلەیە بە هەماهەنگی لە نێوان لایەنی عێراقی و ئەمەریکیدا بڕیاری لەسەر بدرێت.



**پرۆفیسۆر کۆلین کاڵ کە ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی جۆرج تاوەن پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی ئاسایشی ئەمەریکا و یەکێکە لە شرۆڤەوانە ناسراوەکانی ئەمەریکا و بەردەوام لەسەر سیاسەتی ئەمەریکا دیراسەت و توێژینەوەی هەیە و دواین باسیشی لە ژمارەی تەموز و ئابی رابردووی گۆڤاری بە ناوبانگی ئەمەریکی فۆرێن ئەفێرز بە ناونیشانی کەی عێراق بە جێدەهێڵین؟ (When to Leave Iraq) بڵاو کردۆتەوە، پرۆفسیۆر کاڵ کە پێشتریش چەند جاری دیکە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕیوە، جارێکی دیکە سەبارەت بەرەوشی ئێستای عێراق پەیوەندیمان پێوەکردەوە بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستە روو.**